# هەیڤ

بەشی کوردی

یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەیڤ لە ساڵی 2002 دا بڵاوکرایەوە

ژمارە (40) زستانی 2016ز ـ 1437ک

www.haiv.org

خاوەنی ئیمتیاز
نەشئەت غەفور سەعید

سەرنووسەر
د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل

جێگری سەرنووسەر
خالید حەسەن عەلی

بەڕێوەبەری نووسین
هاوژین طالب رضا
009647707601225

راوێژکاری یاسایی
محەمەد رەئووف ئەحمەد
009647701527323

دەستەی نوسەران
١- فارووق رەسووڵ یەحیا
٢- محەمەد حسێن کەریم
٣- د. کاوە فەرەج سەعدون
٤- شەماڵ موفتی
٥- جەمال محەمەد ئەمین
٦- د. دارا گوڵ حامید
٧- د. محمد جمیل الحبال
٨- بەرزان ئەبوبکر
٩- ئەردەڵان ساڵح عەزیز
١٠- محەمەد ئەحمەد سەعید

دیزاین
زانیار ئەنوەر ئەحمەد
zanyarkurdish@gmail.com

پەیوەندی
haivkurdy@gmail.com
www.facebook.com/kurdhaiv

ناونیشان: سلێمانی- شەقامی سەرەکی چوارچرا
بەرامبەر زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی


بسم الله الرحمن الرحيم

# سوپاسنامە

بە ناوی ناوەندەکەمان (ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا) هەروەها بە ناوی بنەماڵەی مامۆستا نەشئەت غەفور سەعید خوای گەورە لێی خۆش بێت، سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین، لە خزم و هاوڕێ و دۆستان و کەسایەتی و نوێنەرانی لایەن و رێکخراو و فەرمانگەکانی کۆمەڵگە، کە هەر لەگەڵ هەواڵی کۆچکردنی مامۆستا هەتا رۆژی پرسە لە شاری سلێمانی هاوخەممان بوون و لە پرسەی مامۆستادا ئامادەبوون و لەگەڵماندا بەشدار بوون. بە تایبەت ئەوانەی کە رێگای دووریان بڕیبوو بۆ بەشداری لە پرسەکە و، ئەو خۆشەویستانەش کە بە تەلەفۆن و ئیمایل و هۆکارە ئەلکترۆنییەکان لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێمی کوردستان هاوخەمی خۆیان دەربڕی و سەرەخۆشییان نارد. سوپاس بۆ گشت لایەك و خوای گەورە لە کەسایەتی و دۆستایەتییان کەم نەکات و پاداشتی چاکەیان بداتەوە لە دنیا و ئاخیرەتدا.

بێگومان وەفاداریی هەمووان بۆ مامۆستا بە شێوەیەکی بەرچاو رەنگدانەوەیە بۆ ماندووبوونی چەندین ساڵەی مامۆستا. هەروەك دیندارى و دڵسۆزیی مامۆستا بۆ نیشتمان و ناوبانگی پاکی، هۆکارێکی گرنگ بوو کە دوور و نزیکی ناسراوانی لە کورد و غەیری کوردیش ئەویان نەك تەنها لە کاتی ژیانیدا بەڵکو لە کاتی مردنیشی هەر لە بیر بێت.

دووبارە سوپاسی هەموو لایەك دەکەین کە وەفاداری خۆیان بەرامبەر مامۆستای پاك و دیندارمان دەربڕی.

ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا
بنەماڵەی مامۆستا


سەبارەت بە قورئان وتوویانە 2
مردنی کتوپڕ و سەرنجێك 4
تەفسیری زانستیی سورەتی ئیخلاس 12
هەنگوین و شیفا 16
نزمکردنەوەی دەنگ و پاراستنی قوڕگ لە نەخۆشی 20
ئیعجازی وشەی (میزان) لە قورئانی پیرۆزدا 40


ئەم گۆڤارە ئایەت و فەرموودەی پیرۆزی تێدایە، پاراستنی پێویستە.

# کۆچی ڕووسووری لە پۆشاکی سپیدا

ن: فارووق ڕەسووڵ یەحیا



### پێش ئەوەی بیناسم، لە لام ئاشنا بوو!

دەسپێکی ساڵانی حەفتای سەدەی پێشوو، بۆ ئێمە و هاوڕێیانی ئەو قۆناغەی تەمەنمان، سەرەتای چاوکرانەوە بوو بە ڕووی ڕابوونی ئیسلامیی نوێ لە سەرتاسەری جیهاندا. بە تایبەت کە چوار ساڵی هودنەی نێوان شۆڕشی میللەتەکەمان و دەوڵەتی ناوەندی، کەشێکی هێمن و ئارامی بۆ گەلێ چالاکی و کرانەوەی جۆراوجۆر هێنابووە گۆڕێ. ئەو دەمە هەر نووسینێکمان بەردەست بکەوتایە لەمەڕ بانگەوازی ئیسلام، هی هەر کات و شوێنێکی دنیا و بە هەر زمانێک بووایە کە لێی تێبگەین، دەمانخوێندەوە. دیارە هەموو یەکێک لەو ئاراستە فیکرییانەی کە لە پشتی ئەو نووسینانەوە بوون، ئاسەواری تایبەت بە خۆیان لە خوێنەرانیاندا بەجێ دەهێشت. خۆ ئەگەر میانەڕەویی هەندێکیان نەبووایە کە هاوسەنگیی فیکری و سلووکیی بۆ پێکدەهێناین، دوور نەبوو پەرگیریی هەندێکی دیکەیان بەرەو ئاقارێکی جیاوازیان ببردینایە.

یەکێک لەو بەرهەمە بەپیتانەی کە لەو ساڵانەدا ئێمەیان بەرەو میانەڕەوی ئاراستە دەکرد، گۆڤاری "التربية الإسلامية" بوو کە لە بەغدا دەردەچوو.

زۆرێک لە ژمارەکانی ئەو گۆڤارەش، کە لەو ماوەیەدا دەگەیشتە دەستمان، وتاری نووسەرێکی لەخۆ دەگرت کە بە ناوی "موفید عەبدوڵڵا" خۆی دەناساند و، لە دووتوێی نووسینەکانیەوە — بە پێی توانای تێگەیشتنمان — بە کەسایەتیی ئەو ئاشنا بووین.

ڕۆژگار هات و ڕۆشت.. هەتا بۆ یەکەم جار دوای زیاتر لە دە ساڵ مامۆستا نەشئەتم لە نزیکەوە ناسی و، زانیم کە "موفید عەبدوڵڵا" ناوی خوازراوی بەڕێزیان بووە لەو قۆناغەی پێشووی ژیانیدا.

### مامۆستا نەشئەتی پەروەردەکار:

لەو بڕوایەدام کە ئەگەر بانگخوازی ئامانجدار لە بانگەوازەکەیدا ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری سەرورمان ﷺ جێبەجێ بکات کە دەفەرموێ: (إن اللّٰه يحب إذا عمل أحدكم عملاً أنْ يُتْقِنَه) ئەوا سەرەوزیادی ئەوە دەبێت کە ببێتە بانگخوازێکی سەرکەوتوو، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات کە بۆ خزمەتکردنی بانگەواز پەل بۆ دەرەوەی بواری کاری خۆی بکێشێت.

بەو ئەندازەیەی کە ئاگاداری ڕووداوەکان بم، دەتوانم بڵێم: مامۆستا نەشئەت — خوا لێی خۆش بێت — نموونەی جێبەجێکاری ئەو فەرموودەیە بووە لە هەر پۆستێکی پەروەردەییدا کە پێی سپێرراوە.

هێندە بەسە کە بزانین دوای ڕاپەڕین و دواتر کشانەوەی دامودەزگاکانی حکوومەتی ناوەندی لە پارێزگاکانی هەرێم، مامۆستا نەشئەت تاقانە بەڕێوەبەری خۆماڵیی دوور لە هەموو جۆرە ئینتیمایەکی سیاسی بوو کە بە شایستەیی یاسایی و کەسیی خۆی ئەرکی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگای سلێمانیی گرتە ئەستۆ، ئەوەش لە دۆخێکدا کە تەلاری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە نەبێت دەنا شتێکی ئەوتۆی نەمابوو بەر شاڵاوی تاڕەوای سووتان و تاڵان و زیان لێدان نەکەوتبێت. بەڵام ئەم مامۆستا خەمخۆرەی کە هەستی بە گەورەیی بەرپرسیارێتییەکەی کردبوو، بە لێبڕانێکی کەموێنە، سەرلەنوێ ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی لە خاڵی سفرەوە دروست کردەوە و، لە ماوەیەکی قیاسیی کەمدا سەرجەم تۆمار و فایلەکانی هەموو بەشەکانی لە بناغەوە دامەزراندەوە.

خۆ هەر هێندەی ڕەنجەکەی هاتەبەر و کارەکەی لەسەر پێ ڕاوەستا و دامودەزگای پەروەردەی خستەوە سەر ڕاستە هێڵی خۆی، لە بریی خەڵاتکردنی ئەم مامۆستا دڵسۆزە مێژوو خاوێنە بە بەرزکردنەوەی پلەی کارگێڕیی، یان بە خانەنشینکردنی شایانی خۆی بە ناونیشانی ئەو پۆستەی کە تیایدا بوو، کەچی ململانێی ئینتیما سیاسییەکان لەپێناو بەدەستهێنانی کورسیی ئامادەکراوی سەر لەنوێ بنیاتنراوی بەڕێوەبەرایەتییەکە، ئەویان بۆ کاری سەرپەرشتیاریی پێشووی گێڕایەوە!

دیارە مێژووی دادپەروەریی "دنیای کاتی" زۆرێک لەو نموونانەی بەخۆیەوە بینیوە و دەیشی بینێت. بەڵام ئومێدەوارین لەو دادپەروەرییەی خوای گەورە کە هیچ چاکە و خراپەیەکی لێ ون نابێت، لە "خانەی هەمیشەیی"دا بە خەڵات و بەخششی فراوانتر و مەزنتر لە هی ئەم دنیایە پاداشتی بداتەوە.

### لە بواری خزمەت بە ئیعجازدا:

لە دەمی ئامادەکاریدا بۆ دامەزراندنی "ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا" سەرجەم ئەندامانی دامەزرێنەر "مامۆستا نەشئەت"مان بە شیاوترین کەس زانی بۆ سەرۆکایەتیی ناوەندەکە، چ لە ڕووی ئەزموونی کارگێڕی و چ لە ڕووی مێژووی درێژخایەنی جەنابیان لە خزمەتی بانگەواز و شارەزاییی لە بابەتەکانی ئیعجازدا. ئیتر لەو بەرواروەوە هەتا کۆچی دوایی لە دنیا و، وێڕای بەرەو سەر چوونی تەمەنیشی، بە گوڕ و تینی لاوێکی خوێن گەرمی چالاک کارەکانی ناوەندی ڕادەپەڕاند. جگە لەوەی کە بەشی عەرەبیی هەموو ژمارەیەکی گۆڤاری "هەیڤ" بە قەڵەم و چاودێریی مامۆستا — خوا لێی خۆش بێت- دەوڵەمەند و بەپێز دەبوو.

لە ڕووی پەیوەندییەکانی ناوەندیشەوە بە دەرەوەی خۆی، بە تایبەت لەگەڵ سەنتەرە زانستی و ڕۆشنبیرییەکان و کەسایەتییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا، مامۆستای ڕەحمەتی پشکی شێری لەو ئەرکەدا بەرکەوتبوو. خۆشەویستیی هەموو یەکێکی ئەوان بۆ خودی مامۆستا و کرانەوەی مامۆستاش بە ڕووی هەمووانداد، هۆکاری سەرەکیی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵ و چالاکییە بەرفراوانە بوو.

### مردنی مەردانە:

هەموومان لەو ڕاستییە دڵنیاین کە لەم دنیایەدا ڕێبوارین. بەڵام ئایا چەند کەسمان هەردەم لە باری ئامادەباشیدایین بۆ ئەو کۆچە بێگومانە؟ مامۆستای بەڕێزمان لە ڕێی نووسینی هەمیشە ئامادەی وەسیەتەکانیەوە سەلماندی کە هەموو ساتێ ئامادەیە بۆ کۆچی چاوەڕوانکراو، هەر بۆیە چاودێریی پەروەردگار لە پاداشتی ئەو ئامادەکارییە ئازایانەیدا مردنێکی مەردانەی پێ بەخشی.

لەگەڵ گەیشتنی هەواڵی وەفاتی، بە کورتە نامەیەک دۆستێکی دێرینەیم لێ ئاگادار کردەوە. دوایی کە بینیم، لێم پرسی: کاردانەوەت بۆ هەواڵەکە چۆن بوو؟ وتی: لە ناخەوە خۆزگەم پێ خواست کە بەو عاقیبەتە خێرییە ڕۆشتووە. پاشان وتی: ئایا دەزانی ئەو مردنە ڕووسوورانەیە پاداشتی چی بوو کە خوای گەورە خەڵاتی کرد؟

وتم: چی؟ وتی: پاداشتی خاوێنیی دڵ و دەروونی مامۆستا نەشئەتی برامان بوو.

وتم: ئەگەر خەڵاتی دوا مەنزڵی ئێرەی بەو جۆرە بوو بێت، دەبێ هی ئەو ڕۆژەی چۆن بێت کە خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرموێت:

﴿يَوۡمَ لَا يَنفَعُ مَالٞ وَلَا بَنُونَ ٨٨ إِلَّا مَنۡ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلۡبٖ سَلِيمٖ ٨٩﴾ الشعراء.

# سەبارەت بە قورئان وتوویانە

## ئەڵقەی حەوتەم



نووسین و ئامادەکردنی: دکتۆر عیمادەدین خەلیل
وەرگێڕانی: فارووق ڕەسووڵ یەحیا
Faruq_r@hotmail.com

### گیب

«سێر هاملْتن ئەلێکزاندەر ڕەسکین گیب Sir Hamilton Alexander Rosskeen Gibb» کەسایەتییەکی ناوداری سکۆتلەندییە و، بە پێشەوای خۆرهەڵاتناسە هاوچەرخەکانی بەریتانیا دادەنرێت. لە ساڵی 1930ز دا بووە بە مامۆستای زمانی عەرەبی لە زانکۆی لەندەن. لە ساڵی 1937ز دا بووە بە مامۆستای زانکۆی ئۆکسفۆرد. ئەندامی دامەزرێنەرە لە کۆڕی زانیاریی میسری. لێ براوە بۆ ئەدەبی عەرەبی و وانەی ئەو ئەدەبەی لە «قوتابخانەی ئادابەکانی خۆرهەڵات» لە لەندەن وتووەتەوە. لە بەرهەمەکانی: «دراسات في الآداب العصرية»، 1926 «الفتوحات الإسلامية في أسيا الوسطى»، «إتجاهات الإسلام المعاصرة». یەکێکە لە نووسەرانی ئینسایکلۆپێدیای ئیسلامی.

### هەندێ لە وتەکانی:

1-«گەر کەسێک ڕای وابێت کە قورئان جەختی زۆری لەسەر کرداری چاکە نەکردووەتەوە، ئێمە بە بەڵگە هەڵەکەی ئەو کەسە دەسەلمێنین و، ئەو پێناسە گشتگیرەی «چاکە»ی بۆ دەهێنین کە لەم ئایەتە مەزنەدا هەیە: ﴿لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا ۖ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ ۗ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾﴾ البقرة.

کەواتە «چاکە» تاجی ئیمانی ڕاستەقینەیە کاتێ کە ئیماندار لە دەرەنجامدا تێدەگات خوای گەورە هەمیشە دەیبینێت. بۆیە ئیماندار لە هەموو بیر و کردارێکیدا بەدەم ئەو بینینەی خواوە دەڕوات»[1].

2-«کەواتە ئەمە ئەو پەیامەیە کە قورئان گەیاندی بە یەکەم دەستەی موسڵمانان و، لەو کاتەوە بەردەوام دەیگەیەنێت بە هەموو نەوەکانی دیکەش. قورئان تۆماری ئەزموونێکی ڕاستەوخۆی زیندووە لە مەیدانی «ئولووهییەت»دا، ئەزموونێکی دوو سەرە: یەکێکیان تەنیای ڕەهایە و، ئەوی دیکەیان پەیوەستە بە کاروبارە گشتییەکانی ژیانەوە و، بانگهێشتێکە بۆ «بەدیهاتوو» بۆ ئەوەی ژیانی خۆی ڕێک بخات، تاکو بتوانێت بەشی خۆی لەو ئەزموونەدا وەربگرێت.

کاتێ موسڵمان بە شوێن فەرمانەکانی قورئاندا دەگەڕێت و تێدەکۆشێت گیانی ڕێنماییەکانی نەک تەنها بە هزر و بیر، بەڵکو بە دڵ و گیانیش تێبگات، ئەوا هەوڵ دەدات کە شتێک لەو بینینە حەدسی و ئەزموونە بەدەست بهێنێت کە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ هەیبوو.

کاکڵەی هەموو ئایەتێکی قورئان لە پێش چاوی موسڵماندا گەورە دەبێت، لەبەر ئەوەی ئیمانی بەوە هەیە کە گوفتاری خوایە.

تەنانەت ئەگەر ئەم ئیمانەش لقێک نەبێت لە بیر و باوەڕەکەی، ئەوا لەو ڕووەوە کە سەرچاوەیەکی زیندووی ئیلهام بەخشین و بینایی ئایینییە، هەر بەهای لای ئەو کەم ناکاتەوە»[2].

3-«ڕاست و ناڕاستیی بەهرەوەرگرتنی ئیسلام لە ئایینەکانی پێش خۆی چەندەش بێت، هەر ئەم ڕاستییە ناگۆڕێت کە: ئەو هەڵوێستە ئایینییانەی قورئان دەری بڕیون و گەیاندوونی بە خەڵک، تەلارێکی ئایینیی نوێ و جیاواز لەخۆ دەگرن»[3].

4-«هەرچەندەش زانایانی دواتر گەشەیان بە زانستێکی «کەلام»ی ئیسلامی و مەنهەجی دا، بەڵام هێشتا ئەوەی پێشتر وتمان هەر ڕاستە کە: جەماوەری موسڵمانان لە چەند گەلێک پێکهاتبوو کە جێبەجێکردنی ڕاستییەکانی ئایین بە مومارەسەیەکی حەدسی، کاریگەرییەکی بەهێزتر و خێراتری لە هەر ئەندازەیەکی وتووێژی عەقڵی و وریایی و کارامەیی، لای ئەوان بەجێ هێشتبوو»[4].

5-«ئێمە هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکەین گەر ڕوانینمان بۆ ئەم بیر و باوەڕە تەنها بە وێنەی ڕوانینمان بێت بۆ ڕێچکەیەکی لاهووتیی ئەوتۆ کە بەشێوەیەکی بۆماوەیی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە لە ماوەی هەزار و سێ سەد ساڵدا هاتبێت و ڕێکوپێک کرابێت. بەڵکو ڕاستی بە پێچەوانەی ئەمەوەیە، دڵنیایی و ئیمانێکی زیندووە کە بەردەوام لە دڵ و گیان و بیری موسڵماناندا تازە دەبێتەوە و جەختی لەسەر دەکرێت کاتێ دیراسەی دەقە پیرۆزەکە دەکرێت.

ڕێبازی ئەهلی سوننەت، کە بە شێوەیەکی گشتی ڕێبازە دەستگرەکەیە بە قورئانەوە، نەیاری وەرگێڕانی قورئانە بۆ زمانە ئیسلامییەکانی تر، هەرچەندەش هەندێ جار لەگەڵ وەرگێڕانی تورکی یان فارسی یان ئوردی و زمانەکانی دیکەشدا پێش چاو دەکەوێت. ئەم هەڵوێستی نەیاری کردنی

وەرگێڕانە پشت بە داوەرییەکی شەرعیی توندوتۆڵ دەبەستێت کە تا ڕادەیەک بەڵگەکانی بە شێوەیەکی «ژیری»یانە دادەڕێژێت و، لەوەشدا پشت بە چەند ڕەچاوکردنێکی دوور لە «ژیری» دەبەستێت.

لە واقیعدا ناتوانرێت بە شێوەیەکی بنەڕەتی تەرجەمە بکرێت، وەک ئەوەی کە شیعری بەرز و بڵند تەرجەمە ناکرێت، چونکە لە تواناڈا نییە کە بە زمانی ئاسایی گوزارشت لە گەوهەری قورئان بکرێت و، ناتوانرێت وێنا و نموونەکانی بە وەرگێڕان دەرببڕرێن. چونکە هەر عەتفێک یان هەر مەجازێک یاخود هەر کارامەییەکی زمانەوانی لە قورئاندا دەبێ بە درێژی لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت هەتا واتاکەی بۆ خوێنەر دەردەکەوێت.

هەروەها قورئان شیرینی و پاراوی و هۆنینێکی ناوازەی ڕێکوپێکی ئەوتۆی هەیە کە ناتوانرێت سنووری بۆ دیاری بکرێت، چونکە ئەو کاریگەرییەی قورئان کە وەک هی کاریگەریی سیحروایە، بیروهزری کەسی بیسەر بۆ وەرگرتنی ڕێنماییەکانی ئامادە و لەسەر پێ دەکات. بێ گومان وەرگێڕانی وشەکانی قورئان بۆ زمانێکی تر، دەیشێوێنێت و زێڕی خالیس دەکات بە سواڵەت»[5].

## کۆبوڵد

«لەیدی ئێڤلین کۆبۆڵد Lady Evelyn Cobbold ئافرەتە وەجاخزادەیەکی سکۆتلەندییە. موسڵمان بووە و خۆی ناوناوە «زەینەب» و، سەردانی حیجاز و حەجی ماڵی خوای کردووە. یاداشتەکانی ئەو گەشتەی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی «حەج بۆ مەککە» لە لەندەن ساڵی 1934ز بڵاو کردووەتەوە، کە بە زمانی عەرەبی بە ناوی «البحث عن الله» چاپ کراوە.

هەندێ لە وتەکانی:

1-«... باسی ئەوەشم کردووە کە لە قورئاندا هاتووە لەبارەی بەدیهێنانی جیهان و، ئەوەش کە چۆن خوای گەورە لە هەموو «جۆر»ێکی بەدیهاتووان «جووت»ێکی دروست کردووە و، کە چۆن زانستی نوێ، دوای چەندین توێژینەوەی دوور و درێژ و لێکۆڵینەوەی ئەوتۆ کە چەند جیلێکی خایاندووە، ئنجا ئەم بۆچوونەی پشت ڕاست کردووەتەوە»[6].

2- «جێدەستی قورئان لەم هەموو پێشکەوتنە شارستانێتییەی ئیسلامدا نکوولیی لێ ناکرێت. چونکە هەر تەنها قورئان عەرەبەکانی هان دا جیهان فەتح بکەن و، ڕێی بۆ ئاسان کردن کە ئیمپراتۆرییەک دابمەزرێنن لەوەی ئەسکەندەری گەورە زیاتر و لە ئیمپراتۆرێتیی ڕۆمیش فراوانتر و بەهێزتر و ئاوەدان تر و شارستانی تر بوو»[7].

3- «لە واقیعدا ڕستەکانی قورئان و ناوازەیی شێوازەکەی شتێکە قەڵەم ناتوانێت وەسف و پێناسەی بکات. بێگومانە کە «وەرگێڕان» جوانی و ڕەنگینی و مۆسیقای وشەکانی ناهێڵێت کە لە هیچ کتێبێکی تردا نییە. لەوانەیە ئەوەی کە «جوهانسن»ی خۆرهەڵاتناس لەم بارەیەوە نووسیویەتی گوزارشتێکی تەواو بێت لە ڕای ڕۆشنبیرانی فەرهەنگ و گەورە بیریارانی. کاتێ کە وتوویەتی:

گەر شیعر نەبێت، کە ئەوەش گومانی تێدایە، چونکە دژوارە مرۆڤ بڵێت: شیعر یان شتێکی تری جگە لەوە. لە ڕاستیدا زۆر لە شیعر گەورەترە. لەگەڵ ئەوەشدا مێژوو نییە و وەسفیش نییە و، بە وێنەی «ئامۆژگاریی چیاکە»ش[8] نییە و، نە زۆر و نە کەم لە کتێبی «بووزییەکان»یش ناچێت. هەروەها چەند وتارێکی فەلسەفیی چەشنی گفتوگۆکانی «ئەفلاتون»یش نییە. بەڵکو دەنگی پێغەمبەرێتییە لە دڵە بڵندەکانەوە دەردەچێت و، لە ڕستەکانیدا جیهانییە و، سوورەت و ئایەتە جیا جیاکانی دارای واتای قووڵن. تەنانەت لە هەموو شوێنێکدا و لە هەموو وڵاتێکدا کە خۆری لێ هەڵدێت دەخوێنرێتەوە»[9].

4-«دکتۆر ماردیل»ی خۆرهەڵاتناسی فەرەنسی کە حکوومەتی فەرەنسا ئەرکی وەرگێڕانی هەندێ سوورەتی قورئانی خستە ئەستۆ، ئاماژەی بۆ ئەو تایبەتکارییانەی قورئان کردووە کە لە هیچ کتێبێکی تری جگە لەودا نییە. وتوویەتی:

سەبارەت بە «شێوازی قورئان» ئەوا شێوازی بەدیهێنەری مەزنە، چونکە ئەو شێوازەی کە قورئان هەیەتی و ئەو کەسەی کە لە پشتی ئەو شێوازەوەیە جگە لە خوا کەسی تر نییە. لە ڕاستی و واقیعدا بەگومان ترینی نووسەرەکان سەریان بۆ دەسەڵات و سیحری قورئان نەوی کرد.

ئەو دەسەڵاتەی کە قورئان هەیەتی بەسەر ملیۆنەها موسڵمانی بڵاو بەسەر ڕووی زەویدا لە ڕادەیەکدایە کە موبەششیرە بیانییەکانی وا لێ کردووە دان بەوەدا بنێن کە مەحاڵە تا ئێستا یەک ڕووداو بسەلمێنرێت کە موسڵمانێک لە ئایینەکەی خۆی پاشگەز بووبێتەوە. چونکە ئەم شێوازەی قورئان کە لە ڕێکوپێکییەکی توندوتۆڵدا ڕەوانیی لێ دەچۆڕێت، کاریگەرییەکی قووڵ لە دەروونی هەر بیسەرێکدا کە لە زمانی عەرەبی تێبگات بەجێ دەهێڵێت. لەبەر ئەوە، هەر هەوڵێک بۆ گواستنەوەی کاریگەریی ئەم پەخشانە ناوازەیە کە هاوشێوەی نەبیستراوە بدرێت بۆ هەر زمانێکی دیکە، هەوڵێکی بێ ئەنجامە»[10].

5- «لە واقیعدا قورئان شێوازی سەرسووڕهێنەری هەیە و جیاوازە لە هۆنراوە و پەخشانی عەرەب. چونکە جوانیی داڕشتنی و، یەکانگیر بوونی وشەکانی و، ڕووەکانی پوختکردنەوەی و، باشیی بڕگەکانی و، جوانیی بەڵگەهێنانەوەکانی و، پێکەوەگونجانی چیرۆکەکانی و، ناوازەیی نموونەکانی و، تایبەتمەندییەکانی جگە لەمانەش، قورئانیان گەیاندووەتە بڵندترینی پلەکانی ڕەوانبێژی و، هێزێکیان بە شێوازەکەی داوە کە دڵان پڕ لە جوانی دەکەن و، خوێنەرەکەشی لێی بێزار نابێت و وتنەوەی چەند جارەش کۆنی ناکات.

قورئان بە ئاسانیی وشەکانی تایبەتمەندە، بە ڕادەیەک کە دەگمەنە وشەیەکی نامۆی تێدا ببینیت. هاوکات لەگەڵ ئاسانییەکەیدا ڕەوان و سازگاریشە، وشەکانی لەگەڵ یەکتردا هاوشێوە و دەست لەملانن، هەست ناکەیت وشەیەکی تێدا بێت بە براکەی بێگانە بێت. جا ئەگەر بەرزیی واتاکانیشی بخەیتە سەر ئەمە، ئەو کاتە پەی بە ڕەوانبێژی و ئیعجازەکەی دەبەیت»[11].

---

پەراوێزەکان:

1- دراسات في حضارة الإسلام: ٢٥٤.

2- هەمان سەرچاوە: ٢٥٤.

3- هەمان سەرچاوە: ٢٥٤ – ٢٥٥.

4- هەمان سەرچاوە: ٢٥٥.

5- الاتجاهات الحديثة في الإسلام: ٣٠- ٣١.

6- البحث عن الله: ٤٥.

7- هەمان سەرچاوە: ٥١.

8- «ئامۆژگاریی چیاکە» بریتییە لە سێ بەندی یەك لە دوای یەکی ئینجیلی مەتتا کە پێی وایە «مەسیح» دروودی لەسەر بێت، لەسەر چیایەك بیست و یەك بابەتی بۆ قوتابیانی خۆی باس کردووە کە کاکڵەی «ئینجیل»ن، تەنانەت کاکڵەی سەرجەم ئامۆژگارییەکانی ئەون بۆ قوتابیانی. (وەرگێڕ).

9- هەمان سەرچاوە: ١١١- ١١٢.

10- هەمان سەرچاوە: ١١٢- ١١٣.

11- هەمان سەرچاوە: ١١٣.



# مردنی کتوپڕ و سەرنجێك

د. دیاری ئەحمەد قەساب/ پسپۆڕی نەشتەرگەری diaryismaeil@yahoo.com

وەك ئاشكرایە سوننەت ڕاڤەكاری قورئانی پیرۆزە و ڕاسپاردەی پێغەمبەری ئازیزمانە ﷺ كە دەست بە هەردووكیانەوە بگرین: (تركت فيكم أمرين لن تضلوا ما تمسكتم بهما: كتاب الله وسنة نبيه) -مالك في الموطأ-. بێگومان ئەویش بۆ سوود و بەختەوەریی ئێمەی موسڵمانە.

قورئان نهێنییەكانی بن نایەن و، ڕوناككەرەوەی ڕێی مرۆڤایەتیە و گرنگی بە بنەماكان و هێڵە گشتیەكان دەدات، ئەگەر چی هەندێك جار ئاماژەی وردیش بدات.. هەر بۆیە پێویستیمان بە ڕاڤەكردنی هەیە، ئەویش لە ڕێی كەسانێكەوە كە مەرجەكانی ڕاڤەكردنیان تیا بەدیهاتبێت، باشترین كەسیش ئەو ڕاڤەیە بكات پێغەمبەرە ﷺ لادانمان لەم بنەمایە زۆر دوورە لە ژیری و دادپەروەریەوە، با هەركەسێك بانگەشەی ئەوەش بكات.

مەرجەكانی وەرگرتنی هەر دەقێك دەبێت ڕەچاو بكرێن، گرنگترینیشیان زنجیرەی نەپچڕاوی سەنەدی ڕیوایەتەكانە. قورئان -ئەوەی لەبەر دەستماندایە- هیچ گومانی تێدا نیە بە ڕیوایەتی موتەواتیر پێمان گەیشتووە.. واتە قورئان هەموو ئایەتەكانی، بە گشت قیرائەت و ڕیوایەت و ڕێگاكانیەوە، هەمووی هەر ڕیوایەتن و لە دووتوێی موصحەفیشدا نوسراوەتەوە.. بەڵام هەمیشە ڕیوایەتكردن تەئكیدترە لەوەی كە نوسراوەتەوە، با ئەگەر ڕێنوسی موصحەف، كە پێی دەوترێت (رسم المصحف) و موافەقەی زمانەوانی عەرەبی مەرجی سەرەكیش بن بۆ دروستیی ڕیوایەتە قورئانیەكان..

بۆ نموونە: ئایەتی (مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ) تەنها دوو قیرائەتی تێدا ڕاستە، ئەوانیش: (مَلِكِ يَوْمِ الدِّينِ) و (مالِكِ يَوْمِ الدِّينِ) ە.. لەگەڵ ئەوەی دەكرێت، لەلایەنی زمانەوانیەوە، بە چەند شێوەیەكی تریش بخوێنرێتەوە و، پێچەوانەی ڕێنوسی موصحەفیش نیە، لەوانە: (مَلِكُ يَوْمِ الدِّينِ) . (مَلِكَ يَوْمِ الدِّينِ) . (مالِكُ يَوْمِ الدِّينِ) . (مالِكَ يَوْمِ الدِّينِ).. بەڵام هیچ ڕیوایەتێك پشڕاستی ئەم شێوازانە ناكات.. هیچ زانایەكیش ناڵێت دەتوانین بەو شێوازانە بیخوێنینەوە، چونكە مەداری دروستیی ڕیوایەتە قورئانیەكان لەسەر دروستیی سەنەدە بە پلەی یەكەم، بەڵكو گرنگترین مەرجە.

وەك دەبینین سەرچاوەی گەورە و یەكەمی دین بە ڕیوایەت پێمان گەیشتووە و، ڕیوایەتیش حەكەمە لەسەر ئەوەی نوسراوە، وەك پێشینانی ئوممەت وتویانە: (لولا الإسناد لقال من شاء ما شاء).. بە هەمان شێوە سوننەتیش هەموویان ڕیوایەتن، تەنها ئەوەیە سوننەت وەك قورئان هەمووی لە دووتوێی كتێبێكدا نەنوسراوەتەوە و، هەمووشی موتەواتیر نین و، ئەو گرنگیەی بە قورئان دراوە هەمان گرنگی بە سوننەت نەدراوە و، دروست و نادروستیان تێدایە.. بەڵام ئەوەی بیەوێت دەتوانێت جیایان بكاتەوە، چونكە زانایانی فەرموودە تەنها فەرموودەیەكیشیان جێ نەهێشتووە بێ تەحقیق و دیراسە كردن..

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي بَعَثَ فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ.... ٢ ﴾ الجمعة. (الكتاب) قورئانە و (الحكمة) ش ئەگەر سوننەت نەبێت چیە!؟ وەك ئایەتەكە ئاماژەی پێ دەدات (يعلمهم): پێغەمبەر ﷺ هەردووكیانی فێری ئوممەتەكەی دەكات، نەشبیستراوە پێغەمبەر ﷺ حیكمەتی فێری ئوممەت كردبێت جگە لە فەرموودەكانی و، جا ئەو حیكمەتەی فێری هاوەڵانی كردووە هەر ئەوە نیە كە دەكەوێتە ژێر پێناسەی سوننەتەوە!؟

قورئان ئاشكرایە و لەبەر دەستمانایە.. وەك وتمان پێویستی بە ڕاڤەی زۆر هەیە، بەڵگەش لەسەر ئەوە پێغەمبەر ﷺ كە قورئان بۆ خۆی دابەزیوە، دوعای فێربوونی تەفسیر بۆ ئامۆزا گەنجەكەی دەكات، وەك ئاماژە بەوە بكات كە پێغەمبەر هەموو تەفسیری بۆ ئوممەتەكەی نەكردووە و، تا دونیا دونیا بێت دەكرێت ڕاڤەی نوێ بۆ قورئان بكرێت، بەڵام -وەك وتمان- كەسی خۆی دەوێت و، دەبێت خوای گەورە موەففەقی بكات، هەر بۆیە دوعای موەففەقیی بۆ عەبدوڵڵای كوڕی عەبباسی

ئامۆژای دەکات: (اللهم فقه في الدين وعلمه التأويل) -صححه الحاكم ووافقه الذهبي-.
ناکرێت زاتێك ٢٣ ساڵ قورئانی بۆ دابەزێت، باشترین زانا نەبێت لەم بوارەدا، لەکاتێکدا ئەو هەمیشە لە ڕێی نیگای ئاسمانەوە ئاگادار کراوە و، پشت بەهێز بووە و، بە ڕووناکی قورئان دڵ ڕۆشن بووە.

کاتێك دەڵێین فەرموودە ڕاڤەی قورئانە، دەبێت یەکەم سەنەدی ڕیوایەتەکان دروست بن.. پاشانیش دیراسەی مەتنەکەی بکرێت.. هەروەها زانینی هۆکاری وتنی ئەو فەرموودەیە.. پاشانیش پۆلێن کردنیان، بەو مانایەی ئەوانەی تەشریعن یان قەزاوەتن، یان وتەی دیکەی ئاسایی مرۆڤانەی پێغەمبەرە ﷺ .

کاتێك سەربووردێك بەناو فەرموودەکاندا دەکەین هەندێك دەق دەبینین پێویستە هەڵوێستەیان لەسەر بکرێت.. باشە پێغەمبەرێکی ڕاستگۆی دانا بۆ ئەو ئاماژانەی کردووە بەو بابەتانە، لە کاتێکدا لەو کاتەدا تا ڕاددەیەکی زۆر نامۆ بوون و لەوانەیە هەندێك نکولیشیان لێ کردبێت..

ئایا لە لایەنی کۆمەڵایەتی یان سیایەوە دەبێت پێغەمبەر چ سوودێکی لەو وتانە بینیبێت؟! خەڵکی ئەو کاتە شارەزاییان لە کۆرپەلەزانیی و پزیشکی و زانست بە گشتی نەبووە، چ پێویست دەکات باسی ئەو بابەتە پزیشکیانەیان بۆ بکرێت؟!

بەڵام دیارە پێغەمبەر ﷺ ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ۝٣ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ۝٤ ﴾ النجم.

پێغەمبەر ﷺ ئەمینترین مرۆڤی سەر زەویە، بۆیە زۆر بە ئەمانەتەوە پەیامەکی دەگەیەنێت، با ئەگەر هەندێکیش گاڵتەیان لێ بێت..

پێغەمبەر ﷺ لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێت: (إن من أمارات الساعة أن يظهر موت الفجأة) -رواه الطبراني في الصغير والاوسط- واتە: (دەرکەوتنی مردنی کتوپڕ لە نیشانەکانی هاتنی ڕۆژی دواییە).. مەبەست پێی نیشانە پچووکەکانی نزیکبوونەوەی هاتنی ڕۆژی دواییە. واتە لە ئایندەدا ڕوودەدەن.

بوونی نیشانەی نزیکبوونەوەی ڕۆژی دوایی خۆی لە خۆیدا نیشانەی خراپیی یان باشیی ناگەیەنێت، واتە مەرج نیە لە فەرموودەکاندا کە باسی نیشانەیەکی کردبێت ئاماژە بێت بۆ خراپیی ئەو ڕووداوە یان ئەو کارە، بەڵکو ئەوانە تەنها ئاماژەن بە چەند ڕووداوێك کە لە پاشەڕۆژدا ڕوودەدەن، کە ئەوانەش مومکن نیە هەموویان ڕاست بن و ئەگەر لە سەرچاوەیەکی بەشەرییەوە بێت، دوور لە ڕووناکی وەحی ئاسمان و زانیاری خوای گەورە کە زانایە بە هەموو نهێنیەکان..

هەروەها بەڵگەی ڕاستی پەیامبەرەکەیەتی.

کاتێکیش ڕووداوەکانی مێژوو و زانستی کەڵەکەبووی مرۆڤ پشتڕاستی ئەو ڕیوایەتانە دەکات، ئەوانە نیشانەی ڕاستیی پەیامبەر و پەیامەکەشە، هاوکات بەڵگەی ڕاستیی ڕیوایەتەکانە.

پێ دەچێت بووترێت: مردنی کتوپڕ هەر هەبووە و لەو سەردەمەشدا کە فەرموودەکە وتراوە خەڵکی زانیویانە و، بەڵکو لەوانەیە لەو سەردەمانەی پێشوودا ئەو جۆرە مردنە زۆرتر باو بووبێت، ئەویش لەبەر نەبوونی هۆکارەکانی پشکنین و چارەسەری پزیشکیی پێشکەوتوو!

بەڵام ئەوەی دەردەکەوێت لە ئامارەکاندا مردنی کتوپڕ لەو ساڵانەی دواییدا زیادیان کردووە، بە تایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، کە ئاماری نەخۆشیەکان تیایاندا زیاتر پێشکەوتووە، چونکە ئەگەر لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا ئەو جۆرە مردنە زۆریش بێت پێ دەچێت بە تەواوی تۆمار نەکرابن.. بەڵکو لەوە زیاتر، وەك دەردەکەوێت مردنی کتوپڕ مۆدێلی مردنی ئەو سەردەمانەی دوایی بێت، نەك سەردەمە پێشینەکان!

## مردنی کتوپڕ چیە؟

مردنی کتوپڕ بەگشتی بە مردنێك دەوترێت کە چاوەڕوانکراو نەبێت ڕوودەدات، بەهۆی تێکچوونی کۆئەندامی دڵ و خوێنبەرەکان لە کەسێکدا کە پێشتر نەخۆشی دڵی نەبووبێت. گۆڕانکاریەکان لە ماوەی کاتژمێرێکدا ڕوودەدەن[1].

ئامارەکان دەڵێن: ساڵانە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٨٠٠٠٠ بۆ ٤٥٠٠٠٠ کەس بە مردنی کتوپڕ دەمرن[2].

تەنها ساڵی ٢٠١١ لە ئەمریکا ٣٢٦٢٠٠ کەس لەدەرەوەی نەخۆشخانە مردوون بە کتوپڕی. ساڵی ٢٠١٤ گەیشتە ٤٢٤٠٠٠، بە پێی (AHA›s Heart and Stroke Statistics).. هەروەها بە پێی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی نەخۆشیەکانی دڵی ئەمریکی (American Heart Association) ساڵی ٢٠٣٠ ژمارەی مردنی کتوپڕ دەگاتە زیاتر لە ٢٣٦٠٠٠٠٠. هەروەها هەموو هەفتەیەك لە بەریتانیا ١٢ گەنج (لە تەمەنی ٣٥ ساڵی و کەمتر) دەمرن، لەکاتێکدا بە ڕووکەش هیچ نەخۆشیەکیان نیە[3].

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیی و پزیشکیی، تا ئێستا ڕێژەیەکی دیار لە هۆکاری ئەو جۆرە مردنانە نەزانراون!

لە توێژینەوەیەك لە هۆڵەندا ساڵی ٢٠٠٩ ڕێژەی ئەوانەی بە مردنی کتوپڕ گیانیان لەدەست داوە ١٫٢٤ لە هەر ١٠٠٠٠٠ کەسدا بووە، لەوانە ٩٪ یان تەنانەت دوای پشکنینیان و توێکاری کردنی لاشەیان دوای مردن هۆکاری مردنەکانیان نەزانراون[4].

هەروەها لە توێژینەوەیەك لە ئەمریکا ساڵی ٢٠١١ لە کۆی ئەوانەی بە کتوپڕیی مردوون ٢٠٫٧٪ یان هۆکاری مردنیان نەزانراون[5].

ماوەتەوە بڵێین تا پتر بە ناو زانست و ڕاستیە زانستیەکاندا قووڵبینەوە پتر ڕاستێتی پێغەمبەرمان ﷺ بۆ دەردەکەوێت و، پتریش متمانەمان بە دینەکەمان بۆ دروست دەبێت و، خۆشەویستیی پەیام و پەیامبەرەکەمان زیاد دەکات..

### سەرچاوەکان:


1-Lopshire JC، Zipes DP. Sudden cardiac death: Better understanding of risks، mechanisms، and treatment. Circulation. 2006; 114: 1134–1136.

2-Lloyd-Jones D، et al، Heart disease and stroke statistics–2010 update: a report from the American Heart Association. Circulation. 2010; 121: e46–e215.

3-The magnitude of sudden cardiac death in the young: a death certificate-based review in England and Wales. Europace 2009 Vol.11، No.10، p1353-1358

4-Sudden death in persons younger than 40 years of age: incidence and causes. Vaartjes I. and others. Eur J Cardiovasc Prev Rehabil. 2009 Oct;16(5):592-6. doi: 10.1097/HJR.0b013e32832d555b.

5-Sudden Death in Young AdultsAn Autopsy-Based Series of a Population Undergoing Active Surveillance. Robert E. Eckart and others،J Am Coll Cardiol. 2011;58(12):1254-1261. doi:10.1016/j.jacc.2011.01.049



# یەکەمین نیشانەی هاتنی ڕۆژی قیامەت هاتنی ئاگرێکی گەورەیە لە (شاری عەدەن)

## شاری عەدەن شایەتییەك بۆ پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ

ن: ئاوارە ئەنوەر قادر

ڕۆژی قیامەت ئەو ڕۆژە زۆر بەڵێن پێ دراوەیە کە هەر دەبێت بێتە پێشەوە چونکە هیچ گومانی تیا نییە: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِۗ وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثٗا ٨٧﴾ النساء. واتە: (جگە لە خودا هیچ شتێك شیاوی پەرستن نییە، بێگومان لە ڕۆژی قیامەتدا کۆتان دەکاتەوە، ئەو ڕۆژەی هیچ گومانی تێدا نییە ئایا کێ قسەی لە قسەی خودا ڕاستترە؟)

ئەم بابەتە ڕاستی هاتنی ڕۆژی قیامەت ڕوون دەکاتەوە بە بەڵگەیەکی زانستی یەکلاکەرەوە، (شاری عەدەن) دووەم گەورەترین شاری وڵاتی یەمەن لە خوارووی نیمچە دوورگەی عەرەبی کە بەسەر کەنداوی عەدەن دەڕوانێت (١٧٠ کم) لە ڕۆژهەڵاتی گەرووی (باب المندب) دوورە، بەشی هەرە زۆری ئەو شارە کەوتۆتە ناو نیمچە دوورگەیەکەوە کە تەنها دەمی زەبەلاحترین گڕکان لەسەر زەوی پێکی هێناوە و، لە ئێستادا کەوتۆتەوە چالاکی واتە بە تەقینەوەی بە گەورەترین لەرزین زەوی دێتە لەرزین و هەرچی هەیە لە ناواخنی زەوی دێتە سەر زەوی، بەمەش دووبارە زەوی وەك ڕابردووی کە بە بە هێزترین بوومەلەرزە زەوی هەژاوە لە ئەنجامیشدا قڵیشی زۆر گەورەی خستووەتە زەوییەوە. لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە: ﴿وَٱلۡأَرۡضِ ذَاتِ ٱلصَّدۡعِ ١٢﴾ الطارق، واتە: (سوێند بە زەوی کە قڵیشی زۆر زەبەلاحی تیایە)، هەر بەم جۆرە لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی دنیا دووبارە زەوی هەمان ڕووداوی بەسەر دێتەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَوۡمَئِذٖ تُحَدِّثُ أَخۡبَارَهَا ٤﴾ الزلزلة. واتە: (دووبارە زەوی هەواڵی خۆی دەگێڕێتەوە و دەکەوێتەوە بوومەلەرزەیەکی زۆر بەهێز ئەویش لە ئەنجامی تەقینەوەی بورکانێکی زۆر گەورە).

گڕکانی عەدەن بە یەکێك لەو (٦ ناوەندی گڕکانی)یە دەژمێردرێت کە دەکەونە سەر یەك هێڵی گڕکانی و لە گەرووی (باب المندب) لە دەروازەی خوارووی دەریای سوور تاوەکو شاری عەدەن درێژ دەبێتەوە، لەم دواییانەشدا یەکێك لەو ناوەندانە لە چیای (الطیر) بە درێژایی تەنیشت دەریای سوور چالاك بووە، شاری عەدەن هەر لە کۆنەوە گرنگییەکی زۆری بازرگانی هەبووە بە تایبەت لە سەردەمی عوسمانییەکان و پاش داگیرکردنی لەلایەن بەریتانیا زۆر سوودی لێوەرگیراوە وەك ڕێڕەوی بازرگانی بۆ وڵاتی هیندستان بۆیە ئەم شارەیان زیاتر بەرفراوان کرد و ئاوەدانیان کردەوە کاتێکیش سەردەمی فڕۆکە هاتە کایەوە ئینگلیزەکان بوونە یەکەم کەسانێ کە پێی بزانن ئەم شارە بونیاتنراوە لە ناو دەمی زەبەلاحترین گڕکان لەسەر زەوی.

لە ساڵی ١٩٦٤ لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە (پرۆفیسۆر دکتۆر لان گراهام گاس) کە شارەزای زانستی زەویناسییە ڕاسپێردرا بۆ لێکۆڵینەوە لە گڕکانی زەبەلاحی شاری عەدەن، سەرەنجام دوای لێکۆڵینەوە دەڵێت: «هەموو ئەو گڕکانانەی کە لەم سەر زەوییە هەن لە چاو گڕکانی شاری عەدەن هیچ نین تەنها وەك یاری ئاگرینن».

ئەمەش ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرمان ﷺ بیردەخاتەوە کە، ئاماژەی بۆ وڵاتی یەمەن کردووە و فەرموویەتی: (لەوێوە قیامەت دێت ئاگرێکی زۆر گەورە دێت خەڵکی ڕاپێچ دەکات و کۆیان دەکاتەوە لە وڵاتی شام پاشان لەلایەن فریشتەی خاوەن دەسەڵات (ئیسرافیل) فوو دەکرێ بە کەڕەنا (شەیپور) خەڵکی هەموو

ڕۆحیان دەکێشرێ وەك کۆتا نیشانەی گەورەی کۆتایی دنیا و سەرەتا نیشانەی ڕۆژی قیامەت).

«عن حذيفة بن أسيد الغفاري قال: أطلع النبيﷺ علينا ونحن نتذاكر، فقال ما تذكرون؟ قالوا: نذكر الساعة، قال: إنها لن تقوم حتى تروا قبلها عشر آيات، فذكر (الدخان والدجال والدابة وطلوع الشمس من مغربها ونزول عيسى بن مريم ويأجوج ومأجوج وثلاثة خسوف (خسف بالمشرق وخسف بالمغرب وخسف بجزيرة العرب) وآخر ذلك نار تخرج من اليمن تطرد الناس إلى محشرهم» رواه مسلم ٤١٨٢.

هاوەڵی بەڕێز (حذيفة بن أسيد الغفاري) دەڵێ: پێغەمبەرﷺ هات بۆ لامان لەکاتێکدا قسەمان دەکرد دەربارەی هاتنی ڕۆژی قیامەت، پێغەمبەر فەرمووی ئەوە باسی چی دەکەن؟ وتیان باسی قیامەت دەکەین، پێغەمبەر باسی نیشانە گەورەکانی بۆ کردن فەرمووی: ژیان لەسەر زەوی کۆتایی نایەت هەتاوەکو ئەم نیشانە گەورانە ڕوونەدەن کە ئەمانەن:

١- الدخان: ڕووداوی دووکەڵێکی چڕ کە تەواوی ئاسمان دەگرێتەوە کە پێدەچێ کلکدارێك بە لای زەوی تێپەڕ ببێت.

٢- الدجال: بە درێژی لە فەرموودەی سەحیحی ئیمامی موسلیم ژمارە ٢٩٤٢ باسکراوە.

٣- الدابة: زیندەوەرێکی زۆر سەیرە قسە لەگەڵ خەڵك دەکات دەستنیشانی خەڵکی دەکات کێ کافر و کێ موسڵمانە، دواتر باوەڕهێنان سوودی نامێنێت.

٤- هەڵاتنی خۆر لە خۆرئاواوە: دەزگای گەردوونی ئەمەریکا (ناسا) هۆشداری داوە سەبارەت بە ڕاستی ئەم ڕووداوە.

٥- (نزول عيسى): هاتنەوە سەر زەوی پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای گەورەی لێبێت) بۆ کوشتنی دەجال، بەم نیشانەیەش باوەڕهێنان وەرناگیرێت.

٦- (يأجوج و مأجوج): دوای دابەزینی عیسا پێغەمبەر ئەم قەومە بەربەستەکەی پاشا (ذو القرنين) تێدەپەڕێنن بە ئیزنی خوا، ژمارەیان ئەوەندە زۆرە وەك دەریا شەپۆل دەدەن و کەس ناتوانێت بجەنگێ لە گەڵیاندا.

٧- ڕۆچوونی گەورە لە خۆرهەڵاتی زەوی.

٨- ڕۆچوونی گەورە لە خۆرئاوای زەوی.

٩- ڕۆچوونی گەورە لە نیمچە دورگەی عەرەب.

١٠- ئاگرێکی زۆر گەورە لە (وڵاتی یەمەن) کە زۆر زەبەلاح و ترسناکە لە ئێستادا کەوتۆتە چالاکی واتە قیامەت نزیکە.

لە فەرموودەیەکی دیکە شوێنی دەرچوونی ئەو ئاگرە گەورە زۆر وردتر دەستنیشانکراوە کە شاری (عەدەن)ە، لەوەش وردتر دەستنیشانکراوە دەمی گڕکانەکە کەوتۆتە خوارووی شارەکە واتە گڕکانەکە لەو پەڕی خوارووی نیمچە دورگەی عەرەبە (نار تخرج من (قعر عدن) ترحل الناس...) صحیح مسلم، واتە: (کۆتا نیشانەی گەورەی کۆتایی دنیا ئاگرێکە دێتە دەرەوە لە دەمی شاخە ئاگری شاری عەدەن خەڵکی ڕاپێچ دەکات تا کۆیان بکاتەوە لە شام).

وشەی (قعر) وردترین وەسفی جوگرافییە بۆ شاخە ئاگری شاری عەدەن بە مانای دوو شتی گرنگ دێت کەوتنە ناو بۆشایی نزمترین شوێن وەك دەوترێ (في قعر الفم) واتە کەوتۆتە ناو قوڵایی دەم. لەگەڵ ئەوپەڕی دووری: شارە گڕکانییەکەی و کاتی یەمەن کەوتۆتە دووترین بەشی خوارووی نیمچە دوورگەی عەرەبی. تەنانەت شارەکە بەشی زۆری دەکەوێتە سەروو قوڵایی دەمی گڕکانەکە لەسەر زەریا.

خوای گەورە لە سورەتی (الزلزال) باسی بوومەلەرزەی ڕۆژی قیامەت دەکات کە هەرچی مادەی تواوە و قورسی ناو سکی زەوییە لە ئاسن و نیکڵ هەمووی خاڵی دەبێتەوە و دێتە سەر زەوی: ﴿إِذَا زُلۡزِلَتِ ٱلۡأَرۡضُ زِلۡزَالَهَا ۝١ وَأَخۡرَجَتِ ٱلۡأَرۡضُ أَثۡقَالَهَا ۝٢ وَقَالَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَا لَهَا ۝٣ يَوۡمَئِذٖ تُحَدِّثُ أَخۡبَارَهَا ۝٤ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوۡحَىٰ لَهَا ۝٥ يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ أَشۡتَاتٗا لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ ۝٦ فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ ۝٧ وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ ۝٨﴾ الزلزلة، واتە: (قیامەت نزیکبۆوە زەویش بوومەلەرزە و ئاگرە زەبەلاحەکەی بۆ بە پێش هات، هەرچی ماددەی قورس هەیە لە ناو سکی زەوی هاتە دەرەوە، ئینسانەکان لەو ڕۆژەدا بە سەرسوڕمانەوە دەڵێن ئەوە زەوی چی بەسەرهاتووە؟! لەو ڕۆژەدا زەوی دووبارە وەك پێشوو تووشی گەورەترین هەژین و تەقینەوەی گڕکانیی دەبێتەوە بەڵام ئەمجارە هەموو ناوسکی زەوی دێتە دەرەوە، دوای ئەم ڕووداوە گەورەیە لەلایەن فریشتەی بە دەسەڵات (ئیسرافیل) نەفخی یەکەم و دووەم بە کەڕەنا دەکرێت ئینسانەکان زیندوو دەکرێنەوە پۆل پۆل بە ڕێ دەکەون بۆ لێپرسینەوە، هەر کەسێ بە هێندەی بچووکتر لە گەردیلەیەك کردەوەی چاك یان خراپی ئەنجام دابێت دەیبینێتەوە).

ئەم سورەتە بە ئاشکرا ئاماژەیە بۆ ئاگری شاری عەدەن، چونکە ڕاستەوخۆ کۆتای دنیای بە سەرەتای زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە بەستۆتەوە، هەروەها ڕاستییەکی زانستیمان پێ دەڵێت کە بورکانەکان هۆکاری بوومەلەرزە و شەق بوون و لێکترازانی پلێتەکانی زەوین بە جۆرێ یەکەم جار بوومەلەرزە پاشان ڕۆچوون و شەق بوون پاشان تەقینەوەی گڕکانەکان.

هەروەها ئەم ئایەتەش زیاتر پشتگیری سورەتی (الزلزال) دەکات لە باسی گڕکانی شاری عەدەن: ﴿وَإِذَا ٱلۡأَرۡضُ مُدَّتۡ ۝٣ وَأَلۡقَتۡ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتۡ ۝٤ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ۝٥﴾ الانشقاق، واتە (کاتێ زەوی گڕکانە زەبەلاحەکەی قیامەتی بۆ بە پێش هات بەهۆی بەهێزییەکەیەوە ئەم دیاردەی درێژبوونەوە و بەسەریەکداچوونی پلێتەکان) (تمدد لوحات الأرضي) Earth-stretch plate ڕوودەدات، کە بەهۆیەوە زەوی وەك ڕابردوو درزی زەبەلاحی تێدەکەوێت و بە توندی دەهەژێت هەرچی لە ناو سکی زەوی هەیە لە مادەی قورسی وەك نیکڵ و ئاسن لە دەرچەی گڕکانی شاری عەدەن دێتە سەر زەوی تا خاڵی دەبێتەوە.




بێگومان گڕکانی عەدەن بۆیە ئەوەندە زەبەلاح و ترسناکە چونکە تاکە دەرچەیەکی زەوییە بەو زەبەلاحییە ڕاستەوخۆ بە ناو سکی زەوی دەگات و لەو ڕێیەوە هەموو ناو سکی زەوی Earths core دەتوانێت بێتە سەر زەوی.

هەروەها ئەم ئایەتەش زیاتر تەئكید لەم ڕووداوە گەورەی ڕۆژی قیامەت دەكاتەوە چونكە ڕاستەوخۆ دوای ڕووداوی گڕكانە زەبەلاحەكەی شاری عەدەن دەبەستێتەوە بە ڕووداوەكانی دوای زیندووبوونەوە:﴿ كَلَّآ إِذَا دُكَّتِ ٱلۡأَرۡضُ دَكّٗا دَكّٗا ٢١ ﴾ الفجر، واتە: (نەخێر ئەی ئەوانەی باوەشتان كردووە بە دنیا و ستەم لە خەڵك دەكەن ئێوە قیامەتان لەیاد كردووە بە دڵنیاییەوە ڕۆژێ دێت زەوی بوومەلەرزە گەورەكەی بۆ پێش دێت و كاولكارییەكی بێ وێنە ڕوودەدات و زەوی تەخت دەبێت).

﴿ وَإِذَا ٱلۡمَوۡءُۥدَةُ سُئِلَتۡ ٨ ﴾التكویر، واتە: (كاتێ ئاوی دەریا و زەریاكان ئاگردران ئەو كاتەی ڕۆح چۆوە ناو لاشەكان و قیامەت بەرپابوو) ئەم ئایەتەش باسی گڕكانێك دەكات و دەیبەستێتەوە بە سەرەتا نیشانەی قیامەت كە زیندوو بوونەوەیە. لە ئەنجامی گڕ تێبەربوونی دەریا و زەریاكان بێگومان تەقینەوەی هایدرۆجینی ڕوو دەدات چونكە ئاو گۆڕا بۆ گازی ئۆكسجین و هایدرۆجین، لەبەرئەوەی ئۆكسجین یارمەتی سووتان و تەقینەوە دەدات و گازی هایدرۆجینیش قەتیس ماوە بۆیە تەقینەوەی دەریا و زەریاكان ڕوودەدات، پاشان ناوسكی زەوی جێگەی ئەو چاڵ و چۆڵیە دەگرێتەوە كە ئاوی دەریا و زەریاكان پڕی كردبۆوە چونكە شكڵی زەوی شێوە نارێكە و بە نزیكەیی شێوەی هێلكەییە irregular shape. بەم جۆرە هەموو چاڵ و چۆڵی دەریا و زەریاكان پڕبۆوە و ڕێك بۆوە لەگەڵ كیشوەرەكان هەروەها خوای گەورە هەرچی بەرز و نزمی كیشوەرەكانە ڕێك و تەختیان دەكاتەوە بە لێكهەڵوەشاندنی هەموو شاخەكان و پڕكردنەوەی دۆڵ و نشێوەكان پێی، بەم جۆرە هەموو زەوی بووە یەك تەختایی كاكی بەكاكی: ﴿ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡجِبَالِ فَقُلۡ يَنسِفُهَا رَبِّي نَسۡفٗا ١٠٥ فَيَذَرُهَا قَاعٗا صَفۡصَفٗا ١٠٦ لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجٗا وَلَآ أَمۡتٗا ١٠٧ يَوۡمَئِذٖ يَتَّبِعُونَ ٱلدَّاعِيَ لَا عِوَجَ لَهُۥۖ وَخَشَعَتِ ٱلۡأَصۡوَاتُ لِلرَّحۡمَٰنِ فَلَا تَسۡمَعُ إِلَّا هَمۡسٗا ١٠٨ ﴾ طه، واتە: (ئەی محمد پرسیارت لێ دەكەن دەربارەی شاخەكان لە ڕۆژی قیامەت تۆ پێیان بڵێ: شاخەكان لەو ڕۆژەدا خاپوور دەكرێن تا زەوی پێ تەخت بكرێت بە جۆرێ هیچ بەرزی و نزمییەك نابینرێت قیامەت بەرپا بوو خەڵكی زیندوو كرانەوە بەپەلە سەریان لێشێواوە بەرەو لای بانگكەرێ بەرێدەكەون كە هیچ گومانی تیا نییە، لەو ڕۆژەدا خوای گەورە ڕێ بە كەس نادات قسە بكات مەگەر یەكێ خوا ئیزنی بدات و قسەی ڕاست بكات هەر بۆیە تەنها دەنگی هەناسەكان دەبیسترێ).

لە كۆتاییدا سوپاس بۆ خوای گەورە كە دەسەڵات و نیشانەكانیمان بۆ دەسەلمێنێت چونكە بۆ هەموو هەواڵێكی قورئان كاتێك هەیە ڕاستییەكەی بچەسپێ: ﴿ لِّكُلِّ نَبَإٖ مُّسۡتَقَرّٞۚ وَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ٦٧ ﴾ الأنعام، واتە: (بۆ هەر هەواڵێكی قورئان كاتێك هەیە ڕاستییەكەی دەربكەوێت) ئەگەر چی هەندێ جار ماوەیەكی زۆریشی بەسەردا تێپەڕێت بۆ ئاشكرابوونی، ﴿ وَلَتَعۡلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعۡدَ حِينِۭ ٨٨ ﴾ ص، واتە: (بۆ ڕاستی هەر هەواڵێكی ئەم قورئانە كاتێكی هەیە تا ڕاستییەكەی دەركەوێ هەرچەندە هەندێ كات ماوەیەكی زۆریشی بەسەر تێپەڕێت) سەرەڕای ئەمەش هێشتا كەسانێ هەن باوەڕ بە خوای گەورە ناهێنن هەرچەندە ئەم ڕاستیانەش دەبینن بەڵام ئەوان دڵیان ڕەشە پێی نابینن: ﴿ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَتَكُونَ لَهُمۡ قُلُوبٞ يَعۡقِلُونَ بِهَآ أَوۡ ءَاذَانٞ يَسۡمَعُونَ بِهَاۖ فَإِنَّهَا لَا تَعۡمَى ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَلَٰكِن تَعۡمَى ٱلۡقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ ٤٦ ﴾ الحج. واتە: (ئایا ئەو بێباوەڕانە نەگەڕاون بە دوای ڕاستی گەلە پێشینەكان كە بە هۆی بە درۆ خستنەوەی پێغەمبەران لەناوبران تاوەكو پەند وەربگرن و ببنە خاوەن دڵێك كە بە ڕاستی بیر بكاتەوە و ببنە خاوەن گوێیەك حەق ببیستێ، ئەو بێباوەڕانە لە ڕاستیدا ڕاستییەكان دەبینن بەڵام دڵ كوێری و دڵ ڕەشیان ڕێگرە لە باوەڕ هێنانیان هەربۆیە نە دڵیان دەبینێت نە بیردەكاتەوە).

بەڵام خوای گەورە هیچ پێویستی بە باوەڕی ئەو كەسانە نییە تەنانەت ئەگەر هەموو سەر زەوی بێباوەڕ بن.

﴿ وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِن تَكۡفُرُوٓاْ أَنتُمۡ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا فَإِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِيٌّ حَمِيدٌ ٨ ﴾ إبراهیم، واتە: (مووسا فەرمووی ئەی قەومەكەم ئەگەر ئێوە و هەموو سەر زەوی كافر بن ئەوا خوا هیچ پێویستی بە باوەڕی ئێوە نییە و هەمیشە سوپاسكراوە).

**هەیڤ:**

١- یەمەن تاكە وڵاتە لە ناوچەی  نیمچە دورگەی عەرەب و سەرووی ئەفریقا، كە بوركانی تیایە، ئەمەش جێی سەرنجە و بە تەنها ١١ بوركانی هەیە. **سەرچاوە:-**

**دەزگای زانستی ڤۆلكەینۆ دیسكەڤەری تایبەت بە بوركانەكان:**

http://www.volcanodiscovery.com/yemen.html

٢- بوركانەكانی یەمەن لە ڕیزی بوركانە چالاكەكانی جیهان هەژمارد دەكرێت واتە خامۆش نییە و بەردەوام چالاكە بەمەش ئەگەری هەڵقوڵانی لە هەر سات و وەختێكدا هەیە. **سەرچاوە:**

**دەزگای زانستی ڤۆلكەینۆ دیسكەڤەری تایبەت بە بوركانەكان:**

http://www.volcanodiscovery.com/volcano-map.html

٣-ئەگەر بوركانی عەدەن هەڵقوڵێت و بتەقێتەوە زۆر وێرانكەرترە لە زۆربەی بوركانەكانی جیهان و بوركانە چالاكە بەناوبانگەكان چونكە پێكهاتەی بوركانەكەی جیایە لە ئەوانی تر. **سەرچاوە: ئۆكسفۆرد:**

http://petrology.oxfordjournals.org/content/11/3/433.short

٤- لە ساڵی ٢٠١١ بوركانێكی یەمەن لە دەریای سوور بەهۆی چالاكییەوە بە ماوەیەكی كەم دورگەیەكی لەناو ئەم دەریایە دروستكرد كە ئاماژەیەكە بە بەهێزی بوركانەكانی یەمەن و لە ئەگەری تەقینی جگە لە وشكانی چارەنووسی دەریای سوور دەخاتە مەترسییەوە بۆیە ڕوودانی شتی وا نیمچە دورگەی عەرەب ڕەنگە تووشی وێرانكاری بكات. **سەرچاوە: دەیلی مەیل:**

http://www.dailymail.co.uk/sciencetech/article-2079353/Amazing-pictures-Red-Sea-volcanic-eruption-creates-new-land.html

**سەرچاوەكان:**

http://www.universetoday.com/59341/pacific-ring-of-fire/
http://jgslegacy.lyellcollection.org/content/124/1-4/283.abstract
http://volcano.oregonstate.edu/oldroot/volcanoes/krakatau/krakatau.html
https://www.youtube.com/watch?v=yy_FDETScqM
http://www.livescience.com/8809-scientists-volcano-erupt.html

# گۆییەتی زەوی

ن: د.عبدالله المصلح

و: جەمال موحەمەد ئەمین

jamalmhammad@yahoo.com

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّۖ يُكَوِّرُ ٱلَّيۡلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيۡلِۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمًّىۗ أَلَا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفَّٰرُ ٥ ﴾ الزمر.

**بەڵگەی دەقیی:** کاتێك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ يُكَوِّرُ ٱلَّيۡلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيۡلِ ﴾، مانای ئەوەیە شەو و ڕۆژ بە دوای یەکدا دێن و بە بەردەوامی شوێنی یەکتر دەگرنەوە، ئەو دیاردەیەش ڕوونادات ئەگەر زەوی گۆیی نەبێت و بە دەوری خۆیدا نەخولێتەوە لە بەرامبەر خۆردا و، بەکارهێنانی فرمانی ڕانەبوردووی (یکور) مانای بەردەوامبوون و نوێ بوونەوە دەگەیەنێت، ئەو وەسفەش لەگەڵ تێڕوانینی زانستیی گەردوونیی ئەمڕۆدا بە تەواوی گونجاوە، زەوی گۆییە و لە بەرامبەر خۆردا بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە.

**ڕاستی زانستی:** تا چەند سەدەیەکیش دوای دابەزاندنی قورئانی پیرۆز ئەو بیرۆکە هەڵە باو بوو گوایە زەوی تەختە و ئاسمان وەك گومەزێك لە هەموو لاکانیەوە دەوری داوە، بەڵام وردە وردە و بە تێپەڕبوونی کات دەرکەوت کە زەوی تەخت نیە، ئەگینا بۆچی کە کەشتیەك لە دوورەوە دێت بەرەو کەنارەکان یەکەم جار چارۆکەکەی دەردەکەوێت و ئینجا کەشتیەکە خۆی، گەشتەکەی ماجەلانیش لە ساڵانی 1519 تا 1522 کە یەکەمین گەشتی دەریایی بوو بە دەوری زەویدا و بە کردار گۆییەتی زەوی سەلماند. لە ئێستادا کە سەردەمی فەزایە بە تەواوی ئەوە ڕوونە کە زەوی گۆییە و ئەگەر وانەبوایە ئەوا لەسەر زەوی تەنها یەك خۆرهەڵاتن و یەك خۆرئاوبوون دەبوو، واتە کاتی خۆرهەڵاتن یەك پارچە سەر ڕووی زەوی ڕووناك دەبوو و کاتی خۆرئاوبوونیش یەکپارچە سەر ڕووی زەوی تاریك دەبوو. لەبەرئەوەی زەوی گۆییە بۆیە کاتێك خۆر هەڵدێت لە سەر خۆرهەڵاتی زەوی ئەوا ئەو ناوچانە ڕووناك دەبنەوە بەڵام ناوچەکانی خۆرئاوای زەوی هەر بە تاریکی دەمێننەوە، هەمان دیاردە دووبارەدەبێتەوە کاتێك خۆر بەسەر خۆرئاوادا هەڵدێت، ئەو دیاردەیەش ڕوونادات ئەگەر زەوی گۆیی نەبێت، ئەگەر بەڕێزت شتێکت ئاڵاند لە گۆیەك ئەوا هەموو لاکانی ئەو گۆیە دادەپۆشیت بەو شتە، هەمان وەسف بۆ زەوی ڕاست دەردەچێت، زەپۆشی زەوی کە بە شێکە لە زەوی خۆی لە هەموو لاکانیەوە بەهۆی هێزی کێشکردنەوە بە زەوییەوە بەستراوە و کە ڕووناکی دێتە ناو ئەو بەرگە زەپۆشەوە گەرد و تەنۆلکەکانی ئەو بەرگە ڕووناکیەکە پەرشدەکەن و، ڕووناکیەکە دەبینرێت بەڵام لە بەشەکەی تری گۆی زەوی ئەوە ڕوونادات ئەوەش بەڵگەی گۆییەتی زەوی دەبێت، ئایەتەکەش باس لەو گۆییەتیەی زەوی دەکات بەخۆی و بەرگە زەپۆشەکەیەوە .

**ڕووی ئیعجاز** : ئەگەر بە وردی سەرنجی مانای دەقی ئایەتەکە بدەین ئەوا زۆر بە ڕوونی دیارە کە قورئانی پیرۆز 14 سەدە لەمەوبەر ئاماژەی بەو ڕاستیە زانستیە داوە لە سەردەمێکدا کە بیرۆکەی هەڵەی تەختێتی زەوی باو بووە، بەڵام لەگەشتەکەی ماجەلان و ئەو دۆزینەوە زانستیە زۆرەکانی دیکە کە بە دواییدا هاتن، تا لە سەردەمی پێشکەوتن لە بواری دۆزینەوە ئاسمانییەکاندا بێ هیچ گومانێك ئەوە ڕوونبووەوە کە زەوی گۆییە و تەخت نیە و، ئەوەش بەڵگەیە لە سەر ئیعجازێکی زانستی دیکەی قورئانی پیرۆز.

لەم ئایەتە بۆمان دەردەکەوێت کە زەوی لەسەر شێوەی (كرة أي يكور)ە، واتە زەوی خڕ نییە بەڵکو گۆییە، زانستیش ئەمەی لە ساڵی ٢٠٠٧ سەلماند و گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەو تێگەیشتنەی جاران هەبوو وادەزانرا زەوی خڕە هەڵەیە، پێش ئەویش وادەزانرا زەوی تەختە بەڵام زەوی نە خڕە و نە تەختە بەڵکو گۆییە ڕێك ئەوەی کە قورئان فەرمویەتی. ئەم سەرچاوە زانستییانەش گۆییەتی زەوی دەسەلمێنن:

دەزگای زانستی دیسکەڤەری:

http://blogs.discovermagazine.com/badastronomy/2008/09/08/ten-things-you-dont-know-about-the-earth/#.Vl2nknarTZ4

هەروەها دەزگای زانستی ساینتیفیك ئەمیریکان:

http://www.scientificamerican.com/article/earth-is-not-round/



کتێبی: (هذا محمد رسول الله و براهين رسالته/ د. عبدالله المصلح).



# ئاماژەی قورئانی پیرۆز بۆ بورجەکانی گەردوون

ن: کارزان خالید پیرداود

تەلەسکۆبی هابڵ لە ساڵی 1995 وێنەیەکی دەگمەنی گرت، کە تیایدا چەند تاوەرێك یان ستوونێك دەردەکەوێت لەگەردووندا و بە دیمەنێکی زۆر جوان و ناوازە پێناس کرا لە لایەن کۆزمۆلۆجیستەکانەوە، ئەم تاوەرە گەردوونیە پێکهاتووە لە گازی تەنۆلکەی هایدرۆجین، وەکو تۆز و غوبار دەردەکەوێت کەوا ئەستێرەکان بەرهەم دێنن واتە کارگەی دروستکردنی ئەستێرەکانە، سەرەتا ناونرابوو بە بورجەکانی بەدیهێنان (أبراج الخلق) Pillars of Creation چونکە بەدیهێنانی ئەستێرەکان لەم شوێنە بوو..

ئەوەی لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت بورجێکی گەردوونییە نزیکەی 7000 ساڵی ڕووناکی لێمانەوە دوورە و بەرزاییەکەی 2 تا 4 ساڵی ڕووناکییە.

بینینی ئەم بورجە بەرز و زەبەلاحانە لە گەردووندا ئەم ئایەتە پیرۆزەمان بیردەخاتەوە کاتێك خوای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡبُرُوجِ ١﴾ البروج.

لە تەفسیری (ابن کثیر)دا هاتووە: ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡبُرُوجِ ١﴾ قال ابن عباس: قصور في السماء.

واتە (ئیبن عەباس) وتویەتی: ئەم بورجانە وەکو کۆشکن لە ئاسماندا. لە زمانەوانیدا وشەی (برج)، البرج: بناء مرتفع على شكل مستدير أو مربع ويكون مستقلا أو شيئا من بناء عظيم. واتە: بینای بەرز لە شێوەی خڕ یان چوارگۆشە، سەربەخۆبێت یان بەشێك بێت لە بینایەکی مەزن.

کەواتە خودای باڵادەست و میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا بەر لە 1440 ساڵ سوێندی بە بورجەکانی ئاسمان خواردووە کەوا بە یەکێك لە پێکهاتەکانی ئاسمان باسی دەکات ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡبُرُوجِ ١﴾ و لەدوای ئەم ئایەتە ڕاستەوخۆ دەفەرموێت: ﴿وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡمَوۡعُودِ ٢﴾ واتە: سوێند بەو ڕۆژەی کەوا زیندوودەبنەوە و دەگەڕێنەوە لای پەروەردگارتان، واتە سوڕی ژیانی مرۆڤ دووجارە، لە دایك بوون و مردن، ئینجا دووبارە زیندوو بوونەوەی هەمیشەیی لە بەهەشت یان دۆزەخ، بە هەمان شێوە ئەستێرەکانیش لە ‹Pillars of Creation› لە دایك دەبن و دواتر دەمرن و لەناودەچن و ئینجا دووبارە particle ـەکانی دەبنەوە بە ئەستێرە. واتە لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان سووڕی ژیانی مرۆڤ و سووڕی ژیانی ئەستێرەکان.



http://i.dailymail.co.uk/i/pi/2015/01/05/24701CC900000578-0-i age-a-11_1420500499764.jpg


**سەرچاوەکان:**

١- ناسا:

http://www.nasa.gov/mission_pages/chandra/multimedia/photos07-019.html

٢- دەیلی مەیڵ:

http://www.dailymail.co.uk/sciencetech/article-2898051/Hubble-revisits-old-friend-Iconic-Pillars-creation-revealed-unprecedented-incredible-new-images-space-telescope.html

٣- سپلۆید:

http://sploid.gizmodo.com/it-sounds-incredible-but-the-pillars-of-creation-dont-e-1677857108


# گرگنی سپی


و: هەیڤ




ئەم وێنەیە یەکێکە لەو وێنانەی پێگەی ئاژانسی ئاسمانی ناسا (بنکەی تێڕوانینی هابڵ) بڵاوی کردۆتەوە.

زانایان ئاشکرایان کرد ئەم ئەستێرەیە کە (4000) ساڵی ڕووناکی لێمانەوە دوورە و هاوشێوەی خۆرە، بەسەر خۆیدا تەقیوەتەوە. کە دواجار قەبارەکەی بچوك دەبێتەوە و دەگۆڕێت بۆ ئەستێرەی گرگنی سپی، پلەی گەرمی ئەم تەقینەوەیە دەگاتە (400 هەزار) پلەی سەدی!

زانایان دووپاتی دەکەنەوە کە خۆرەکەی خۆشمان هەمان سەرەنجامی دەبێت و دەسوتێت، ئەم کردارە دەبێتە هۆی هاتنەوەیەکی قەبارەی خۆر بە چەند قۆناغێك بۆ ئەوەی بگۆڕێت بۆ خۆرێکی بچوك، ئەوەیە کە زانایان پێی دەڵێن: «گرگنی سپی». یەکێك لە سەراسیماکانی قورئانی پیرۆز باسکردنی کۆتایی خۆرە، لە سەردەمێکدا کە هیچ کەسێك پێشینی ئاوا ئەنجامێکی خۆری نەکردووە: ﴿إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ ١﴾ التکویر.

(ئیبن کەسیر) دەڵێت: وأصل التكوير جمع بعض الشيء إلى بعض، فمعناه: أن الشمس يجمع بعضها إلى بعض ثم تلف، فإذا فعل بها ذلك ذهب ضوءها ص: 346، واتە: بنەڕەتی وشەی (التکویر) کۆکردنەوەی شتێکە، چونکە خۆر کۆدەکرێتەوە و لوول دەخوات، بەوەش ڕوناکیەکەی نامێنێت. (سەعیدی کوڕی جوبەیر)یش دەڵێت: وشەی (غورت) واتە: چوو بە ناوا (تەفسیری ئیبن کەسیر/ الجزء الثامن/ التكوير، ص: 346).

سەرچاوە: National Geographic.




# تەفسیری زانستیی سورەتی ئیخلاس/ ئەڵقەی دووەم

ن: د. عومەر ئەلڕاوی.

و: هاوژین طالب رضا.

پێداچوونەوە: د. دارا گوڵ.

**تەفسیری ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾:**

هەوڵدەدەین لە ڕاڤەی سورەتی ئیخلاسدا باشترین و گشتگیرترین وتەی ڕاڤەکارە پێشین و نوێکان بهێنین، پاشان تەفسیری زانستیی پشتبەستوو بەوەی زانستی نوێ پێیداوین بە بەکارهێنانی زاراوەی زانستیی ئاسان.

**وتەی موفەسیرەکان لەبارەی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾:**

(ابن كثير) لە تەفسیری ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ دا دەڵێت: کاتێک جولەکە وتیان: ئێمە عوزێری کوڕی خوا دەپەرستین، گاورەکانیش وتیان: ئێمە مەسیحی کوڕی خوا دەپەرستین، ئاگر پەرستەکانیش وتیان ئێمە خۆر و مانگ دەپەرستین، موشریکەکانی عەرەبیش وتیان: ئێمە بتەکان دەپەرستین، خوای گەورە﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ی بۆ نێردراوەکەی نارد واتە خوای گەورە تاک و تەنهایە، هاوتا و وەزیر و هاوشان و هاوشێوە و بەرانبەری نییە.

ئەم وتەیەش لە چەسپاندن (الاثبات)دا بۆ خوای گەورە نەبێت بۆ کەس بەکارناهێنرێت، چونکە هەر ئەو لە هەموو سیفەت و کارەکانیدا تەواوە.

(ابن عثيمين)یش ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت: ئایەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾، (قل): پەیام و وتارە بۆ هەرکەسێک کە پەیامەکەی ڕاست بێت — لێرەدا کاتی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە تایبەتە بە پێغەمبەرەوە ﷺ پاشان بۆ هەرکەسێکە کە بیبیستێت و بیخوێنێتەوە.

(هو): ڕاناوە بەڵام بۆ کێ دەگەڕێتەوە؟ وتراوە: دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پرسیار لە بارەیەوە کراوە، وەک وترا بێت: ئەوەی پرسیار دەربارەی دەکەن (الله)یە، بە پێی ئەم ڕووی یەکەمە (هو) موبتەدایە و (الله) خەبەری موبتەدایە و (أحد) خەبەری دووەمە.

وتراویشە (هو):جێناوی (الشأن)ە و (الله)ش ناوی خوای گەورەیە و (مبتدأ)ی دووەمی ڕستەکەیە، و (أحد)یش خەبەری (مبتدأ)ی دووەمە.

(الله): ناوی (علم)ی زاتی خوا و تایبەتە بە خوای گەورەوە، جگە لەو کەس بەو ناوە ناونابرێت هەموو ناوەکانی تریش کە دوای ئەو دێن، دەگمەن نەبێت، پاشکۆ و شوێنکەوتووی ئەون.

مانای (الله) واتە: خوایەک کە شایەنی پەرستن بێت، بەڵام هەمزەی (اللإله)کە پەڕێنراوە بۆ سووککردن لەبەر زۆر بەکارهێنانی ئەو وشەیە، هەروەک وشەی (النّاس) کە لە بنەڕەتیدا: (الأُناس)ە. هەروەها وەک ڕستەی (هذا أخيرٌ من هذا) کە بنەڕەتەکەی بریتییە لە (هذا أخيرٌ من هذا) بەڵام بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە هەمزەکە دەپەڕێنرێت، خوای گەورەش (الله) تاک و تەنهایە (أَحَدٌ)، (أَحَدٌ)یش وشەیەکە لە زمانی عەرەبیدا نایەت تەنها لە شێوەی نەفیدا نەبێت کاتێک دەوترێت: (لا أحد).

**تەفسیری زانستیی﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾:**

خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی و هەموو خوێنەر و بیسەرێک دەکات کە بڵێن: (اللَّهُ أَحَدٌ)، وشەی (أحد)یش لێرەدا بۆ سەلماندنی تاکانەیی خوای گەورە هاتووە. وشەی (أحد) بە مانای یەک نایەت هەرچەندە کە (واحد) یەکێکە لە نەوەد و نۆ ناوە جوانەکەی خوای پەروەردگار، بەڵام دەکرێت گومانی لێ بکرێت، چۆن!؟

وشەی یەک (واحد) ژمارەیەکە لە زنجیرە ژمارەیەکی درێژ لە زانستی بیرکاریدا، بەڵام تاک و تەنها (أحد) لەو زانستەدا بوونی نییە.

لە زانستی بیرکاریدا دەبینین ژمارە یەک (واحد) لە نێوان (سفر) و (دوو)دایە، ئەگەر بشمانەوێت زنجیرەیەک ژمارەی درێژتر لەوە بنووسین ئەوا دەنووسین (-٢،-١، سفر، ١، ٢)، خۆ ئەگەر بمانەوێت ئەم زنجیرە ژمارەیە درێژتر بکەینەوە ئەوە بە (- بێ کۆتا) دەست پێدەکەین تا دەگەینە (+ بێ کۆتا) لە ژمارەکان، ئەو کاتە یەک (واحد) مانای تاک و تەنهایی خوای گەورە نادات، هەروەها یەک (واحد) نیوە و چارەک و سێیەک و پێنجیەک و هتد.. ی هەیە. دەڵێین:

نیوەی یەک، چواریەک، پێنجیەک و هەروەها دەکرێت بە چەندین بەشی زۆری ترەوە.

ژمارە یەک، لەسەر بناغەی ئەوەی هاومانا و بەرانبەر سفرە، دەچێتە کۆمپیوتەرەوە، ئەوەش بناغەی هەموو زانیارییەکە کە دەچێتە کۆمپیوتەرەوە، پسپۆڕان ئەم مانایە دەزانن بەڵام وشەی (أحد) ئەو هاومانا کۆمپیوتەرییە نابەخشێت. خوای گەورە یەکە (الواحد) ویستویەتی نەکەوینە گومانی ژمارەوە بۆیە وشەی (أحد)ی پێبەخشین، کە وەک پێشتر باسمان کرد عەرەب ئەو وشەیەیان بەکارنەهێناوە تەنها لە شێوەی نەفیدا نەبێت، کاتێک دەوترێت (لا أحد) واتە نە یەک، نە دوو، نە هەزار، نە نیوە، نە چارەک و نە هیچ شتێک. لێرەدا وردی ئەو وشەیە دەردەکەوێت کە هەرگیز ناتوانرێت گومانی بۆ دروست بکرێت. (اللَّهُ أَحَدٌ) وشەی (أحد) لە ڕووی زانستییەوە ناشێ لەت بکرێت، ناتوانرێت بووترێت: نیوەی (أحد)، چەند جارەشی نییە بۆیە ناوترێت دە (أحد) و ناشچێتە ئەو سیستمە ژمارەییە ناسراوەی کە پێی دەڵێین (بەرنامەی کۆمپیوتەر). خۆ ئەگەر هەوڵبدەین (أحد) بخەینە ئەو سیستەمەوە -وەک یەکێک لە ئارەزوومەندان ئەو کارەی کرد- ئەوا ئەنجامەکەی بێکۆتا دەبێت. ئەمەش واتە ئەگەر ئێمە سیفەتی (هێز – قوة) مان داخڵی بەرنامەکە کرد ئەوە دەبێت بە (بەهێزترین – الاقوی)، واتە گەورەترین ژمارە لە هێزدا کە دەیگەینێ، ئەوە هیچ یان سفر دەبێت سەبارەت بە هێزی خوای گەورە، چونکە هێزی خوای گەورە بەهێزترینە (الاقوی). خۆ ئەگەر سیفەتی (بەخشندەیی –کرم)ی بدەینێ دەبێت بە (بەخشندەترین) واتە بەرزترین ژمارە کە بیگەینێ ئەگەر ملیۆنان ملیۆنیش بێت، ئەوا لە بەرانبەر بەخشندەیی خوای گەورەدا یەکسانە بە سفر. یان ئەگەر سیفەتی شکۆی پاشا و سەرکردەکان دابنێین و ملیۆنان ملیۆن جارەی بکەین، ئەوە هیچ یان سفر دەبێت سەبارەت بە مەزنی خوای گەورە... تاد.

وشەی تاک و تەنها (أحد) بە تەواوی لە هەموو گومانێک دەربازمان دەکات کە بتوانرێت دروستبکرێت، وەک ئەوانەی لە بارەی ئایینەکانی ترەوە دەیانزانین، هەروەک مەسیحییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن: کە خوا یەکێکە لە سێ خوا. هەروەک لە یەکێک لە دیمانەکاندا بینیمان کە چۆن مەسیحییەک دەیویست بە قورئان بیسەلمێنێت کە خوا یەکێکە لە سێ خوا، تەفسیری (بسم الله الرحمن الرحیم)ی بەوەکرد کە خوا سیانە ئەویش: (الله) و (الرحمن) و (الرحیم)ن، زانراویشە کە (الرحمن) و (الرحیم) سیفاتی خوای گەورەن، ئەگەر ئێمە بڵێین (عومەری دادپەروەر – عمر العادل) ئەوە ئێمە باسی دوو کەسمان نەکردووە، یان ئەگەر بڵێین (عەلیی زیرەك) ئەوە دووان نیین بەڵکو سیفەت و وەسفکراون، جا لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوە لە زمانی عەرەبیدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە بەڵام کەسێک گومان دروست بکات ئەوە فێڵ دەکات تا بەسەر ڕاستیدا بازبدات.

(اللَّهُ أَحَدٌ) قسەی ئەو کەسانەی بڕی کە دەیانویست دزەبکەن و بانگەشەکانیشی بە درۆخستنەوە و کۆتایی پێ هێنان چونکە (اللَّهُ أَحَدٌ) چەسپاندنێکە تەئویل هەڵناگرێت. هەروەها (اللَّهُ أَحَدٌ) وەڵامی ئەوانەش دەداتەوە کە دەڵێن خوا یەکێکە لە دوو خوا، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَـٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ إِنَّمَا هُوَ إِلَـٰهٞ وَٰحِدٞ فَإِيَّـٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ﴿٥١﴾ وَلَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَهُ ٱلدِّينُ وَاصِبًاۚ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَتَّقُونَ ﴿٥٢﴾﴾النحل. واتە: "خودا فەرموویەتی دوو خوا بۆ خۆتان بڕیار مەدەن، بێگومان پەرستراوی ئێوە تەنها یەکێکە، کەوابوو ترستان با هەر لە من بێت. هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە تەنها موڵکی خوایە و، گوێ ڕایەڵی و پەرستن بەردەوام هەر بۆ ئەوە، ئایا ڕەوایە بێجگە لە خوا بترسن و حسابی بۆ بکەن؟".

چونکە دەبینین ئاگرپەرستەکانیش هەوڵدەدەن کە بڵێن (ئەهورامەزدا) خواوەندی ئاگرە و دروستکەری گەردوونە و (ئەهریمەن)یش خواوەندی ئاوە کە گەردوون لەناو دەبات، لەگەڵ ئەمەشدا دەڵێن ئەو دوو خواوەندە یەک دانە خواوەندن یان دوو خواوەندن لە یەک خواوەندا، ئیتر تێناگەم ئەوان بە چ زمانێک قسەدەکەن!!!

لێرەدا (اللَّهُ أَحَدٌ) نموونەی شمشێری بڕەر و قەڵای پتەوی یەکخواپەرستییە، ئەو وتەیەیە کە هیچ لاف لێدەرێک و خۆ بە زانا زانێک ناتوانێت بەسەریدا تێپەڕبێت، ئیتر خوای گەورەی تاک و تەنها نە (دوو) و نە (سێ) و نە هیچ ژمارەیەکی تر لە خواوەندەکانە، ئەو تاک و تەنهایە (أَحَدٌ)، ئیتر هەموو جێناوەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ناوە جوانەکەی خوای گەورە (یەك – الواحد).

## تەفسیری ﴿ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ﴿٢﴾﴾:

وتەی موفەسیرەکان لە تەفسیری (اللَّهُ الصَّمَدُ):

(ابن کپیر) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسیرەکەیدا لە مانای (الصمد)دا هێناویەتی:

١- (اللَّهُ الصَّمَدُ)، ئەو خوایەی کە﴿ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ﴿٣﴾ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ﴿٤﴾﴾ ئەمەش واتە ئەوەی دوای "الصمد" هاتووە تەفسیری (الصمد) دەکات.

٢-الصمد: خەڵکی لە پێویستی و داخوازییەکانیاندا ئاتاجی ئەون و ئومێدیان بەوە، واتە ڕوودەکەنە خوای پایەدار و دەسەڵاتدار کە نیازەکانیان بۆ جێبەجێ بکات، چونکە هەر ئەو دەتوانێت بۆیان بە ئەنجام بگەیەنێت.

٣- الصمد: ئەو گەورەیەیە کە گەورەیی لە هەموو شتێکدا بەو کۆتایی دێت، ئەو شکۆمەندەیە کە گەورەییەکەی بێ کەم و کوڕیە و تەواوبووە، ئەو پایەبەرزەیە کە مەزنییەکەی پڕ و تەواوبووە، ئەو میهرەبانەیە کە ئارامگرییەکەی کامڵبووە، ئیتر بەو شێوەیە لە هەموو سیفەتە جوانەکاندا...

٤- الصمد: تۆکمە و پتەوێکە کە ناوەڕۆکی بۆش نەبێت.

٥- الصمد: ئەوەیە کە ناخوات و ناخواتەوە.

٦- الصمد: دوای لە ناوچوونی دروستکراوەکانی دەمێنێتەوە .

٧- الصمد: نیازی بە کەس نییە و هەموو ئاتاجی ئەون.

٨- ئەوە ویستی لەسەر هەرچییەک بێت دەیکات و بڕیاروفەرمانی لەسەردەدات. (تەفسیری ابن کثیر).

(ابن عثیمین) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت: (اللَّهُ الصَّمَدُ) ڕستەیەکی دەست پێکەرەوەیە (مستأنفة)، دوای ئەوەی باسی تاک و تەنهایی کرد و، باسی سەمەدیەتی کرد، لە ڕستەیەکدا هێنای کە هەردوولای زانراو (معرفه)یە کە دەوروەدان (الحصر) دەگەیەنێت، واتە: تەنها خوا (الصمد)ە، ئەی مانای (الصمد) چییە؟

وتراوە (الصمد) ئەوەیە لە زانیاریی، توانا، دانایی، شکۆ، گەورەیی و لە هەموو سیفەتەکانیدا پڕ و تەواو و بێ کەموکوڕی بێت.

وتراویشە: (الصمد) ئەوەیە کە ناوەڕۆکی بۆش نەبێت، ئەمەش پێچەوانە نییە لەگەڵ مانای یەکەمدا، چونکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەوڵەمەندە و لە هەموو دروستکراوەکانی خۆی بێ نیازە.

هەروەها وتراوە: (الصمد) بە مانای (المفعول) دێت واتە: ڕوو تێکراو، واتە ئەوەی بوونەوەرەکان بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانیان ڕووی تێدەکەن بە مانای: خۆشیان دەوێت و کۆتا ئومێدیانە و داواکارییەکانیان بۆ لای ئەو بەرزدەکەنەوە، ئەو بە مانای ئەوەی هەموو کەسێک پێویستی پێیەتی.

(ابن عثيمين) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە کۆتاییدا دەڵێت: ئەم وتانە هیچیان نکولی لەوی تر ناکەن و لەگەڵ یەکدا جیاوازنین لەوەی کە پەیوەندی بە خوای گەورەوە هەیە، بۆیە دەڵێین: ئەم مانایانە هەموویان درووست و چەسپاون لەبەرئەوەی جیاوازی لە نێوانیاندا نییە.

**تەفسیری زانستیی ﴿ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ ﴾:**

لە (القاموس المحيط)دا لە ماناکانی (الصمد)دا هاتووە: (الصمْدَة) بەردێکی پتەو و خۆڕاگرە لە زەویدا، وتراوە (ناقة مصماد) وشترێکە لەسەر وشکی و سەرما و سۆڵە خۆڕاگرە و هەمیشە لەسەرخۆیە، لێرەدا دەمانەوێت ئەم واتایە ڕوون بکەینەوە ئەگەر بەردێکی پتەو لە زەویدا هەبوو ئۆتۆمۆبیلێک بە خێرایی هاتوو خۆی پێداکێشا و بەردەکە نە جوڵا، ئەو کاتە دەڵێین بەردەکە خۆی ڕاگرت، یان ئەگەر بارستەیەکی گەورەی جوڵاومان، بۆ زانینی خۆگریەکەی، کێشا بە دیوارێکدا و کاری تێنەکرد دەڵێین دیوارەکە خۆی ڕاگرت، واتا ئەو زەبرە دەرەکییەی ئاڕاستەی دیوارەکە کرا کاری تێ نەکرد، هەروەها ئەگەر تۆپێکمان لەسەر ئەو بەردە دانا و پاشان تۆپەکەمان تەقاند و بەردە پتەوەکە بە کاردانەوەکە نەجوڵا دەڵێین بەردەکە خۆی ڕاگرت، هەروەها ئەگەر ئامێرێکی بزوێنەرمان بە دیوارێکەوە بەست و خستمانە ئیش و کاری لە دیوارەکە نەکرد یان نەی جوڵاند، دەڵێین دیوارەکە خۆی ڕاگرت.

ئەمەش یاسایەکی فیزیاییە بۆ هەموو کارێک کاردانەوەیەک هەیە لە بڕدا یەکسان و لە ئاڕاستەدا پێچەوانەیەتی، هەروەها یاسایەکی تر هەیە کە دەڵێت: (دەبێت بەرئەنجامی کۆی ئەو هێزانەی ئاڕاستەی خاڵێک دەکرێن بکاتە سفر لەکاتی ئارامی و خۆگرتنیدا)، واتە ئەو هێزانەی ئاڕاستەی دیوارەکە کران هێزەکانی خۆڕاگرتنی دیوارەکە ڕووبەڕوویانبوونەوە، جا هەروەک لە باقی سیفەتەکانی تردا لە ناوە جوانەکانی خوای گەورەدا چۆن خوای گەورە بەخشندەیە و بە بەزەییە و میهرەبانە، بە هەمان شێوە پایەدار و دەستەڵاتداریشە (اللَّهُ الصَّمَدُ)، هیچ کارێکی خوای گەورە کاردانەوەی نییە جا ئەو کارە گەورە بێت یان بچووک.

واتە کارەکانی دروستکراوەکان چەند گەورەشبن، هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر خوای گەورە نابێت چونکە (اللَّهُ الصَّمَدُ)، بۆیە خوای گەورە ویستی لە هەر کارێک بێت دەیکات و هیچ گێڕەرەوەیەک بۆ حوکم و بڕیارەکانی نییە، واتە هیچ شتێک نییە بە دوای کارەکەیدا بڕوات پاک و بانی بۆ خوای گەورە.

(اللَّهُ الصَّمَدُ) واتە هیچ کارێک کاریگەری لەسەر هێزی خوای گەورە نییە، هیچ کاردانەوەیەک بە پێچەوانەی ئاڕاستەی هیچ کارێکی خوای گەورەوە بوونی نییە. بەردەکە خۆی ڕاگرت و نەجووڵا چونکە بەشێکی لە زەویدا چەسپا بوو، واتە نەجووڵانی بەردەکە بە هۆی خۆگرتنی زەوییەکەی ژێریەوە بوو، خۆ ئەگەر جێگیریی زەویەکە نەبوایە، ئەوا ئەو کار و هێزانەی کە دەکەونەسەر بەردەکە دەیانجوڵاند.

هەروەها دیوارەکەش خۆگرییەکەی لە خۆگری بناغەکەیەوەیەتی واتە ئەگەر دیوارەکە بناغەی نەبوایە خۆی بۆ هێزە دەرەکییەکە نەدەگرت، کەواتە هەموو دروستکراوەکان جگە خۆیان پێویستیان بە شتێکی ترە تا خۆ بگرن، ئەوەش یاسایەکی چەسپاوی فیزیایە، هەروەها کارێکی ڕێژەییشە (نسبی)، چونکە ئەو هێزەی کە پێویستە بۆ جوڵاندنی بەردەکە لە شوێنی خۆی ئەو هێزە نییە کە پێویستە بۆ جوڵاندنی زەوی، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ خۆگرێک نییە لە خودی خۆیدا و تاسەر جێگیر بێت جگە خوای گەورە، بەڵکو ئەوەش سەلماوە کە ئەم گەردوونە هەمووی لە چەند چرکەیەکدا بەسەریەکدا دەڕمێت، خۆ ئەگەر -لەبەر ئەوەی جێگیر و گومانبڕ نیە- خۆمان لە بیردۆزەی (کرۆمۆلەکان) لە پێکهاتنی (نیوترۆنەکان) و (پرۆتۆنەکان) لە گەردیلەدا لادەین، کە بە پێی ئەو بیردۆزە بنەڕەتی مادده وزەیەکی زۆر ناجێگیرە، بە شێوەیەک نازانین چۆن بەشەکانی تیادا جێگیر دەبن. ئەوە گەردوون لە گەردیلەوە بۆ کەشکەشان پێویستی بە جێگیرێک هەیە پاڵپشتی بێت کە ئەویش هێزی خوای گەورەیە، خوای گەورە یان هێزی خوای گەورە هەموو دروستکراوەکانی ڕاگرتووە، نموونەیەکی ساکاریش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم باسە ئەوە پێکهاتنی گەردیلە و پێکهاتنی توخمەکان، بەردەکان، پاشان هەسارەکان، خۆرەکان، کەشکەشانەکان و هەموو جیهانەکانی ئەم گەردوونە بە شێوەیەک جوڵاو و نا ئارامن، تا ئەو ڕادەیەی زانایان نازانن وێنەیەکی جێگیر بۆ هیچ کامیان هەبێت و ناشزانن چی وای لێکردوون بگەنە ئەم باری هاوسەنگیەی کە تیایدان، ئێمە جگە هێزی خوای جێنیاز (الصمد)، هیچ شتێک نابینین کە خۆڕاگری (الصمود)ی پێدابێت

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ يُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ رَبِّكُمۡ تُوقِنُونَ ۝٢ ﴾ الرعد. واتە: "خوای گەورە ئەوەیە کە بە چاوی خۆتان دەبینن چۆن ئاسمانەکانی بەبێ کۆڵەکە و ستوون بەرزکردۆتەوە و ڕایگرتووە، پاشان ئەو خوایە چووە سەر عەرش (بەو شێوەی شایستەی خوا بێت کە ئێمە چۆنیەتیەکەی نازانین)، تەفسیری ئەم ئایەتەیان لە پێشەوا مالیک پرسیووە، لە وەڵامدا وتوویەتی: وەستانەکە حەقیقەتی هەیە، چۆنیەتیەکەی شاراوەیە، پرسیارکردن دەربارەی بیدعەیە، باوەڕبوون پێی واجبە)، خۆر و مانگیشی ڕامهێناوە، هەر یەکەیان تا کاتی دیاریکراو دێن و دەچن و خول دەخۆن، خودا کاروبار هەڵدەسوڕێنێ و بەڕێوەی دەبا، ئایەتەکان ڕوون دەکاتەوە بۆتان تاوەکو بە زیندووبوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی پەروەردگارتان بۆ لێپرسینەوە باوەڕ و یەقینتان بێت". هەر ئەو خوایە ئاسمانەکانی ڕاگرتووە کە نەکەون

﴿ أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱلۡفُلۡكَ تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِأَمۡرِهِۦ وَيُمۡسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ ۝٦٥ ﴾ الحج. واتە: "ئایا نابینی چۆن خوای گەورە هەرچی لە زەویدا هەیە بۆ ئێوەی ڕامهێناوە و، کەشتیەکانیش کە لە دەریاکاندا دەڕۆن بە فەرمانی ئەوە، ئاسمانیش ڕاگیردەکات لەوەی کە بکەوێت بەسەر زەویدا مەگەر بە فەرمانی خۆی، بە ڕاستی خوا بەسۆز و میهرەبانە بەرانبەر بە خەڵکی".

هەر ئەویشە کە ناهێڵێت نەمێنن و بفەوتێن ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُمۡسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ أَن تَزُولَاۚ وَلَئِن زَالَتَآ إِنۡ أَمۡسَكَهُمَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ۝٤١ ﴾ فاطر. واتە: "بەڕاستی هەر خوایە کە ئاسمانەکان و زەوی ڕادەگرێت و نایەڵێت لەناو بچن و لەیەک بترازێن، سوێند بە خوا ئەگەر لە ڕێڕەوی خۆیان لابدەن، کێ هەیە جگە لە خوا ڕایان بگرێت، بێگومان ئەو خوایە لەسەرخۆ و لێبووردەیە".

لێرەدا (اللَّهُ الصَّمَدُ) دەربازیکردین لەوەی کەسێک بە بیریدا بێت کە لەوانەیە خوای گەورە بە کارێک لە کارەکان کاریگەربێت یان کەسێک بڵێت: من دەتوانم کارێکی ئەوەندە گەورە بکەم و کار لە خوای گەورە بکەم، یان کەسێک ڕەخنە بگرێت و بڵێت: کاتێک خوای گەورە گەردوونی دروستکرد ئەم کارە گەورەیەی کاردانەوەی هەبوو بۆیە، هەروەک جوولەکە دایانووت، لەئەنجامی ئەوەدا ماندوو بوو پێویستیکرد پشوو بدات.

سەرچاوە: بابەتی (التفسير العلمي لسورة الصمد) د. (عمر محمود عطية الراوي).

# پەیوەندی نێوان تەسبیحات کردن و ڕەزامەندی

ن: صدیق عبد العزیز محمد

زانایەك دەڵێت: «یەكێك لەو شتانەی كە زۆر سەرنجی ڕادەكێشام ئەوە بوو كەسە بە یادەكان، ئەوانەی كە هەمیشە دەمیان پاراوە بە یادی خوا زۆر ئارام و ڕازین، بە ڕاستی ئەم دیاردەی (تەسبیحات و ئارامی و ڕەزامەندییە) بۆم گرێنەدەدران پێكەوە، بەڵام كاتێك گەیشتم بە ئایەتێك لە قورئان ئەم نهێنییەی بۆ ئاشكرا كردم كە تەسبیحات كردن هۆكاری ئەو ئارامییەی دەروونە. خوای گەورە دەفەرموێت:
﴿ فَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ ٱلشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا ۖ وَمِنْ ءَانَآئِ ٱلَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ ٱلنَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرْضَىٰ ﴿١٣٠﴾ ﴾ طه.
﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٩٨﴾ ﴾ الحجر.

ئایەتی یەكەم: واتە: «لەسەر ئەوەی بە تۆی دەڵێن ئارام بگرە و بە سوپاسگوزاری تەسبیحاتی پەروەردگارت بكە پێش هەڵهاتنی خۆر و دوای ئاوا بوونی لەناو شەو و لێوارەكانی ڕۆژیشدا بەڵكو ڕازی ببی».

ئایەتی دووەم: «بێگومان ئێمە دەزانین تۆ دلگران دەبیت بەوەی ئەوان بە تۆی دەڵێن، دەسا تۆش بە سوپاسگوزاری پەروەردگارت تەسبیحات بكە و لە كڕنوشبەران بە».

كەواتە پاك و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی دەروون ئارام و ئاسودە دەكات بە كانیاوی تەسبیحات.

نەك هەر ئەوەندە، بەڵكو لە ئایەتێكی تردا ئارامی دڵانی بەستۆتەوە بە یادی خواوە و، دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ ٱللَّهِ ۗ أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾ ﴾ الرعد. واتە: «ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دڵیان بە یادی خوا ئارام ئەبێت، ئاگاداربە بە یادی خوا دڵەكان ئارام دەبن».

لە دونیادا خەڵكی هەرچی دەكات و هەوڵ بۆ هەرچییەك دەدات بۆ ئەوەیە دەرونی ڕازی كات و دڵی شاد بكات، لێرەدا خوای گەورە بە دوو ئایەت ئەوەی بەخشیوە بە ئیمانداران و، تا ئێستەش هیچ چارەیەكی دونیایی نەیتوانیوە ئارامی و شادی مرۆڤەكان بەردەوام بكات، بەڵام قورئانی موعجیزە ئەوەی بە كەمترین دەستەواژە كردووە و نموونەكانیشی بەسەر زەویدا دەسوڕێنەوە.

یادی خوا لەگەڵ (سبحان الله) كردندا شێوەی تری زۆر زۆرە، بەرزترینیان قورئان خۆیەتی كە یەكێك لە ناوەكانی (ذكر)ە، نوێژكردنیش هەر یادە وەك دەفەرموێت: ﴿ إِنَّنِىٓ أَنَا ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدْنِى وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكْرِىٓ ﴿١٤﴾ ﴾ طه.

**هەیڤ:**

دامەزراوەی زانستی دەروونناسی ئەمریكی ئەوەی پشت ڕاستكردۆتەوە لە كاتی یادكردنی خوای گەورە هەندێك خانەكانی مێشك و ئەنزیمەكان گۆڕانكاری زۆریان تیادا ڕوودەدات لە كاتی یادكردنی خوادا چالاك دەبن بەمەش هەستەوەرەكانی تایبەت بە سیستەمی كاركردنی لەش لەهەر گۆڕانكارییەكی نائاسایی ئاگاداردەكاتەوە و سیستەمەكە ڕێكدەخاتەوە
http://blogs.psychcentral.com/therapy-soup/2010/07/god-in-therapy-your-poll-response/

هەروەها بە پێی لێكۆڵینەوە زانستییەكان باوەڕبوون بە خوا و یادكردنەوەی لەلایەن مرۆڤەكان دەبێتە هۆی بەخشینی ئارامی و دڵ خۆشی و تەندروستییەكی باش.

**سەرچاوە:**

1-http://news.bbc.co.uk/2/hi/7302609.stm
2-http://www.dailymail.co.uk/femail/article-1358421/The-tantalising-proof-belief-God-makes-happier-healthier.html





# هەنگوین و شیفا

## بەشی سێیەم

د. بەهێز محمد صالح محمود
bahezmuhammed@hotmail.com

**پێشەکی:**

لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر چەند ئیعجازێکی تری قورئانی پیرۆز، لە سورەتی (النحل) كە دەفەرمویێت:﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا ۚ يَخْرُجُ مِن بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِّلنَّاسِ ۗ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٦٩﴾﴾ واتە: پەروەردگاری تۆ ئیلهامی کرد بە مێشەنگوین، کە لە چیاکان و لە داران و لەو شوێنانەش کە ئادەمیزاد بۆی ئامادە دەکات جێگە و ڕێگە بۆ خۆی ساز بکات. پاشان لە هەموو بەرو بووم بخوات و، پێمان ڕاگەیاندووە: ئەو نەخشانەی کە پەروەردگارت بۆی کێشاویت بە ملکەچیەوە ئەنجامی بدە. لە سکی مێشەنگوین شلەیەك دێتە دەرێ ڕەنگەکانی جۆراوجۆرە و شیفای تیادایە بۆ خەڵکی، بێگومان ئا لەمەشدا بەڵگەیەکی ڕوون و نیشانەیەکی ئاشکرایە بۆ کەسانێك کە بیر دەکەنەوە.

ئەم ئایەتانە ئاڕاستەکردنی مرۆڤن بۆ بیرکردنەوە لە هەنگ کە موعجیزەیەکی دەرئاسای قودرەت و توانست و دانستی خوای گەورەیە و چۆن بە پرۆگرامسازییەکی تەواو کاردەکەن، هەروەك لە توێژینەوە زانستیەکاندا سەلمێنراوە مێشکی هەنگ لە یەك ملیۆن خانە پێکهاتووە!! دەستەواژەی (فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا) دەیگەیەنێت هەنگەکان هەرەمەکی ڕێ ناکەن، بەڵکو لەو پەڕی فەرمانبەرداری و بە پێی نەخشە و پلانێك کە پەروەردگاریان بۆیان داناون کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

لە بابەتەکانی پێشوودا ئاماژەمان بە ڕەنگ و جۆرەکانی ئەو شلانە کرد کە لە سکی هەنگ دەردەچن و ڕوونمان کردەوە شلەی سکی چەند جۆرێکە، یەکێکیش لەو شلانە هەنگوینە، لەم بابەتەدا باسی سەرەکیترین و دیارترین شلەی سکی دەکەین کە هەنگوینە، ئەو هەنگوینەی یەکێکە لە ئیعجازە گەورەکان، لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە: (عن ابن مسعود رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: عليكم بالشفاءين العسل والقران.) رواه البخاری.. واتە دوو شیفاکە کە هەنگوین و قورئانە بەکار بێنن، هەنگوین شیفای (نەخۆشییە ماددییەکانە) و قورئانی پیرۆزیش شیفای (نەخۆشییە مەعنەویی و ماددییەکانیشە)..!! لە قورئانی پیرۆزدا چوار جار وشەی شیفا هاتووە، سیانیان بۆ قورئانی پیرۆز و یەکێکیش بۆ هەنگوین هاتووە.

پێکهاتەکانی هەنگوین و ڕەنگ و تامەکەشی لەسەر جیاوازی ئەو گوڵ و میوانەی دەیمژن بەندە، ئەمانەش پێکهاتەکانی هەنگوینن:

١- ئاو: لە ١٢٪- ٢٣٪ی هەنگوین پێك دەهێنێت و، کاردەکاتە سەر ڕەنگی هەنگوینەکە، تەنانەت تامی هەنگوینەکەش دەگۆڕێت.

٢- کاربۆهایدرەیت (شەکرەکان): زۆرترین ڕێژەیان هەیە لە هەنگویندا، بە جۆرێك چڕیی شەکرەکان دەبێتە هۆی گەشەنەکردنی بەکتریای زیانبەخش تیایدا، شەکرە سادەکانی وەك گلوکۆز Glucose و فروکتۆز fructose لە ٪٨٠-٩٠ دەبن لە هەنگویندا، هەروەها شەکری دووانەی وەك: مالتۆز، لاکتۆز، سوکەرۆزی تێدایە.

٣- ترشەکان: ڕێژەی ١٥-٢٠٪ی هەنگوین پێکدەهێنن، بە زۆری کار دەکەنە سەر تام و کەمێکیش پێکهاتەکەی، گرنگترینیان ئەمانەن: formic acid، saccin acid، Citric acid، Batre acid...تاد.

٤- کانزاکان: پۆتاسیۆم، کلۆر، کبریت، کالیسیۆم، سۆدیۆم، فۆسفۆر، مەگنیسیۆم، ئاسن، مەنگەنیز، کەپەر... تاد.

٥- ئەنزیمەکان: زیاتر لە پرۆتینەکان پێکهاتوون و ئاسانکاری بۆ زیندە کارلێکەکانی ناو خانەکان دەکەن، وەك: diastase ، invertase، amylase ... تاد.

٦-ڤیتامینەکان: B6، B5، B3، B2، B1، E، A ... تاد.

**ئەم خشتەیەش گرنگترین پێکهاتەکانی هەنگوینە:**

| بەهای خۆراکی | بڕی کۆکراوە لە بەشێکدا | لە (١٠٠) گرامدا |
|---|---|---|
| ئاو | 3.6 گم | 17.1 گم |
| شەکرەکان | 17.3 گم | 82.4 گم |
| فروکتۆس | 8.1 گم | 38.5 گم |
| کلوکۆز | 6.5 گم | 31.0 گم |
| مالتۆز | 1.5 گم | 7.2 گم |
| سوکرۆز | 0.3 گم | 1.5 گم |
| کالۆری گشتی (وزە) | 64 | 304 |
| کالۆری گشتی وزە لە چەوری | 0 | 0 |
| چەوری گشتی | 0 | 0 |
| چەوری تێرکراو | 0 | 0 |
| کۆلسترۆل | 0 | 0 |
| سۆدیۆم | 0.6 مگم | 2.85 مگم |
| کاربۆهایدرەیت | 17 گم | 81 گم |
| شەکر | 16 گم | 76 گم |
| فایبەرەکان | 0 | 0 |
| پرۆتین | 0.15 مگم | 0.7 مگم |
| **ڤیتامینەکان** | | |
| B1 (Thiamine) | < 0.002 مگم | < 0.01 مگم |
| B2 (Riboflavin) | < 0.06 مگم | <0.3 مگم |

| بەهای خۆراکی | بڕی کۆکراوە لە بەشێکدا | لە (١٠٠) گرامدا |
|---|---|---|
| Nicotinicacid(B3) | < 0.06 مگم | < 0.3 مگم |
| Pantothenicacid(B5) | < 0.05 مگم | < 0.25 مگم |
| Vitamin B6 | < 0.005 مگم | < 0.02 مگم |
| فولیک ئەسید | < 0.002 مگم | <0.01 مگم |
| ڤیتامین C | 0.1 مگم | < 0.5 مگم |
| **کانزاکان** | | |
| Calcium کالیسیۆم | 1.0 مگم | 4.8 مگم |
| Iron ئاسن | 0.05 مگم | 0.25 مگم |
| Zinc | 0.03 مگم | 0.15 مگم |
| Potassium | 11.0 مگم | 50.0 مگم |
| Phosphorus | 1.0 مگم | 5.0 مگم |
| Magnesium | 0.4 مگم | 2.0 مگم |
| Selenium | 0.002 مگم | 0.01 مگم |
| Copper | 0.01 مگم | 0.05 مگم |
| Chromium | 0.005 مگم | 0.02 مگم |
| Manganese | 0.03 مگم | 0.15 مگم |
| ASH | 0.04 مگم | 0.2 گم |

**ئەگەر بە وردی تەماشای خشتەکە بکەین دەبینین هیچ ڕێژەیەکی چەوری، یان کۆلسترۆڵ بوونی نییە**

### تایبەتمەندیەکانی هەنگوین:

١- هەرسبوونی ئاسانە: لەبەرئەوەی شەکرەکانی ناو هەنگوین توانای گۆڕانکارییان هەیە، بۆ نموونە لە fructose بۆ Glucose و...تاد، کە وا دەکات هەستیارترین گەدە سەرەڕای ترشیی زۆری ناو گەدە پێکهاتەی هەنگوینەکە لە ناونەبات و گەدە پێوەی ماندوو نەبێت و بە ئاسانی هەرس ببێت، ئەمەش دەبێتە هۆی باشتر کارکردنی گورچیلە و ڕیخۆڵە.

٢- بە خێرایی دەچێتە ناو خوێنەوە: هەنگوین بە یەکێك لە سەرچاوەکانی وزە دەژمێرێت، لەماوەی ٧ خولەکدا لە خوێندا بڵاودەبێتەوە و بە ئاسانی مێشك سوودی لێ وەردەگرێت، ئەویش بەهۆی پێکهاتە تایبەتەکەی، بەمەش بۆ وەرزشەوانان زۆر بەسوودە چونکە شەکەتی و لاوازیی جەستەیان کەم دەکات.

٣-یارمەتی دروستبونی خوێن دەدات: وزەی پێویست بە خوێن دەبەخشێت و، یارمەتی درووست بوونی خوێن و مولوولەکانی خوێن دەدات و یارمەتی پاکردنەوەی دەدات و دەمارەکان لە ڕەق بوون دەپارێزێت.

٤- میکرۆب بەرەنگاری هەنگوینی پێ ناکرێت: هەنگوین خاسیەتی (bactericide)ی هەیە واتە بەکتریاکوژە، لە هە مان کاتدا دژە ڤایرۆس و کە ڕووە بەم شێوەیە:

أ- ڕێژەیەکی زۆری شەکر کە نایەڵێت ئەو ئاوانەی لە میکرۆبەکەدان گەشە بکەن بەهۆی سیستمی چڕییەوە high density.

ب- ڕێژەی زۆری ترشی (Low ph) نایەڵێت نایترۆجین (Nitrogen) دروست بێت بۆ زیاد بوون و گەشەی بە کتریاکان.

ت- ڕێژەی زۆری (hydrogen peroxide) نایەڵێت بەکتریاکان گەشە بکەن.

کەواتە (دژە میکرۆبی) یەکێکە لە خاسیەتە هەرە گرنگەکانی هەنگوین، (د. دیکسۆن فیبربیرگ Dr. Dixon Februberg لە ساڵی ٢٠٠٣ لە گۆڤاری (Lancet infect Diseases) دەڵێت: هەنگوین کارلێکی وا بەهێز دەکات کە دژە بەکتریا و پاککەرەوە بێت.

تا ئێستاش زانایان نەگەیشتوونەتە ئەوەی بزانن هەنگوین بە چ میکانیزمێك دەبێتە هۆی کوشتنی میکرۆبەکان، بۆیە زۆریان ڕایان وایە (methylglyoxal) کە لە بۆماوەیی بەکتریادا هەیە، هەنگوین گەشەکەی دەوەستێنێت و بەوجۆرە بەکتریاکە لەناو دەبات.

لە ساڵی ٢٠١٣ لە گۆڤاری دەرمانسازە سروشتیەکان Journal of Natural Pharmaceutical بڵاوکراوەتەوە: (هە نگوین خاسیەتی سروشتی دژە ڤایرۆسی هەیە) بە تایبەتی دژی ڤایرۆسی هیرپکس herpex simplex کە دەرکەوتووە زۆر کاریگەرترە لە دەرمانی دژە ڤایرۆسی acyclovir لە چارەسەرکردنی برینی ناوە و دەرەوەی دەم ...

٥- دژە ئۆکسان Anti-Oxidase: ڕێژەیەکی زۆری تێدایە کە بەرگری لە دروستبونی نەخۆشی شێرپەنجە دەکات.

### هەنگوین و چارەسەری نەخۆشی:

١- چارەسەری برینەکانی پێست: یارمەتی پرۆسەی چاك بوونەوەی برینەکانی پێست دەدات و نایەڵێت جێی برین دەربکەوێت، لەبەرئەوەی هەنگوین هانی گەشەکردنی ڕووکەشی خانە (epithelial cells) دەدات، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی پێستی تازە لەسەر برینەکە، لە پێگەی بەناوبانگی پزیشکی web MD نوسراوە (زانایان پێیان وایە ڕەنگە لە داهاتوودا برینی گەورەش هەر بەم ڕێگەیە چارەسەر بکرێت و پێویستیان بە چاندنی پێست نەبێت).

هەروەها یارمەتی گەشەکردنی خانەی خوێن دەدات لەگەڵ شانەکانی دروستکەری ڕیشاڵ (fibroblast)، کە جێی شانەکانی سەرەوەی پێست دەگرێت. فایبەرەکانی کۆلاجین (Collagen) دروستدەکات و پێست شێوەی خۆی وەردەگرێتەوە.

یەکێکی دیکە لە کارەکانی هەنگوین دژە هەوکردنە (Anti-inflammatory) بە جۆرێك ناهێڵێت هەوکردن لە دەوری برینەکە دروست بێت، بەمەش کرداری چاك بوونەوە بە هێزتر دەکات و ئازار کەم دەکاتەوە و بە شانەکانی ژێر خۆی لە کاتی تیمارکردندا نانوسێت.

هەنگوین دەبێتە بەربەستێکی پارێزەر بۆ برینەکە لە تووش بوون بە نەخۆشی، لەگەڵ ئەوەشدا برینەکە پاك دەکاتەوە لە زۆر نەخۆشی کاریگەر، تەنانەت بۆ ئەو برینانەش کە تووشی نەخۆشی بوون، چارەسەری ئەو برینانەش دەکات کە دژەزیندەگی (antibiotic) تێیدا کار ناکات بەهۆی کارکردنی بەکتریای بەرگریکار (resistant bacteria)!

ماوەی (٢٠) ساڵ دکتۆر پیتەر dr peter molen کە یەکێکە لە پرۆفیسۆرەکانی کیمیای زیندەگی لە زانکۆی (وایکاتۆ) لە (نیوزلاند)، سەرپەرشتی توێژینەوەیەکی کرد و لە پێگەی apitherapy.com بڵاویکردەوە و تیایدا نووسیویەتی: [Randomized trails have shown that honey is more effective in controlling infection in burn wounds as silver sulphadiazine]

واتە: دەرکەوتووە بەکارهێنانی هەنگوین بە شێوەیەکی گشتی زۆر بەهێزتر و کاریگەرترە بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیەکانی برینی سوتاوی لە دەرمانی سەلفەدایەزید کە یەکێکە لەو دەرمانانەی بۆ سووتاوی بە کاردەهێنرێت لە جیهاندا.

لە گۆڤاری (burn) چەند پزیشکێك بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر پیتەرمۆڵەن تاقیکردنەوەیەکیان لەسەر ٧٠ کەس ئەنجامدا کە برینی سوتاویان هەبوو، بە هەنگوین چارەسەریان بۆ کرا، لە ئەنجامدا دەرکەوت بە (٧) رۆژ لە ٩٠٪ ی ٦٠ کەسیان چاك بوونەوە، دوای (١٥) رۆژیش بە تەواوی هەموویان چاك بوونەوە!! لە ئەنجامی ئەو توێژینەوانەش کە کردوونی توانیویەتی چەندین دەرمان لە هەنگوین دروست بکات ئەمەش لە پێگەی www.petermolan.com بڵاوکراوەتەوە لەوانە:




دەرمان لە هەنگوین بۆ تیمارکردنی برینی سوتاوی




٢-دژە ئۆکسانەکان (Anti oxidase) رێگری لە دروستبونی شێرپەنجە دەکەن: یەکێکی دیکە لە تایبەتیە سەرەکیەکانی هەنگوین ئەوەیە ماددەیەکی زۆری دژە ئۆکسانەکانی تێدایە. هەر مرۆڤێك بیەوێت ژیانێکی تەندروستی هەبێت پێویستە دژە ئۆکسانەکان بەکاربێنێت، چونکە دژە ئۆکسانەکان وا لە خانەکان دەکەن دوای کاری زیندەکی ناویان، خۆیان لە پاشەڕۆ زیانبەخشەکان پاك بکەنەوە و نەیەڵن مادده کیمیاییە خراپەکان کە لە ئەنجامی چالاکی سروشتی خانەکانەوە ماونەتەوە، کاربکەنە سەر خانەکان و ببنە هۆی لەناوچوون و خراپ گەشەکردنیان، چونکە ئەنجامی کارلێکەکان تەنە بنچینەییە سەربەستەکان (free-radicals) و (Oxidative stress) فرێ دەدەن کە زۆر زیان بەخشن، بۆیە توێژەرەوان سەلماندویانە هەر خۆراکێك دەوڵەمەند بێت بە دژەئۆکسان کەمترین ئەگەری تووش بوون بە شێرپەنجە و نەخۆشی دڵی هەیە!!

هەنگوین رەنگە جیاوازەکانیشی لە سپییەوە تا رەنگی رەش، لە هەر یەکێکیاندا پێکهاتەی جیاواز هەیە و هەر رەنگێك شیفای تایبەتی خۆی هەیە، زانایان دەریانخستوە ئەو هەنگوینانەی رەنگیان رەش و قاوەییە دژە ئۆکسانیان ٢٠ هێندەی رەنگی سپی و کاڵەکان زیاترە، چونکە پێکهاتەیان چرترە، نموونەی دژە ئۆکسانەکانیش وەکو: (pi-nocembirin ،anocembirin ،phenolic acid، christin acid، galagarin (... تاد.

٣- چارەسەرکردنی برینی گەدە و دوانزەگرێ: هەنگوین بۆ چارەسەرکردنی ئەم برینانە بەکاردێت، کە زۆربەی خەڵك پێوەی دەناڵێن کە لە ئەنجامی ناهاوسەنگی نێوان ئەنزیمی ترشی ناو گەدە ( acid-ity لەگەڵ سیستەمی بەرگری definitive factors یان بەهۆی بەکتریای (H-py-lori) دروست دەبێت. بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکان هەژماردەکرێت.

(د. دەیڤد ویلیامس) Dr david Williams یەکێکە لە توێژەرەوەکان کە بۆماوەی ٢٥ ساڵ توێژینەوەی لەسەر هەنگوین کردوە دەڵێت: هەنگوین ($H_2O_2$)ی تێدایە کە بەکتریاکان دەکوژێت. لەمانەوە دەرکەوت هەنگوین:

أ- بەکتریاکان لە ناودەبات (H-pylori).

ب- رێژەی ترشی acidity لە گەدەدا کەم دەکاتەوە.

ت- سیستمی بەرگری گەدە بەرز دەکاتەوە و دەبێتە هۆی دروست بوونی توێژاڵێکی بەرگری بە دەوری ناوپۆشی گەدە و سورێنجك و دوانزەگرێدا.

ئەو داتایانەی لەم بارەیەوە هەن دەیسەلمێنن بە رێگی بەکارهێنانی هەنگوین بە یەکجاری کۆتایی بە نەخۆشیی برینی گەدە دەهێنن!! توێژینەوەکان سەلماندویانە بەیانیان بە گەدەی خاڵی یەك کەوچك هەنگوین لەگەڵ نیو پەرداخ ئاوی شلەتێن بۆ ماوەی (٤٠) رۆژ بەبێ دابڕان، چارەسەری نەخۆشیی برینی گەدە دەکات، بەتایبەتی ئەو توێژینەوانە لە میسر و سعودیە و رووسیا ئەنجامدراوە.

٤- بەکارهێنانی بۆ نەخۆشییەکانی چاو: لەبەرئەوەی هەنگوین خاسیەتی دژە هەوکردنی تێدایە، دەتوانرێت بۆ برینی هاوێنەی چاو و شکبونەوەی چاو بەکاربهێنرێت، لە ئێستاشدا کراوەتە قەترەی چاو، لە پێگەی (دەیلی مەیڵ) Daily mail ی بەریتانیدا هاتووە:

..............American apitherapy society showed a significance improvement in corneal ulcer condition with topical honey when other agent have no efficacy

واتە: کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ چارەسەر بە هەنگوین سەلماندویانە ئەوانەی بە مەڵهەمی هەنگوین چارەسەری نەخۆشی برینی هاوێنەی چاویان بۆ کراوە، ئەنجامیان زۆر باشتر بووە لەوانەی کە بە مەڵهەمەکانی تری چاو چارەسەریان بۆ کراوە و زۆر جار ئەنجامیان نەبووە.

لە هەمان سەرچاوەی (دەیلی مەیل)دا هاتووە کە: گیراوەی کەوچکێك هەنگوین لەگەڵ ئاوی پاك، یەك دوو دڵۆپ لەو گیراوەیە بکرێتە چاوەوە چارەسەرە بۆ حەساسیەتی چاو و سووربوونەوە و خوراندنی... تاد.




بۆ هەوکردن و خوراندنی چاو بەکاردەهێنرێت

٥- دژە بازدان: هەنگوین کاریگەرییەکی تەواوی دژی بازدانی بۆماوەیی هەیە، هەروەك لە پەیمانگای پێگەی کتێبخانەی هەناوی نیشتمانی ئەمریکی نووسراوە:

US national library of medicine

national institute of health: honey is shown to have strong anti-mutagenic agent and hence anti-carcinogenic property

واتە: دەریانخستووە کاریگەری زۆری هەیە لە دژە بازدانی بۆماوەیی و شێرپەنجە.

●سودێکی تری هەنگوین ئەوەیە پارمەتی خەوتن دەدات.

●لە خواردن و خواردنەوەی هەنگویندا شەکر بەرزکردنەوە بە شێوەی ئاسۆیی

دەبێت و زیان بە پەنکریاس ناگەیەنێت، بە پێچەوانەی شەکر و شیرینیە دەستکردەکان، کە بە شێوەیەکی ستونی و کتوپڕ شەکر بەرز دەکەنەوە و زیان بە پەنکریاس دەگەیەنن و مرۆڤ تووشی نەخۆشی شەکرە دەکەن.

●هەروەها هەنگوین یارمەتیدەرە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش.

٦- پرۆفیسۆر مۆلن لە دیسەمبەری ٢٠٠١ لە گۆڤاری Gent Dent توێژینەوەیەکی لەسەر هەنگوین بڵاوکردەوە دەڵێت: لەبەرئەوەی دەوڵەمەندە بە ڤیتامینەکان بە تایبەتی ڤیتامینی B2 بەرگری دەکات لە هەوکردنی ناو دەم و پوك و هەوکردنی زمان و... تاد.

٧- دژە حەساسیەت: بەکاردێت بۆ نەخۆشییەکانی ڕەبو و بۆری هەوا و کۆکە بە تایبەتی لە منداڵانا.







لە ئێستادا چەندین نەخۆشخانە و شوێنی پزیشکی بۆ چارەسەرکردن بە هەنگوین و بەرهەمەکانی دیکەی هەنگ لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کراونەتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئیعجازی چارەسەری هەنگوین دەردەخەن.

چارەسەریەکانی هەنگوین زۆر لەمانە زیاترن و لێکۆڵینەوەکان چەندین شتی سەرسوڕهێنەری تریان دۆزیوەتەوە و بەردەوامیشن، بەڵام لێرەدا لەبەر درێژ نەبوونەوەی بابەتەکە بەمەندە کۆتایی دێنین.

**ڕووی ئیعجاز:**

١- بەهۆی گرنگی پێکهاتەی هەنگوین، هەموو مرۆڤێك تەندروست بێت یان نەخۆش، دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت وەك خۆپاراستن یان چارەسەرکردن (فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ).

٢- لە ئایەتەکەدا وشەی شیفا بە نەناسراو هاتووە ئەمەش لێکۆڵینەوە لە شیفای هەنگوین فراوان دەکات و، بۆی هەیە چەندین نەخۆشی تر کە ئێستا نەدۆزراوەتەوە بە هەنگوین بە تەنیا یان بە تێکەڵکردنی لەگەڵ ماددەی تر چارەسەر بکرێن.

٣- ئایەتەکە دەفەرموێت: (لِّلنَّاسِ) ئەو لامە لە زمانی عەرەبیدا ئەوە دەگەیەنێت، ڕێژەی شیفا زیاد و کەم دەکات بەهۆی جۆری نەخۆشی و نەخۆشەکەوە، ئەمەش کە لە لێکۆڵینەوەکانەوە سەلمێنراوە.

٤- ئیعجازێکی تری ئایەتەکە، ڕیزبەندکردنی شوێنی کورەی هەنگەکانە، ئەویش لە باشترین بەرهەمیەوە کە لە چیاکانە و پاشان دارەکان و پاشان شوێنەکانی دیکە، ئەمەش زانستی ئەمڕۆ سەلماندویەتی کە باشترین جۆری هەنگوین لە چیاکاندایە، چونکە بە تەواوی سروشتیە لە پێگەکانی honey.com و benefits of honey بەم شێوەیە ئاماژەیان بۆ ئەم ڕاستیە کردووە و نوسیویانە:

Laboratory reports have established our products as wild honey، which has more superior (seven times more) health benefits than honey extracted form man-made hives.

واتە: لە تاقیکردنەوەکاندا دەرکەوتوە بەرهەمەکانی هەنگوینی چیایی حەوت جار لە ڕووی تەندروستیەوە بەرزترن لە هەنگوینەکانی تر کە لە شوێنە خۆماڵیەکاندا دروست دەکرێن.

٤- خوای گەورە فەرموویەتی: (يَخۡرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهُۥ) نەیفەرمووە (يخرج من بطنه) واتە بە کۆ باسی سکی هەنگی کردووە نەك بە تاك، ئەمەش هەرچەندە ئیعجازێکی بەرز و بڵندی داڕشتنی وشەکانی قورئانە، لەهەمان کاتدا وردی بەکارهێنان و ڕێکخستنی وشەکانی قورئانیشە، لەو کاتەدا چۆن زانراوە سکی هەنگ لە چەند بەشێك پێکهاتووە؟ لەم کتێبەدا بەم شێوەیە باسکراوە The biology of honey bee .by Mark L.Winston honey bee abdomen is composed of nine to ten segments internally

واتە سکی هەنگ پێکهاتووە لە نۆ بۆ دە بەش لە ناوەوە!! بۆیە هەر وشەیەك یاخود هەر پیتێك لە قورئانی پیرۆزدا دارایی چەندەها نهێنین، چونکە ئەم قورئانە تەنها لەلایەن خوای گەورەوە دابەزیوە.. سکی هەنگ لە (٩ بۆ١٠ بەش پێکهاتوە) و هەر بەشێکی ماددەیەك دروست دەکات وەك: هەنگوین، خواردنی شاهانە، مۆم... تاد.

هەر بۆیە لە کۆتاییدا فەرموی: (إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةً لِّقَوۡمٍ يَتَفَكَّرُونَ). واتە: لەمەدا بەڵگە و نیشانەی زۆری تێدایە بۆ ئەوانەی ژیریيان لەم ئایەتە گەورە و پیرۆزانە خستۆتە کار و لێی گەیشتوون.

٦- قورئانی پیرۆز زۆر لە پێش زانستی سەردەمەوە ئاماژەی بە ڕووە ئیعجازیەکانی هەنگ و هەنگوین کردووە، تا زانستیش پێشتر بکەوێت بێگومان سەرسوڕهێنەرەکانی زیاتر دەردەکەون و ئیعجازی قورئان زیاتر ڕۆشن دەبێتەوە.

بەڵێ هەنگ، چ بە سرووشت و چ بە کارەکانی ئیعجازە، ئیعجازێکی هێندە مەزنە کە خوای گەورە سورەتێکی گەورەی قورئانی پیرۆزی پێ ناوناوە.

**سەرچاوەکان:**

**کتێبەکان**

1-Miracle of honeybee..edited by Tam Mossman 2007

2-The biology of honey bee .by Mark L.Winston

**پێگەکان:**

http://news.bbc.co.uk/2/hi/health/3787867.st

http://www.benefits-of-honey.com/wild-honey.htm

http://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC3865795/

http://www.drdavidwilliams.com/ulcer-natural-treatments/

http://www.dailymail.co.uk/health/article-2178816/Man-cures-painful-eye-infection-99p-jar-honey.html

http://honeywoundcare.com/userfiles/JAWMA%20review(1).pdf

http://www.petermolan.com/honey-research

http://www.livestrong.com/article/179507-antiviral-properties-of-honey/

http://www.webmd.com/vitamins-supplements/ingredientmono-738-honey.aspx?activeingredientid=738&activeingredientname=honey#vit_uses



# نزمكردنەوەی دەنگ و پاراستنی قوڕگ لە نەخۆشی!

وێنەی دەنگە ژێی تەندرووست

ن: د. سمیحە بنت علی مراد        و: سایە فارس

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا، لە سورەتی لوقمان دا دەفەرموێ: ﴿وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ ١٩﴾.

**ڕاوبۆچوونی زانایان لەسەر ئەو ئایەتە پیرۆزە:**

ئیبن کەسیر: مەبەستی خوای گەورە لە ﴿وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَ﴾ ئەوەیە کە زیادەڕەوی نەکەیت لە قسەکردن و دەنگ بۆ شتێك بەرز نەکرێتەوە کە سوودی نییە.

- سیوتی: ﴿وَٱغۡضُضۡ﴾ بە مانای نزم کردنەوە دێت.

- سەعدی: بە ئەدەب بوونە لەگەڵ خوای گەورە و لەگەڵ خەڵکیشدا.

- تەفسیری (المیسر): ﴿وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَ﴾ بە مانای دەنگت بەرز مەکەرەوە.

- سەید قوتب: نزم کردنەوەی دەنگ، ئەدەب و متمانە بەخود و دڵنیابوونە لە ڕاستی و بەهێزیی وتەکان، کەسێك ناقیژێنێ و هاوار ناکات لە قسەکردندا ئەگەر کەسێکی بەڕێز و بە ئەدەب بێت، یان گومانی لە بەهای خۆی و بەهێزی وتەکانی هەیە، هەوڵ دەدات بە دەنگ بەرزکردنەوە و قیژە و هاوار بۆ شاردنەوەی گومانەکەی بەکاربهێنێ.

ئەو قسەیە خوای گەورە و لەسەر زاری لوقمانی حەکیم کە ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات بۆ ئەوەی کەسێکی سەر ڕاست بێت بۆمان دەگێڕێتەوە.

﴿وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَ﴾ واتە کەم کردنەوە لێی و زەحمەت نەخستنە بەرخۆ بە دەنگ بەرزکردنەوە، هێندەی پێویستە لێی وەربگرە و زیاد لە پێویست دەریمەخە و ئاشکرای مەکە. ئەمەش مانای ئەوە نییە هەرگیز دەنگت بەرز نەکەیتەوە، بەڵکو کاتێك پێویستی کرد دەنگ بە پێی پێویست بەرزبکەرەوە، بەتایبەتی کاتی بانگدان و وتاردان.

ئەوەی لە مرۆڤ نەهی کراوە ئەوەیە دەنگ بەرزکردنەوە و دەرخستنی بکاتە نەریت. ئەم نەریتە عەرەب پێی ناسرابوو لە سەردەمی نەفامیدا، ئەوان شانازییان بە دەنگ بەرزی خۆیانەوە دەکرد. خوای گەورە نەهی لەوە دەکات و زەمی ئەو ڕەفتارە دەکات و دەفەرمویێت: ﴿إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ ١٩﴾.. کەواتە مەبەست لە نزمکردنەوەی دەنگ وازهێنانە لە زۆر هاوارکردن.

**ڕاستی زانستیی:**

ئەم یاسا قورئانییە ئەگەر مەبەست لێی خۆ بەکەم زانین بێت لەناو خەڵکیدا و خۆ بە گەورە نەکردن و بە کەم سەیر نەکردنیان بێت، ئەوا خراپ بەکارهێنانی دەنگ بە بەرزکردنەوەی دەنگە ژێکان ماندوو دەکات و بە هۆکاری ڕێخۆشکەر دادەنرێت بۆ تووش بوون بەو نەخۆشییانەی کە تووشی قوڕگ دەبێت.

ئەم یاسا قورئانییە دوو حیکمەتی تێدایە:

حیکمەتێکی کۆمەڵایەتی و حیکمەتێکی پزیشکی.

**ئەو نەخۆشییانەی قوڕگ کامانەن کە خراپ بەکارهێنانی دەنگ، بە هۆکاری ڕێخۆشکەری دادەنرێت؟**

**یەکەم:** قسە کردن بە دەنگی بەرز و قیژوهوڕ بە هۆکاری هەوکردنی درێژخایەنی قوڕگ دادەنرێت، بە جۆرێك نەخۆش سکاڵای دەنگ گرپی و دەنگ نووسان دەکات و، هەست بە ئارامی ناکات لە قوڕگیدا. خۆپاراستن لەم نەخۆشییە بە دوورکەوتنەوە دەبێت لە هۆکارەکانی ماندووکردنی قوڕگ، ئەویش بە قسەنەکردن دەبێت، مەگەر بە چپە تا ئەو کاتەی قوڕگی دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی.جگە لە خراپ بەکارهێنانی دەنگ، جگەرە کێشان و خواردنەوە کهولییەکانیش هۆکاری ترن.

**دووەم:** باش بەکارنەهێنانی دەنگ دەبێتە هۆی دروست بوونی گرێ لە سەر دەنگە ژێکان. زۆربەی جار دروست بوونی هەوکردنی قوڕگ و ماندوویی و شەکەتی قوڕگ دوو هۆکاری ڕێخۆشکەرن بۆ دروست بوونی ئەو گرێیانە.

نەخۆشەکە دەنگی دەنوسێت و دەبێتە هۆی تەنگە نەفەسی ئەگەر گرێکان گەورە بوون. چارەسەریش لابردن و لێکردنەوەی گرێکانە و، خۆ پارێزیش بە دوور کەوتنەوەیەتی لە هۆکارەکانی

تووش بوون وەك ئاماژەی پێکرا.

**سێیەم:** دەرکەوتنی جۆرێکی تری گرێی قورگە کە بە گرێی گۆرانیبێژەکان ناو دەبرێت، چونکە زیاتر لە ناو گۆرانی بێژەکاندا بلاوە، بە هەمان شێوە ئەمانیش لەسەر دەنگەژێکان دروست دەبێت و قەبارەیان جیاوازە و، چارەسەریش ئەوەیە کە لاببرێن و، لەسەر دەنگە ژێکان جیابکرێنەوە و، بۆ ماوەی 10 رۆژ قسە نەکات، بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە سەر باری پێشوو. هەروەها نەخۆشەکەش ڕادێت لەسەر ماندوو نەکردنی قورگی، یان کەمکردنەوەی ئەو هۆکارانەی قورگی پێ نەخۆش دەبێت.



وێنەی درووست بوونی گرێی گۆشتی لەسەر دەنگە ژێکان

**چوارەم:** خراپ بەکارهێنانی دەنگ بە یەکێ لە هۆکارەکانی تووش بوون بە گرێی سەرەتانی دادەنرێت لە قورگدا، ئەوەش لە ڕێی هەوکردنی درێژخایەن لە قورگدا. ئەو گرێیانە چەند نیشانەیەکیان هەیە، دیارترینیان دەنگنووسانە، هەروەها جگەرە کێشان و خواردنەوە کهولییەکان هۆکاری سەرەکین لە دروست بوونی ئەو جۆرە گرێیانە.

**پێنجەم:** دەنگ بەرکردنەوە و ماندووکردنی قورگ دەبێتە هۆی دەنگنوسان، ئەو حاڵەتەش زۆر بلاو و ناسراوە. زۆرێك لەو کەسانەی دەچنە گەشت یان ئاهەنگەکان، بەهۆی زۆر بەکارهێنانی قورگیانەوە هەمان رۆژ یان رۆژی دواتر هەست بە دەنگ نوسان دەکەن، بەهۆی ماندووبوونی دەنگە ژێکانیانەوە کە لەوە زیاتر ناتوانن هەماهەنگ بن لەگەڵ نەخۆشەکەدا کاتێك کە دەیەوێ قسە بکات، چارەسەر ئەوەیە بۆ ماوەی چەند رۆژێك قسە نەکات، بۆ ئەوەی دەنگە ژێکانی هێور ببنەوە و دەست بە کارە دەنگییەکانیان بکەنەوە.

**شەشەم:** دەنگ بەرزکردنەوە بەردەوام بە هاوارکردن وا دەکات دەنگە ژێکان بەریەکبکەون و، ببێتە هۆی خوێن بەربوونی رووپۆشی ناوەوەی، بەهۆی بەریەککەوتنیان.

**رووە ئیعجازییەکەی:**

نزمکردنەوەی دەنگ کە لە قورئانی پیرۆزدا ماوەی 14 سەدەیە ئاماژەی پێکراوە، سوودی خۆپاراستنی هەیە و خۆپارێزییەکی باشە کە نەزانرابوو تا سەدەکانی دوایی و پاش پێشکەوتنی هۆکارەنی پشکنینی پزیشکی نوێ.

بەوەش ئیعجازی زانستیی لە ئایەتە پیرۆزەکە کە سەرەتا ئاماژەمان پێکرد، ڕوون دەبێتەوە. وەك ئاشکرایە کاتی دابەزینی قورئانی پیرۆز لە رووی زانستییەوە ئەوە نەزانرابوو و نەسەلمێنرا بوو.

سەرچاوە: گۆڤاری (الإعجاز العلمي) ژمارە 38 ربیع الاخر 1432.

قال رسول الله ﷺ « إنه خلق كل إنسان من بني آدم على ستين وثلاثمائة مفصل.. » رواه مسلم و أحمد

## واتە: هەموو مرۆڤێکی نەوەی ئادەم لە 360 جومگە دروست کراوە





ژمارەی جومگەکانی لەشی مرۆڤ 360 ە، هەروەک پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پێش چوارده سەدە دیاریکردووە، پرسیارەکە ئەوەیە کێ جگە لە خوای گەورە ئەم ڕاستیە زانستیەی فێری پێغەمبەری بەرێز کرد، کە مرۆڤایەتی هەتا کۆتایی سەدەی بیستەم پێی نەگەیشت؟!

### زانستیی: ژمارەی جومگەکانی لەش

جومگەکانی ئێسکی کەللەی سەر 86

جومگەکانی قورگ 6

جومگەکانی قەفەزی سنگ 66

جومگەکانی بڕبڕەی پشت و حەوز 76

جومگەکانی پەلەکانی سەرەوە 64

جومگەکانی پەلەکانی خوارەوە 62

کۆی گشتی:
86+6+66+76+64+62=360

# مەی و هەڵسوکەتی شەڕانگێزی

## ئیسلام دینی پاك و خاوێنییە،
## دینی ئاشتی و تەبایی و پێکەوە ژیانە و دوورە لە شەڕ و ئاژاوە.

و: سەمیرە تەیب ڕەشید

ئازیزان، ئیسلام هۆش و لاشە و سامان و شەرەف و دین و بوونمانی پاراستووە، لە هەموو ڕوویەکەوە پاراستوونی. تەنها ئەوانەشی لەسەر حەرام کردووین کە دەبێتە هۆی زیان گەشتن بە خۆمان و ئازاردانی خەڵکی. فەرموون ئێوە و حیکمەتی حەرامکردنی مەی، کە خوای گە ورە باسی لێوە کردووە و، بۆچی حەرامی کردووە؟

ئامارە زانستییەکان دەڵێن ساڵانە ملیۆنان کەس بەهۆی ئالوودە بوون بە مەی و ماددە هۆشبەرەکانەوە گیان لەدەست دەدەن، هەروەها ملیۆنان ڕووداووی هاتووچۆ بەهۆی سەرخۆشییەوە ڕوودەدات کە زۆربەیان کارەساتی دڵتەزێنی لێ دەکەوێتەوە. بەپێی ئامارەکان بە تەنها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەژدە ملیۆن ئالوودە بوو بە ماددە هۆشبەرەکان هەن. لە دۆزینەوە زانستییە تازەکانیشدا جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە زۆربەی ئەو گەنجانەی مەی دەخۆنەوە هەڵسوکەوتێکی شەڕانگێزیان بەرامبەر خەڵکی لا درووست دەبێت:




ئەمە سەرنجی زانا ئەڵمانیەکانی ڕاکێشا و بڕیاریاندا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت کە خواردنەوەی مەی و ماددە هۆشبەرەکان بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێتە هۆی لەکار خستنی زۆرێك لە دەمارەخانەکانی مێشك بەتایبەت لەناوچەی پێشەسەر (الناصية)، کە لێپرسراوە لە فەرمان دەرکردن و سەرکردایەتی کردن، لە ئەنجامدا مرۆڤ هاوسەنگی تێکدەچێت و توانای زاڵبوونی بەسەر هەڵسوکەتی خۆیدا نامێنێ و لە دەستی دەدات، کە بە هۆیەوە هەڵسوکەوتێکی شەڕانگێزانەی لا دروست دەبێت بە ڕووی کەسانی بەرامبەریان.

کەواتە ڕاستیی زانستیی دەڵێت مەی دەبێتە هۆی دروست بوونی هەڵسوکەتی شەڕانگێزی و دڕندانە و ڕەفتاری توند و تیژانە و دەست درێژی کردنە سەر ژن و ماڵ و دراوسێ و برادەرانی. بەڵام قورئانی پیرۆز چواردە سەدە لەمەوبەر پێش ئەم ڕاستییە زانستییە کەوتووە و خوای گەورە دەفەرموێت:
﴿ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾ ﴾ المائدة.

واتە: بەڕاستی شەیتان دەیەوێت لە ڕوانگەی مەی خواردن و قوماربازی دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی بخاتە نێوانتان و، لە یادی خودا و، لە نوێژ، پێشتان لێ بگرێت و وەرتان گێڕێ، جا ئایا دەست هەڵدەگرن و دەست بەردار دەبن.




مەی و ماددە هۆشبەرەکان هۆکارێکی ڕاستەوخۆی توند و تیژی و ئاژاوەی ناوماڵەکانە.

کەواتە ئەگەر پێغەمبەر ﷺ خەسڵەتی شەڕانگێزی تێدا بووایە وەك دوژمنانی دینەکەمان هەڵیانبەستووە، بۆچی مەی حەرام دەکات؟ بۆچی بە هۆکارێکی سەرەکی شەڕ و ڕقی نێوان خەڵکی دادەنێت؟

ئەم ئایەتەی خوای گەورە بەڵگەیەکی گومان لێ نەکراوە کە ناردنی پێغەمبەر ی خودا ﷺ بەزەییەکی گەورەی خوای میهرەبان بووە و ئەم ڕاستییانەی بۆ دەرخستووە کە مرۆڤی ئاسایی نەیدەزانی کە مەی و ماددەی هۆشبەر دەبێتە هۆی لە کارخستنی بەشی پێشە سەری مرۆڤ کە لە مرۆڤێکی ئاساییەوە دەیگۆڕێت بۆ کەسێکی شەڕانگێز.

کەواتە ئەم دینە وەك بەزەییەك هاتووە بۆ هەموو خەڵکی بە گشتی و بەزەییەکە بۆ ماڵ و منداڵ و کەس و دراوسێی و هەموو کەسی موسڵمان و بێ دینەکانیش. خۆزگە هەموو کەس درکی بەم ڕاستییە دەکرد.

سەرچاوە:
- وتارێکی د. عبدالله المصلح.
https://www.youtube.com/watch?v=e4LEiCDsdvM

# منداڵێکی سورفل

# لە دایك و باوکێکی ڕەش پێست

ن: ئەندازیار عبد الدائم الکحیل          و: ناسك ئیسماعیل عەزیز

لە یەکێك لە هەواڵەکاندا لە بەریتانیا، منداڵێکی سورفلی چاو شین لە دایك و باوکێکی ڕەش پێست لە دایك بوو، کە ئەگەرێکی زۆر دەگمەنە ڕووبدات، دایك و باوکی منداڵەکە وەها سەرسامی خۆیان دەربڕی کە دەیان وت: « هەردووکمان پاش لە دایك بوونی، هەردوو چاومان بڕیبووە منداڵەکە!» ئەم حاڵەتە دایك و باوکەکە لە ڕەچەڵەکێکی تێکەڵاوە نەبوون، بۆیە پرۆفیسۆر براین سکایز، سەرۆکی بەشی جینەکان لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە بەریتانیا، دەڵێت: بۆ ئەوەی منداڵێکی تەواو سپی پێست لە دایك ببێت، دەبێت دایك وباوکەکە ڕەچەڵەکی سپی پێستیان تێدا بێت. لێکدانەوەی ئەو ئەنجامەش، کە «گۆڤاری تایمز» بڵاوی کردۆتەوە، لە تێکەڵاو بوونی ئەو ڕەچەڵەکەدایە، کە ژنان جینی پێستی سپی و ڕەشیان تێدایە، هەروەها جینی پیاوانیش بە هەمان شێوەیە، کە لە تۆویاندا هەردوو جۆرە جینەکەی تێدایە..

پزیشکەکان ئەو بۆ چوونەشیان ڕەتکردەوە، کە ئەم منداڵە لە گروپی ئەو منداڵانە بێت کە ئێجگار سپین، بە هۆی ئەو تێکچوونە بۆماوەییەی کە تووشی سیستەمی ڕەنگی پێست دەبێت، کە بە (شڵ) ناسراون و بە ئینگلیزی «Albino»ی پێدەوترێت، ئیدی جگە لە یەك لێکدانەوە نەبێت، هیچی دیکەیان بۆ نەگوترا کە ئەویش «ئارەزوویەکی جینی» بێت.

**چۆن پێغەمبەر ﷺ دەیڕوانیە ئەم جۆرە حاڵەتە دەگمەنانە؟**

لەسەر دەمی نەفامی دا کە پێغەمبەر ﷺ لەو کاتەدا بوو بە نێردراوی خوای گەورە، وەها باو بوو کە ئەگەر هەر ئافرەتێك منداڵێکی ببێت و ڕەنگی پێستی جیاواز بێت لە ڕەنگی پێستی باوانی، ئەوا ئەو ئافرەتە داوێن پیسی کردووە و ئەو منداڵەش هی باوکی خۆی نیە،لەو سەردەمەشدا کێشەیەکی وەك ئەو منداڵە سورفلە ڕووی دا، «لە ئیبن عومەرەوە خوای لێ ڕازیبێت دەگێڕنەوە، کە پیاوێکی دەشتەکی هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و پێی گوت، ئەی نێردراوی خودا، خێزانەکەم لە سەر جێگای خۆم منداڵێکی پێست ڕەشی بوو، منیش پیاوی بنەماڵەیەکم، کە هەرگیز ڕەش پێستمان تێدا نەبووە.»

بە ڕاستی حاڵەتێکی سەیرە، کە دایکێك منداڵێکی ڕەش پێستی ببێت، لە باوانێکی سپی پێست، لە خێزانەکەشدا هیچ کەسێکی ڕەش پێستی تێدا نەبێت، هەر بۆیە ئەو پیاوەش لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ گومانی لە خێزانەکەی کردبوو، بەڵام ئاینی ئیسلام فێری ئەوەی کرد بوو کە پەلە نەکات لە دادگایی کردندا و ڕاوێژ بە یەکەم مامۆستای خۆی بکات ﷺ، پرسیارەکەش لێرەدا ئەوەیە، کە چۆن، پێغەمبەر ﷺ ئەو کێشەیەی چارەسەر کردووە؟ ئایا ئەوەی کە کەسانی سکولاریزم ڕەخنەی لێ دەگرن ڕاستە، کە گوایا پێغەمبەر ﷺ بە پێی چەمکی ڕۆژگارەکەی خۆی لەگەڵ خەڵکی دا دوواوە، جا ئەوە تێگەیشتنەی خەڵکی هەڵە بوو بێت یان ڕاست، گرنگ نەبووە؟ بێگومان خۆ لە ئەو سەردەمەدا، کەس هیچی لە بارەی بیردۆزی جینەکان و بۆماوە و ئەندازیاری بۆماوەزانیەوە نەدەزانی، بەڵام پێغەمبەری میهرەبانی، بە زمانێك ئەو دەشتەکیەی دواند کە لێی تێبگات و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ ئەم هەواڵە زانستیەی ئێستاشدا یەك دەگرێتەوە.

«پێغەمبەر ﷺ بە پیاوە دەشتەکیەکەی فەرموو: ئایا وشترت هەیە؟ پیاوەکەش وەڵامی دایەوە گوتی: بەڵێ، پێغەمبەر فەرمووی: ئەی ڕەنگیان چۆنە؟ ئەویش وتی: سوورن، فەرمووی: ئەی ڕەشیان تێدایە؟ وتی: نەخێر، فەرمووی ئەی خۆڵەمێشییان تێدایە؟ وتی: بەڵێ، ئەی ئەوە چۆن پەیدابووە؟ پاشان فەرمووی: ڕەنگە ئەوە نەژادەکەی بەلای خۆیدا ڕایکێشابێت (ئەو ڕەنگەی لە باوانەوە بۆ هاتبێت و ڕایکێشا بێت)، دەشێ ئەو کوڕەی تۆش نەژادەکەی بەلای خۆیدا ڕایکێشابێت». (فەرموودەیەکی «حسن صحیح»ە و ئەبو داود گێڕاویەتیەوە).





وێنەیەکی تری هەمان حاڵەت

بروانن پاش زیاد لە هەزار و چوارسەد ساڵ، هەمان حاڵەت دووبارە بووەوە، لێکۆڵینەوەی پزیشکەکانیش ئەوە دوپات دەکەنەوە کە دەشێت ئەم حاڵەتە جینەکان «ئارەزوویەکی جینی بێت»، کە پێغەمبەریش ﷺ بە «دەشێ ئەوە نەژادەکەی ڕایکێشابێت و چووبێتەوە سەر نەژادەکەی» گوزارشتی لێکردووە، هەر ئەو دەستەواژەیەش هاوتای قسەی زانایانی ئەم سەردەمەیە، پاك و بێگەردی بۆ خودای گەورە و بەرزی پەیامەکەی.

**سەرچاوە:**

http://www.kaheel7.com/ar/index.php/2010-02-02-22-25-21/175-2010-07-23-12-23-38

**سەرچاوەی نووسەر:**

http://arabic.cnn.com/2010/scitech/7/21/black.whitebaby/index.html
www.thesun.co.uk
http://creationresearch.net/items%20subjects/Black_Parents_White_Baby.html
http://www.sciforums.com/threads/black-parents-white-child-polygenic-inheritance.109637/
http://genetics.thetech.org/ask/ask9

# گەورە زانای موسڵمان پیری ڕەیس (Piri Reis) دۆزەرەوەی ئەمریکای باشوور پێش کۆڵمبۆس.

**لەو کاتانەی کە وڵاتی موسڵمانان بەهۆی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە لە سەردەمی زێڕینی خۆیدا بوو، هاوڵاتیانی ئەم نیشتیمانە فراوانە بێ جیاوازی بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی سەرقاڵی دۆزینەوە و داهێنان بوون و لە پێشڕەوی زانستیدا بوون، لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی تر بە دەست ئاژاوە و خوێنڕێژیەوە دەیاناڵاند.**

ئا: محمد حسین کریم muhamed.hussen@yahoocom

### پێشەکی:

زۆرگرنگە بزانرێت ئەو زانست و زانیارییەی بە درێژایی مێژوو بە دەست هاتووە هەوڵی مرۆڤایەتییە بەگشتی و، ڕاست نییە بکرێت بە موڵکی بەشێك لە دانیشتوانی ئەم هەسارەیە و بووترێت ئەوانی تر هیچیان نییە و پاشکۆ و دواکەوتوو بوون، بەڵکو هەر نەتەوە و گەلێك بە جۆرێك لە جۆرەکان لە دروست بوونی شارستانیەکاندا کاریگەرییان هەبووە، لە نێوان یەکتریشدا ئاڵوگۆڕ ڕویداوە و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە بووە و دەبێت، ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە لە ژێر کاریگەری سیاسەتکردندا هەوڵەکان لە خاوەنەکانیان زەوت نەکرێت و بە بێ بەها و بێ ڕێز سەیر نەکرێت، یان هەر هیچ نەبێت ڕۆڵیان لە بونیادنانی ڕێڕەوەی ژیان دیزە بە دەرخۆنە نەکرێت و لەکاتی کەڵك لێوەرگرتنیان ئاماژە بە سەرچاوەکان بکرێت وەك ئەوەی لە زۆر لەلایەنەکانی دیکەی ژیاندا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی ئەوە لە لایەنی سیاسیدا زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێت. یان زۆر جار کە ئێمە مانان باس لە ڕۆڵی پڕ شکۆی موسڵمانان دەکەین هێندێك کە خۆیان بە خوێندەوار دەزانن و خاوەن بڕوانامەن لە بوارێك لە بوارەکاندا زۆر بەکەللە ساردیی و بەبێ ئەوەی هیچ هەوڵێکی دابێ یان گەڕانێك یان لێکۆڵینەوەیەکی کردبێت یان لانی کەم خوێندبێتیەوە دەڵێت: ئەوانە خورافەیە؟ سەیرە لە کاتێکدا بۆ ئەم بەرهەمەی لێرەدا دەیخەمە ڕوو چەندەها کۆمەڵە زانا و پسپۆڕی شارەزای بواری زانستی جوگرافیا و نەخشەکێشانی گۆی زەوی بۆ دەیەها ساڵ سەرقاڵکردووە و دوای بەکارهێنانی ئامێرە پێشکەوتووەکان لەو بوارەدا و دوای بەراوردکردنیان.. ئەمجا ئەو قسانەیان کردووە کە ئێمە بە کورتی ئاماژەمان پێداوە. خۆشەویستان! دووانێن لەهەرچیەك بکرێت بە تایبەت لە بواری زانستیدا (العلوم التجريبية) باشتر وایە شێوازی خستنە ڕووی تیادا هەبێت بە جۆرێك کە دەبێت ڕوون بن و، قسەوباسی تر هەڵنەگرێت و ڕاستەوخۆ ئەو مەبەستەی کە هەیە بیدات بە دەستەوە، لێرەدا دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە: موسڵمانان لەسەر ئەم گۆی زەوییە بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانیان توانیویانە شارستانیەکی خزمەتگوزار بە ژیانی مرۆڤایەتی بونیاد بنێن کە سەرچاوەکەی ئاینی ئیسلامە، کە تا ئەمڕۆش کاریگەریەکانی دیارن ونکوولی کردن لێیان نیشانەی نە شارەزایی و بێ ئاگایی بوونە لە زانستی ئەم سەردەمە! ئاینێ کە یەکەم وشە تێیدا فەرمان بێت بە خوێندنەوە کە ئەویش گرنگترین دەروازەیە بۆ تەشەنەکردنی زانست و زانیارییەکان.

بۆیە دەمانەوێت بۆ لە مەودوا چەردەیەك لەسەر بەرهەمی پیاوان و زانایانی نەتەوەی موسڵمان پێشکەش بکەین، یەکەم: بۆ شارەزا بوون لە مێژووی پڕ شکۆی دوێنێی موسڵمانان و دووەم: بۆ دەرخستنی هێندێك لەو بەرهەمانەی کە شاردراونەتەوە بە پاڵنەری سیاسی و شێوێندراون سێهەمیش: با چیتر ڕۆڵەکانی ئێمە بە شەرمەوە نەڕواننە خۆیان وخۆیان لەبیر نەکەن..

### پیری ڕەیس:

یەکێك بووە لە زانایانی بواری جوگرافیا و دەریاوانێکی زۆر چاپوك و چالاك بووە، لە هەمان کاتدا سەرکردەیەکی سەربازی ئازای کەشتیگەلی دەوڵەتی خیلافەی عوسمانی



بووە لە سەردەمی خۆیاندا کە باڵادەستییان بەسەر دەریاکاندا هەبووە.. ئەویش (ئەحمەد موحیەدین کوڕی محمد ئەلڕەیسی قەرەنانی عوسمانییە)ە، کە بە (پیری ڕەیس) ناسراوە، مێژوونووسان لەسەر مێژووی لە دایکبوونی ئەم دوو مێژووە دەڵێن: (٨٧٢ك یان ٨٧٧ك -٩٦٢ك) بە ساڵی زانینی (١٤٦٥ یان ١٤٧٠-١٥٥٥م) بووە. لە بەردەستی مامیدابووە لە حەوت ساڵیەوە کە ئەویش دەریاوانێکی شارەزا و لێهاتووبووە.

### دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکای باشوور:

زۆربەی زۆری خەڵك و تەنانەت لە ناو کتێبەکانی خوێندنیشدا ئەوە جێگیر کراوە کە گوایا (کریستۆف کۆڵمبۆس: (کریستۆفر کۆڵمبۆس) (١٤٥١ — ١٥٠٦ز) دۆزەرەوەی ئەمریکای باشوورە بەڵام ئەوەی لە ڕاستیدا هەیە پێچەوانەی ئەوەیە کە بڵاوبۆتەوە.. (ئەب ئەنیستاس ئەلکرملی) ناوەکەشی: (بوترس جبرائیل یوسف عواد)ە، (١٢٨٣-١٣٦٦ك، ١٨٦٦-١٩٤٧ز) زانای ئەدەب و فەلسفە و زمانی عەرەب دەڵێت: موسڵمانەکان پێش کولومبۆس ئەمریکایان دوزیوەتەوە ئەویش بەهۆی شارەزابوونی زۆریان لە تەوژمی ئاوی گەرمی ناو زەریای ئەتڵەسی، کە توانیویانە







بە وریاییەوە کەڵك لە جووڵەکەی وەربگرن کە لە مەکسیکەوە دێت تا دەگاتە ئێرلەندا، دەبێت ئەوە بزانرێت زانا موسڵمانەکانی بواری جوگرافیا بە سێ قۆناغ پێشرەوی خۆیان لەم بوارەدا سەلماندووە:

١-راستکردنەوەی هەڵەکانی پێش خۆیان.

٢-باسکردنی شوێنەوار و وڵاتەکان بە وردی.

٣- زیادکردنی دۆزینەوە جوگرافیەکان.

ئەوان جیاواز لە یۆنانیەکان و رۆمانیەکان کە بڕوایان وابووە زەوی رووتەختێکی بازنەییە بە دەریا و زەریاکان دەورە دراوە، بەڵام بنەمای زانستی موسڵمانەکان کە لە قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە و ئاماژە قورئانیەکانیش بە بەردەوام پاڵنەربوون لە زیادکردنی دەستکەوتە زانستیەکانیاندا، بۆ نموونە (ئایەتی ٥ ی سوەرتی زمر) ئەوان بەوە لێکیانداوەتەوە کە زەوی گۆییە، پشت بە خوا لە ژمارەکانی داهاتوودا باسی سەربەخۆیان لەسەر بڵاودەکەینەوە. ئەوەی مەبەستە لە باسی ئەم زانایە (پیری رەیس) شاکاری بەرهەمەکانی لە رووی زانستیەوە کە دوای خۆی و لەم سەردەمی پیشکەوتنی تەکنەلۆجیایەدا دروستی دەرکەوتووە، کە ئەوەش جارێکی دی گەواهی دەری دروستی بنەما زانستیەکانی زانایانی موسڵمانانی پێش خۆین، بێ گومان کەڵکی وەرگرتووە لەوانەی ئەوان لەبەر ئەوەی ئەوان هەموو سەر بەیەك قوتابخانە و رێباز بوون، ئەو چەند نەخشەیەی کە رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی کالە (P.Kahle) (پۆل کالە) (١٨٧٥-١٩٦٤ز) لە مۆزەخانەی (تۆپ قابی) لە (ئەستەنبول) دۆزیبویەوە لە ساڵی (١٩٢٩ز)، ئەویش کاتێك لەلایەن دەوڵەتەوە داوای لێکرابوو لێکوڵینەوە بکات لەسەر ئەو بەڵگەنامانەی کە هەن لەوێدا بۆ ئەوەی ئەوی بێ کەڵکە بفەوتێنرێن، ئەوە بوو لەناو پێکهاتەی ئەم مۆزەخانەیە ئەو نەخشە و وێنانەی بەرچاوکەوتبووکە بە پێوانەی جیاواز و لەسەر پێستی ئاسك و بە بەکارهێنانی نۆ رەنگ نەخشێنراون، دوای تاوتێکردن و لێکۆڵینەوەی بەردەوام بۆ ماوەی چەند ساڵێك و لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی بۆیان دەرکەوتووە کە یەکێك لە نەخشەکان هی ئەمریکای باشوورە لە رووی رۆژهەڵات و کیشوەری بەستەڵەکی باشوورە. هەروەها هێندێك لە کەنارەکانی ئیسپانیا و خۆرئاوای کیشوەری ئەفریقیەی تێدا دەرکەوتووە کە هەموویان دەکەونە سەر زەریای ئەتڵەسی، لەسەردەمی (پیری رەیسدا) بە (بحر الظلمات) ناو دەبرا، ئەوەندە بە دیقەت و وردی وێنەکان کراون ببوە مایەی سەرسوڕمانی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئاستی جیهان ئەو کاتە و تا ئێستەش، بە جۆرێك دوورگەکان، بەندەرەکان، زیندەوەران،

هاوڵاتییە ڕەسەنەکان (هندییە سوورەکان)، کە (پیری ڕەیس) ناوی ناون ڕووتەکان لە وێنەکانیدا دەریخستوون خەریکی لەوەڕاندنی مەڕن، وەك ئەوەی لە نەخشەکەدا دەردەکەوێت.

ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (کراتشکوفسکی J.Karckovski ١٨٨٣-١٩٥١ ز سەبارەت بەم نەخشەیەی کە (پۆل کالە) دۆزیویەتەوە و وەك پێشتر باسمان کرد (پیری ڕەییس) دروستیکردووە، دەڵێت: «لە ساڵی (١٤٩٩ز) جەنگ لە نێوان کەشتیگەلی عوسمانی و کەشتیگەلی بندوقیەی ئیتالیادا ڕوویداوە، عوسمانیەکان سەرکەووتن بە دەست دەهێنن و هێندێك کەشتی دەکەوێتە بن دەستی عوسمانیەکان، لەوێدا ئەو نەخشانەی (کۆڵمبۆس) دروستیکردوون دەستی عوسمانییەکان کەوتووە و پیری ڕەیس کەڵکی لێ وەرگرتوون، بەڵام ئەم بۆچوونەی لەلایەن زۆرێك لە لێکۆڵەرەوان ڕەتکراونەتەوە لەبەرئەوەی نەخشەکانی (ڕەییس) شوێنی وای تێدا تۆمارکردووە کە (کۆڵمبۆس) هەر شارەزای نەبووە؟ ئەوەش کە ئەم بۆ چوونە لاواز بکات ئەو لێکۆڵینەوانەن کە ئەنجامدراون لەسەر نەخشە و وێنەکان دوای چەند سەدەیەك لە دروستکردنیان.

لە ساڵی (١٩٥٢)دا (د.جنگز) کە مامۆستای زانستی شوێنەوارناسی و کۆمەڵایەتییە لە زانکۆی (ویستواترستراند) لە کۆماری ئەفریقیای باشوور، دەڵێت: «ئەوە هەڵەیە لە کتێبە مێژووییەکاندا دۆزینەوەی ئەمریکا دەدرێتە پاڵ (کریستۆف کۆڵمبۆس) بەڵکو لە ڕاستیدا موسڵمانەکان چەند سەد ساڵێك پێش ئەوە، ئەو ناوچانەیان دوزیوەتەوە، ئەمەشی بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەیەکی خۆی وتووە، کە چەند ساڵێکی خایاندووە کاتێك لە میانەی لێکۆڵینەوەکەیدا لە ناوچەی (غەرنادەی بەرازیلی) ئەنجامی داوە و، هێندێك ئێسك و پروسکی مرۆڤی دۆزیبوەوە کە هی موسڵمانەکان بووە.

نووسەر (ئیریك فۆن دانکن) لە کتێبی (Chariots of the gods) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: نەخشەکانی (موحییەدین ئەلڕەیس) کاتێك دراوەتە (د.ماڵێری ئارلنگتۆن) مامۆستای نەخشە جوگرافیەکان لە زانکۆکانی ئەمریکا، دەڵێت: دوای وردبوونەوەی لێیان گومانی هەبووە لەوەی زانیاریەکانی سەر نەخشەکان ڕاست بن، پێی وابووە هەڵە هەیە لە ناوی هەندێك لەو جێگایانەی لەسەر نەخشەکان بوون لەبەرئەوە پشتی بەستووە بە جوگرافیاناسانی کەشتیگەلی ئەمریکی بۆ پێداچوونەوەیان، لە کۆتاییدا لێکۆڵینەوەکانی ئەوان دەریخستووە کە زانیارییەکان ڕاستەوخۆ لە شوێنەکانەوە وەرگیراوە، واتا سروشتی بەرزونزمی و تۆبۆگرافیای شوێنەکە چۆن بووە لە کیشوەرەکە ئەوا ڕاستەوخۆ زۆر بە وردی تۆماری کردوون، لە نەخشەکانیدا دۆڵ و شاخەکان و ڕووبارەکان وەك خۆی کە هەیە ئەو وا تۆماری کردووە، لێکۆڵینەوە و باسوخواس لەسەر ئەم نەخشانە زۆرن لەوانە مێزگەردێکی ڕادیۆیی کە کۆمەڵێك زانا و پسپۆڕی بواری نەخشە کێشانی زانکۆی (جۆرج تاون) لە ئەمریکا لە ساڵی (١٩٥٦ز) بووە کە هەموویان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە ئەمە کارێکی لە ڕادەبەدەری وردن کە ئەو پیاوە ئەنجامی داوە لەو کاتەی جیهان کە پێش ئەو هیچ کەسێکی تر بەو جۆرە دروستی نەکردوون.

### دۆزینەوەی کیشوەری شەشەم لە جەمسەری باشوور:

نەخشەکانی (پیری ڕەییس) وردی و دیقەت بەرزییان بە جۆرێکە کە شارەزایان و زانایانی سەرسام کردووە، بەتایبەتی لە دوای سەردەمی دەست پێکردنی گەشتە



ئەو ناوچانەی کە لە ئەمریکای باشوور دوزرابوونەوە بەناوی دەوڵەتی عوسمانییەوە تۆمار کرابوون لە ژێرناوی (ئەنتلیا) لە ساڵی (١٤٦٥ز).

ئاسمانییەکان و بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی وێنەگرتن لە مانگە دەستکردەکانەوە بەهۆی ئەو کەشتیانەوە کە لە ئاسماندا جێگیر دەکرێن و یەکێك لەو کەڵکانەش کە لێیان وەردەگیرێت نەخشەکێشانی ڕووی گۆی زەوییە. لە سەرەتای سەدەی بیستدا زانایانی ئەوروپا و ئەمریکا سەبارەت بە نەخشەکانی (پیری) بۆچوونیان وابووە کە ئەو وێنە و نەخشانە ورد نین و زانیاریەکانیشی ڕاست نین، بەڵام بە پێی تازەترین زانیاریەکان بەهۆی وێنەی مانگە دەستکردەکانەوە لەسەر ئەو ناوچانە ئەوانی تووشی شۆك کرد! بەهۆی ئەوەی وێنەکانی (موحییەدین ڕەیس) نەك هەر هەڵە نەبوو بەڵکو هەر زۆر وردتر و ڕێکترە لەوەی ئەوان کە پێشتر دەیانزانی و شارەزای بوون..

لەبەرئەوەی نەخشەکانی ڕەیس سەرلەبەری لەگەڵ وێنەی مانگە دەستکردەکانی ئەم سەردەمە چوونییەکە، لەبەر ئەو وەسفکردنە ورد و بەدیقەتانەی دەریای کاریبی و کوبا و کەنارەکانی بەرازیل و ئەرجەنتین و بەندەر و کەنداوەکاندا کە زیاد لە پێش (٤٠٠) ساڵ بەر لەم سەردەمە ئەو کردوونی، بە پێچەوانەوە بۆیان دەرکەوت زانیاریەکانی ئەوان هەڵە بووە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێك لە زانا و شارەزای ئەم بوارە لە (ناسا) هەستان بە سەر لە نوێ لێکۆڵینەوەکردن لەسەر نەخشەکان بەش بەش دوای گەورەکردنی وێنەکانی ڕەیس چەند جارێك و بەراورد کردنیان لەگەڵ وێنەی مانگە دەستکردەکان، بەڵام سەرەنجام بۆ جاری دووەم هەر سەرسامی کردن لەبەرئەوەی بۆیان دەرکەوت کە (موحییەدین ڕەییس) نەخشەی کیشوەری شەشەمیشی کێشاوە (Antarctica) پێش دۆزینەوەی ئەوان بە دوو سەدە، چونکە ئەو وێنەی شاخ و دۆڵ و شیوەکانی زۆر بە وردیکردووە پێش ئەوان واتە ساڵی (١٩٥٢ز).



لە ساڵی (١٩٥٧ز)یشدا کۆمەڵێکی تر لە زانایانی جوگرافیایی ڕوانگە گەورەکان و کەشتیگەلی ئەمریکی جارێکی تر هەستان بە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر نەخشەکانی (ڕەییس پیری)، دوای بەکارهێنانی ئامێرە پێشکەوتووەکان بۆیان دەرکەوت کە وێنەکانی (کیشوەری شەشەم Antarctica) بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ورد و ڕاستە، سەبارەت بەو ناوچانەی کە تا ئەو کاتە بە تەواوەتی نەدۆزرابوونەوە زۆربەی زۆری ڕواڵەتی ناوچەکە نادیار بوو بۆیان واتە لە (١٩٥٢)دا، لەبەرئەوەی ناوچەی بەستەڵەکی باشوور بەردەوام بە بەفر داپۆشراوە بۆ زانینی (تۆبۆگرافیا)کەی پێویستی بە ئامێری نوێی دەنگی (Eco-Sounding apparatus) هەبووە تا بتوانرێ ئەو بەرزونزمیانە لەسەر نەخشە نوێیەکان دیاری بکرێن. لەبەرئەوەی لە هێندێك شۆێندا ئەستووری بەفر تێیدا (١٧٠٠م)ە.

دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت ئەو گرنگی پێدانەی (ناسا) بە وێنە و نەخشەکان و بەردەوامبوونیان لەسەر لێکۆڵینەوە کردن دەربارەیان لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، چونکە لەو کاتەوەی ئیتر مانگە دەستکردەکان بەکاردەهێنران بۆ وێنە گرتنی گۆی زەوی لەکاتی تێپەڕ بوونی بەسەر ناوچەی بەستەڵەکی باشووردا وێنەکانی پانتایی (٥٠٠٠ میل)ی دادەپۆشی، لەکاتی بەراوردکردنیان لەگەڵ وێنەکان و نەخشەکانی (ڕەییس)دا بۆیان دەرکەوت کە وێکچوونێکی لە ڕادەبەدەر و سەرسوڕهێنەر لە نێوانیاندا هەیە.

**ڕەیس پیری نەخشەی تەواوی زەوی زۆر بە وردی کێشاوە:**

هەروەها (ڕەیس پیری) لە کتێبەکەیدا کە بە ناوی (كتاب البحرية) لە ساڵی ١٥١٣ز پێشکەش بە سوڵتان سلێمان قانوونی کردووە، وێنەی تەواوی زەوی زۆر بە وردی کێشاوە، ئەم نەخشەیەش یەکێکە لە وێنەکانی ناو ئەم کتێبە.

شایەنی باسە ئەم وێنەیەی گۆی زەوی ڕێکخراوی جیهانی (یونسکۆ) بە یەکەم نەخشەی جیهانی داناوە کە زۆر چونیەکە لەگەڵ ئەو نەخشانەی کە لەم سەردەمەدا کێشراون و بەکەڵك وەرگرتن لە ئامێرە پێشکەوتووەکان وەرگیراوە.

* لاپەڕە (٥) کتێبی (أسلمة المعرفة المبادئ العامة وخطة العمل) ن/ اسماعيل راجي الفاروقي، و/عبدالوارث، جامعة الكويت، الناشر: دار البحوث العلميه بالكويت/١٩٨٣.

**سەرچاوە:**

کتێبی (ماذا قدم المسلمون للعالم إسهامات المسلمين في الحضارة الانسانية) ن: د. راغب السرجاني ص ٢٩١-٢٩٤. (ماذا قدم المسلمون للعالم إسهامات المسلمين في الحضارة الانسانية) ن: د. راغب السرجاني ص ٢٩١-٢٩٤.



# پرۆفیسۆر جۆلی سمپسن و ئیعجازی كۆرپەلەزانی



پرۆفیسۆر جۆلی سمپسن

و: خالید بەرزنجی

لە دیمانەیەكی ڤیدۆیدا شێخ عەبدول مەجید زیندانی لەگەڵ پرۆفیسۆر (جۆلی سمپسن)دا دەڵێت: بێگومان بیری خۆرئاوا بەردەوام لە جەنگێكی بەهێز و دژوار دایە لەنێوان ئایین و زانستدا، بیرمەندێكی خۆرئاوایی نابینیت قبوڵی بەیەكگەیشتنی ئایین و زانست بكات، ئەویش لەبەرئەوەیە كە تەوراتی پیرۆزی لای گاورەكان دەڵێت: ئەو درەختەی كە لە (ئادەم) قەدەغە كرا بیخوات، درەختی زانیاری (شجرة المعرفة) بووا دوای ئەوەی كە لێی خوارد چاو ڕۆشنی بۆ زیاد بوو بۆیە پەروەردگار خەشمی لێگرت؟!!

لەبەرئەوە ئەوروپا ماوەی دوو سەدە قسە و باسی لەسەر ئەوە بوو، ئایا ئەم زانستە گەردوونیانەی كە لە وڵاتی موسڵمانانەوە هاتوون پەسەندی بكەین؟ یان بیدەنەوە بەسەر موسڵماناندا!

چونكە قەشەكان بڕیاریاندا بەسەر ئەم زانست و زانیاریاندا بەوەی كە ئەمە یەكەم تاوان بوو، بەڵگەیان دەهێنایەوە كە تەورات دەڵێت كاتێك ئادەم لەو درەختەی خوارد چاو ڕۆشنی بۆ زیاد بوو، بەهۆی ئەوەش خودا خەشمی لێ گرت و لەمیهری خۆی دەری كرد.

لەبەرئەوە ورد و درشتی ئەم زانستانەیان ڕەت كردەوە و، دەستیان بەسەردا گرت، بەڵام كاتێك پێشەواكانی زانست بەسەر پیاوانی كەنیسەدا سەركەوتن، لە بزوتنەوەیەكدا بە ئاراستەی پێچەوانە دەستیان كرد بە تۆڵە سەندنەوە، ویستیان لە بناغەوە ئایین قەدەغە بكەن، سەرەنجام ئەوەی ویستیان كردیان، هەموو ڕێگایەكی نارەوایان بۆ سەركەوتن لەو جەنگەدا گرتەبەر، تا كەنیسەیان لە بچووكترین بازنەدا ئابڵۆقە دا.

لەبەرئەوە كاتێك لەگەڵ خۆرئاواییەك دەربارەی ئایین و زانست بدوێیت، سەری سوڕ دەمێنێت و دەڵێت: ئەوە چی دەڵێیت؟ چونكە ئەوان ئیسلام ناناسن، نازانن كە ئیسلام ڕێزی زانست و زانایانی گرتووە و، زاناكانی بە شاهید داناوە لە دوای مەلائیكەكان، لەسەر ئەوەی هیچ خوایەك نیە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله نەبێت. وەك دەفەرموێت: ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِ ١٨ ﴾ آل عمران.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ١٩ ﴾ محمد. ئەوان نازانن ئەو سیفەتەی خوای گەورە ئادەمی پێ ڕێزدار كردووە بەسەر مەلائیكەكاندا سیفەتی زانستە، ئەو چیرۆكەی لە قورئاندا هاتووە لای ئێمە، پێچەوانەی ئەوەیە كە لەو تەوراتەی ئەواندا هاتووە، دوای ئەوەی شێوانیان، قورئان ڕایگەیاندووە كە زانست هۆكاری ڕێزلێنانی ئادەم بووە، نەك هۆكاری دەركردنی، قورئان بڕیاری لەسەر ئەمە داوە.

لەبەرئەوە كاتێك لەبارەی ئیسلام و زانستەوە بیاندوێنیت، وا گومان دەبەن ئەمیش وەك ئاینەكەی خۆیان وایە و، وا دەزانن ئیسلامیش هەمان هەڵوێستی هەیە لە زانست، بەڵام هەركات بە ڕوون و ئاشكرایی ڕاستیەكانیان بینی، سەرسامیی دەیان گرێت.

یەكێك لەوانەی كەوتە ئەم حاڵەتەوە (پرۆفیسۆر جۆلی سمپسن) بوو، كە مامۆستای نەخۆشیەكانی ئافرەتان و منداڵبوونە لە زانكۆی (نۆرس ویستن) لە (شیكاگۆ)ی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا.

پێی گەیشتین سەرەتا لە گوماندا بوو، دەیویست دڵنیا بێت، ئایا ئەمانە دەقی قوئانن؟ دەقی سوننەتن؟

بەڵام كاتێك دڵنیابوو، ئەو دەقانەشی بینی كە پەیوەست بوون بە بۆماوەزانییەوە لە قۆناغە سەرەتاییەكانی كۆرپەلەدا كاتێك كە (نطفة)یە، هەروەها وردەكاری ئەو وەسفانەی زانی، كە چۆن قورئانی پیرۆز ڕوونی كردۆتەوە كە مرۆڤ لە كۆبونەوەی دوو نوتفەوە دروست دەبێت بەوەش بڕیاری دروستبوونی مرۆڤ دەدرێت، پاشان بەرنامەی بۆماوەیی لە كرۆمۆسۆمەكاندا بۆ دادەنرێت كە ئێستا دەیبینین، ئەو كرۆمۆسۆمانە وردەكاریەكانی مرۆڤی لەخۆ گرتووە، وەك ڕەنگی چاوەكان، ڕەنگی پێست، ڕەنگی موو، هەروەها هەموو وردەكاریەكانی تری مرۆڤ، مرۆڤ لەو كرۆمۆسۆمانەوە ئەندازەگیری بۆ كێشراوە، ئەویش كاتێك لە قۆناغی (نطفة) دایە، واتە مرۆڤ لە قۆناغی (نطفة)دا بەرنامەڕێژی بۆ ئەنجام دەدرێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَآ أَكۡفَرَهُۥ ١٧ مِنۡ أَيِّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥ ١٨ مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ١٩ ﴾ عبس. واتە: (بەكوشتچێ ئادەمی چەند پێنەزانە، بیرناكاتەوە بزانێ لەچی دروستی كردووە، لە دڵۆپێك (نطفة) دروستی كردووە و ئەندازەی بۆ كێشاوە) كۆرپەلە لە پێش چل ڕۆژیدا -لەماوەی چل ڕۆژی یەكەمیدا- هەموو كۆئەندامەكانی بۆ دروست دەبێت، بەوەش هەموو



کۆئەندامەکان دەردەکەون، هەرچەندە یەك لە دوای یەك دەردەکەون، وەك لەم وێنەیەدا دەیبینین.

کۆئەندامەکان دەست بە دروست بوون و کۆبوونەوە دەکەن، کۆرپەلەکە بەسەر خۆیدا دەچەمێتەوە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «إن أحدكم يجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوماً» متفق عليه، واتە: بێگومان دروستکردنی ئێوە لە سکی دایکیدا لە (٤٠) ڕۆژدا کۆ دەکرێتەوە.

پرۆفیسۆر (جولی سمپسۆن) سەیری ئەم فەرمودەیەیەی کرد، هەروەها سەیری فەرمودەی: «إذا مر بالنطفة اثنتان وأربعون ليلة بعث الله إليها ملكًا فصورها» رواه مسلم . واتە: ئەگەر (٤٢) شەو بەسەر (نطفة)دا ڕۆیشت، خوای گەورە مەلائیکەتێکی بۆدەنێرێت و وێنەی دەکێشێت.

ئینجا دەستیکردە بەراوردکردنی هەردوو فەرموودەکە و سنوری جیاکەرەوەی نێوانیان، دوای ئەوەی بە درێژیی وردەکاریەکانی بینی، لە یەکێك لەکۆنگرەکاندا وەستا و ڕای خۆی لەم بارەیەوە ئاشکرا کرد و وتی: (لەم دوو فەرمودەیەوە دەتوانین خشتەیەکی دیاریکراو سەبارەت بە گەشەکردنە سەرەکییەکانی کۆرپەلە لە پێش (چل) ڕۆژیدا دەربێنین. هەروەك لە بەیانیدا هەمان خاڵ دووبارە باسکرا، کە ئەم فەرمووده پیرۆزانە لە توانایاندایە ببنە پێشەنگی هەموو زانست و زانیاریەکان لەم بوارەدا. بەمەش فەرمودەکان دەبنە پاڵپشت و ڕەنگدانەوەی زانستی خودایی).

شێخ زیندانی دەڵێت: ئاین لە توانایدا هەیە ڕابەرایەتی زانست سەرکەوتوانە بکات. بڕوانە هەیە دەڵێت ئاین دژی زانستە، بەڵام ئەم پرۆفیسۆرە ئەمەریکیە دەڵێت: ئاینی ئیسلام دەتوانێت سەرکردایەتی زانست سەرکەوتوانە بکات. بەڵێ وایە، ئەگەر تۆ چویتە کارگەیەکەوە و ڕێنمایی کەتەلۆکی کارگەکەت پێ بێت، بێگومان بە ئاسانی لە کارگەکە شارەزا دەبیت، چونکە تۆ ڕێنماییەکانی دروستکەرەکەیت پێیە، بەڵام ئەو کەسەی دێت و ڕێ نیشاندەری پێ نیە، بە ئاسانی شارەزا نابێت.

ئەم وشانەی (پرۆفیسۆر جولی سمپسۆن) یش دەگەیەنینە گشت زانا موسڵمانەکان، پرۆفیسۆر سمپسن:

I think, that not only there is no conflict between genetics and religion but, in fact, religion can guide science by adding revelation to some of the traditional scientific approaches, that there exist statements in the Quran shown centuries later to be valid, which support knowledge in the Quran having been derived from God.

واتە: بڕوام وایە هیچ دژایەتیەك لە نێوان مەعریفەی زانستیی و ئاییندا نییە، بەڵکو ئایین دەتوانێت ڕابەرایەتی زانست بکات بەوەی دەتوانێت نیگا ئیزافە بکاتە زانستە زانراوەکان و، قورئان پێش چەندین سەدەیە پاڵشتی ئەو زانستانە دەکات، ئەمەش دەیسەلمێنێت قورئانی پیرۆز وتەی خودایە.

شێخ زیندانی: بەڵێ، منیش دەڵێم: موسوڵمانان لە تواناياندا هەیە ڕابەرایەتی بزوتنەوەی زانستیی بکەن و، زانست لە شوێنە ڕاستەکەی خۆیدا دابنێنەوە، بەوەی کە بیکەنە بەڵگەی بڕوا بوون بە پەروەردگار و ڕاستێتی پێغەمبەرەکەی ﷺ خوای گەورەش ڕاست دەفەرموێت: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾ فصلت.

**سەرچاوە:**

- کتێبی (إنه الحق).
- دەزگای زانستی بەیبی سەنتەری بەریتانی تایبەت بەسکپڕی و تەندروستی مناڵ:

http://www.babycentre.co.uk/6-weeks-pregnan

هەروەها دەتوانن ئەم وتووێژە ڤیدۆییە بە ژێر نوسکراوی کوردی لە چەناڵی یوتیوبی هەیڤ سەیر بکەن:

https://youtu.be/XTxH21DlqTs

# تەفسیرێکی زانستی لە زاراوەی (زیادبوونی منداڵدانەکان)

د.کاوە فەرەج سەعدون
drkawa_sadoon@yahoo.com

خوای پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ وَمَا تَغِيضُ الْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ ۖ وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ ﴿٨﴾ ﴾ الرعد، واتە:
بێگومان پەروەردگار دەزانێت هەموو ئافرەتێك لەکاتی دووگیانیدا چی هەڵدەگرێت، هەروەها ئەویش ئاگادارە بە ڕۆچوونی منداڵدانەکان (واتە ئەوانەی لە منداڵدانەکاندا ڕۆدەچن و تیا دەچن)، و بە زیاد بوونی منداڵدانەکانیش ئاگادارە و هەموو شتێك لای ئەو بە ئەندازەیە و قەدەری وردی خۆی بۆ دانراوە.

تۆ بڵێی ئەوانەی لەناو منداڵدانەکاندا ڕۆدەچن و وندەبن یان زیاد دەکەن چی بن؟!

ئایەتەکە باسی دوو کردار دەکات کە لە منداڵداندا ڕوودەدەن لەکاتی دووگیانیدا و بریتین لە:

1- غيض الأرحام (کە بەم مانایانە دێت: چوونە ناوەوە یان ڕۆچوون یان ونبوون یان تیاچوون).

2- إزدياد الأرحام (واتە: زیاد بوون لە قەبارە یان بارستەدا).

لە ژمارەکانی پێشتری گۆڤاری هەیڤدا بابەتی ڕۆچوونی منداڵدانەکان ( غيض الأرحام ) لە چەند بابەتێکدا ڕوونکراوەتەوە، ئێمە لەم بابەتەدا دەچینە سەر ڕوونکردنەوەی دووەم ئاماژەی ئایەتە پیرۆزەکە.

لێرەدا بەپشتبەستن بە سەرچاوەکانی کۆرپەلەزانی و پزیشکیی ئافرەتان پێویست دەکات باسی ئەو گۆڕانکاریانە بکەین کە هەموو مانگێك بەسەر منداڵداندا دێت لە ئافرەتاندا بۆ ئەوەی گونجاو بێت بۆ پێشوازی کردن لە کۆرپەلەکە و گۆشگرتنی، لەبری ئەوەی کە دەریبکاتە دەرەوە بە هاوشێوەی هەر تەنێکی بێگانە کە بچێتە ناو لەشەوە، ئەمەش بریتییە لە شێوازێکی زیادبوونی منداڵدانەکان.

بینراوە کە منداڵدان مانگانە لە کاتی سووڕی مانگانەدا (الدورة الحيضية Menstrual Cycle) بە 3 قۆناغی سەرەکیدا دەڕوات، کە بریتین لە:

1-قۆناغی گەشە کردن (Proliferative Phase):
کە تێیدا هێلکۆکەکانی ناو هێلکەدانەکان هاندەدرێن بۆ گەشە کردن و هەروەها ڕێژەیەکی زیاتریش لە هۆرمۆنی مێینە (ئیسترۆجین) لە هێلکەدانەوە دەرێژرێت کە لەگەڵ خوێندا دەچێت بۆ منداڵدان و دەبێتە هۆی زیاد بوونی قەبارەی ناوپۆشی منداڵدان، کە لە نیو میللیمەترەوە ئەستوور دەبێت بۆ (5 ملم) و لوولە خوێنەکان ئەوەندە گەورە دەبن تاوەکو پێچاوپێچ دەبن و ڕژێنەکانی منداڵدانیش وەک بۆری درێژیان لێدێت (بڕوانە وێنەی 1).

2- قۆناغی دەردان و ڕژاندن (Secretory Phase):
بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی ئیسترۆجینەوە، ژێرمێشکە ڕژێن هاندەدرێت بۆ ڕژاندنی هۆرمۆنی (L.H: Luteinizing Hormone)، کە کاریگەری وادەکات هێلکۆکەیەك لە یەکێك لە هێلکەدانەکانەوە دەرپەڕێت، پاشماوەی هێلکەکە لە ناو هێلکەدانەکەدا تەنی زەرد (Corpus Luteum) دروستدەکات، کە هەڵدەستێت بە ڕژاندنی زیاتری هۆرمۆنی ئیسترۆجین و هەروەها هۆرمۆنی پرۆجیستیرۆن (Progesterone)یش، کە هەردوو ئەم هۆرمۆنە کاردەکەنە سەر ناوپۆشی منداڵدان بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ پێشوازی کۆرپەلە، لێرەدا ناوپۆشەکە لە (5 ملم)ەوە بۆ (8 ملم) ئەستوور دەبێت و ڕژێنەکانی منداڵدان ئێجگار زیاد و گەورە دەبن و ناویان پڕدەبێت لە دەردراو و هەروەها خوێنبەرەکانی منداڵدان و دیوارەکەی گەورە و زیاد دەبن (وێنەی: 2).

ئەم دوو قۆناغە پێکەوە پێیان دەووترێت (قۆناغی زیاد بوونی گەشەی منداڵدان) کە تێیدا منداڵدان ئامادە دەکرێت بۆ وەرگرتنی هێلکە پیتێنراوەکە بۆ ئەوەی کۆرپەلەکەی لێوە دروست ببێت (وێنەی 3)، لێرەدا ئیعجازی گەورەی ئایەتە پیرۆزەکەمان بۆ دەردەکەوێت کە وەسفی زیاد بوون و گەشەی منداڵدان دەکات، کە وەک وتمان زیادبوون بریتییە لەم دوو قۆناغەی مانگانەی منداڵدان کە تێیدا لە قەبارەدا گەورە دەبێت و ژمارە و قەبارەی لوولەکانی خوێن و ڕژێنەکان زیاد دەکات، خۆئامادە کردن بۆ وەرگرتنی هێلکە پیتێنراوەکە بە ئەستوور بوونی دیواری منداڵدان و زیاد بوونی گلایکۆجین و ڕژێنی هەڵگیراو لە دیوارەکەیدا دەبێت کە خۆراکی پێویستی بۆ دەستەبەر دەکات، ئەمانە هەمووی پێش دووگیانی دەبێت، کە ئەگەر ئافرەتەکە دووگیان ببێت ئەوا منداڵدان بەردەوام لە زیادبووندا دەبێت بەهۆی کۆرپەلەکەوە.

3- قۆناغی حەیز یان ڕۆچوون و هاتنە خوارەوە (Menstrual Phase or Endometrial Break down):
ئەگەر پیتاندن و دووگیانیی ڕوونەدات، ئەوا تەنی زەرد دەپووکێتەوە و دەوەستێت لە ڕژاندنی هۆرمۆنی ئیسترۆجین و پرۆجیستیرۆن، کاتێکیش کە ئاستی ئەم هۆرمۆنانە تەواو کەم دەبێتەوە بۆ ئاستێک کە نەتوانێت ناوپۆشی منداڵدان رابگرێت، ئەوا عادەی مانگانە (حەین) ڕوودەدات بە داماڵین و ڕۆچوونی ناوپۆشی منداڵدان و، دەبێتەهۆی پووکانەوە و بچووکبوونەوەی قەبارەی منداڵدان بۆ قەبارەی پێش زیادبوونەکە و هەموو مانگێک ئەم سووڕە دووبارە دەبێتەوە تا دروستبوونی هێلکەیەکی پیتێنراو و زیادبوونی تەواوی قەبارەی ئاسایی منداڵدان بەهۆی کۆرپەلەکەوە.

دەربارەی ئەم کرداری ڕۆچوونە یان (حەین)ە فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ هەیە کە ئافرەتێک پرسیاری لەمبارەوە لێدەکات، ئەویش لە وەڵامدا دەفەرموێت: (... فَتَحَيَّضي سِتّة أيّام أو سَبْعة أيّام في عِلم الله، ثُمّ اغْتَسِلي، فإذا رأيت أنّك قَدْ طَهُرْتِ واسْتَنْقَأْتِ، فصَلّي أرْبعاً وعِشرين لَيْلَة أو ثَلاثاً وعِشْرين لَيلة وأيّامها وصُومي وصَلّي، فإن ذَلك يُجْزيك، وَكذلِك فافعَلي كُلَّ شَهْر كَما تَحيضُ النِّساؤُ وَكما يَطْهُرْنَ لِميقاتِ حَيْضِهِنَّ وَطُهْرِهِن) حديث حسن اخرجه احمد وابو داود والترمذي وابن ماجة، واتە: تۆ بۆ ماوەی شەش ڕۆژ یان حەوت ڕۆژ لە زانیاری خوادا حەیز حیساب بکە، پاشان خۆت بشۆ، ئەگەر بینیت پاک بوویتەتەوە و خوێن براوە ماوەی 24 یان 23 ڕۆژ بە شەوەکانیەوە ڕۆژوو بگرە و نوێژ بکە، ئەوا لەبرت دەکەوێت، تۆش هەموو مانگێک ئاوا بکە وەک چۆن بەم شێوەیە ئافرەتان حەیز دەبن و پاکدەبنەوە بۆ ئەم ماوە دیاریکراوانە.

دیاریکردنی ماوەی ئەم ڕووداوە لە ژیانی ئافرەتدا، وەک لە فەرموودەکەدا ماوەی بێنوێژی (کە ماوەی کەم بوونەکەیە و بە 6-7 ڕۆژ) و پاکبوونەوە (کە ماوەی زیاد بوونەکەیە و بە 23-24 ڕۆژ) دیاریکراون، خۆی ئاماژەیەکی زانستیە، چونکە ئەم ماوەیە ناوەندی کاتی ڕوودانی ئەم دیاردانەیە لە ئافرەتانی ئاساییدا وەک لە کتێبەکانی نەخۆشیەکانی ژنان و مندالبووندا (Obstetrics & Gynecology) دیاریکراوە، کە تێیدا هاتووە: ماوەی ناوەندی خوێن ڕۆشتن (حەین) بریتییە لە: 5 ڕۆژ±2 ڕۆژ، ماوەی گشتی ئەم سووڕە مانگانەیەش بریتییە لە: 24+6= 30 ڕۆژ یان 23+7= 30 ڕۆژ، وەک لە فەرموودەکەدا دیاریکراوە.

دەبینین زانستی نوێش هەمان ماوەی دیاریکردووە بۆ ئەم سووڕە کە ناوەندەکەی بریتییە لە: 28±2 ڕۆژ، کە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ.

ئەگەر هێلکە پیتێنراوەکە دروستبوو ئەوا بەرەو منداڵدان بەرێدەکەوێت و سەرەنجام خۆی دەنووسێنێت بە دیواری منداڵدانەوە و خۆی دەچێنێتە ناوی و بەناوپۆشی دیواری منداڵدان دادەپۆشرێتەوە وەک لە (وێنەی 4)دا بەرۆونی دیارە. لەلایەکی ترەوە زانستی کۆرپەلەزانی نوێ بۆمان باسدەکات کە لە رۆژی دوانزەیەمینی گەشەی کۆرپەلەکەدا بەرزاییەکی بچووک بە قەدەر نوکتەیەک لە دیواری منداڵدانەوە دەردەکەوێت (وێنەی 5)، کە بریتییە لەو کۆرپەلەیەی خۆی چاندووە، زانایانی کۆرپەلەزانی ئەمەیان وەک سەرەتای زیاد بوونی منداڵدان بەهۆی کۆرپەلەکەوە دیاریکردووە، کە پاشان ئەم نوکتەیە وردە وردە زیاد دەکات لەگەڵ بەرەو پێش چوونی گەشەی کۆرپەلەکەدا و سەرەنجام هەموو ناو منداڵدان پردەکاتەوە.

پاک وبێگەردیی بۆ پەروەردگاری راگری ئەم وردەکارییە گەورەیە لە دروستبوونی نەوەکانی ئادەمدا، کە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا ئاماژەی زۆر وورد و جوانیداوە بۆ دروستبوونی مرۆڤ و، دەرکەوتنی راستییەکانیان لەمڕۆماندا دەرخەری گەورەترین موعجیزەی قورئان و سەلمێنەری راستی ناردنێتی لەلایەن پەروەردگارەوە:

﴿ اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ وَمَا تَغِيضُ
الْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ ۖ وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ
﴿٨﴾ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْكَبِيرُ الْمُتَعَالِ
﴿٩﴾ ﴾ الرعد.



وێنەی (1)

A: برگەیەکی منداڵدان کە ناوپۆشەکەی دەردەخات.
B: قۆناغەکانی زیادبوونی ناوپۆشەکە...
C: زیادبوونی دیواری منداڵدان بە رژێنەکان ولوولەکانی خوێن.



وێنەی (2): هێڵکارییەک کە گۆڕانکارییەکان لە دیواری منداڵدانا ڕوودەکاتەوە لە سووڕێکی مانگانەی ڕێکوپێکدا، بڕوانە ئەو زیادبوونەی کە لە دیواری منداڵدانا ڕوودەدات لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی هێلکەدان و دروستبوونی تەنی زەرد).



وێنەی (4)

Schematic representation of the events taking place during the first week of human development. (1) Oocyte immediately after ovulation. (2) Fertilization approximately 12 to 24 hours after ovulation. (3) Stage of the male and female pronuclei. (4) Spindle of the first mitotic division. (5) Two-cell stage (approximately 30 hours of age). (6) Morula containing 12 to 16 blastomeres (approximately 3 days of age). (7) Advanced morula stage reaching the uterine lumen (approximately 4 days of age). (8) Early blastocyst stage (approximately 4½ days of age). The zona pellucida has now disappeared. (9) Early phase of implantation (blastocyst approximately 6 days of age). The ovary shows the stages of the transformation between a primary follicle and a Graafian follicle as well as a corpus luteum. The uterine endometrium is depicted in the progestational stage.

Implantation of the blastocyst. (a) A diagram showing the blastocyst attached to the endometrium on about the sixth day. (b) Implantation of the blastocyst at the ninth or tenth day.

هێلکارییەک ڕووداوەکانی هەفتەی یەکەمی دروستبوونی مرۆڤ ڕووندەکاتەوە

Langman's Medical Embryology\ T.W.Sadler



وێنەی (3)

20.35 The cycle of ovulation and menstruation. The downward arrows indicate the effects of the hormones.

سووڕی منداڵدان (یان سووڕی مانگانەی ئافرەت) ڕووندەکاتەوە لەگەڵ کاریگەریی هۆرمۆنەکان تێیدا


وێنەی (5)

وێنەی (5): چەند دیمەنێکی ڕاستەقینەی کۆرپەلە چێنراوەکەیە لەناو دیواری منداڵدان، کە وەک بەرزاییەک (نوکتەیەک) لە دیوارەکەیدا دەردەکەوێت، هێڵکاری لای چەپیش کرداری خۆچاندنەکە بەهۆی گەندەپێکانەوە دەردەخات.

**سەرچاوەکان:**


1- علم الأجنة في ضوء القرآن والسنة/ الشيخ عبدالمجيد الزنداني، د. مصطفى أحمد، بمشاركة مجموعة من علماء الأجنة الغربيين: (Marshal E. Johnson, Gerald C. Goeringer, Joe Leigh Simpson, Keith L. Moore, T. V. N. Persaud)/ هيئة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة برابطة العالم الإسلامي– مكة المكرمة.

2- إعجاز القرآن فيما تخفيه الأرحام/ كريم نجيب الأغرّ/ دار المعرفة– بيروت/ الطبعة الأولى– 2005.

3- ئاماژەکانی کۆرپەلەزانی لە قورئان و سوننەتدا- د.کاوە فەرەج سەعدون- چاپی یەکەم/ 2008.

4- The Developing Human (Clinically Oriented Embryology) - Keit.L.Moor, T.V.N. Persaud - 9th edition- 2013.

5- Langman's Medical Embryology - T.W. Sadler\ 10th edition – 2006.

6- Obstetrics by Ten Teachers\ T.L.T. Lewis & G.V.P. Chamberlain\ 18th Edition – 2006.

## ئیعجازی تەشریعی لە میراتدا / بەشی دووەم

# ڕووەکانی ئیعجاز لە میراتی لە ئیسلامدا



ن: پرۆفیسۆر ئەحمەد یوسف سلێمان. و: مافناس دایکی لانە.

**یەکەم: بەراوردکردنی میراتی لە ئیسلامدا بە سیستەمە کۆنەکان (پێش ئیسلام):**

١- **لە عێراقی کۆندا (ئاشوورییەکان):** میراتی تەنها بۆ نێر بوو، مێ بێبەش دەکرا و لە کاتی نەبوونی کوڕدا براکان دەبوونە میراتگر، لە کاتێکدا ئیسلام بەشی هەمووان دەدات لەگەڵ ڕەچاوی بنەمای ڕێگری کە نزیکتر ڕێگرە لە میراتی دوور تر.

٢- **لای یۆنانییەکان:** مێینە بێ بەش بوو لە میراتی و هەموو ئەوانەش لە ڕێگەی ئەوەوە بە مردووەکە دەگەیشتنەوە. میراتی لەسەر بناغەی وەسیەتی خاوەن سامان دابەشدەکرا، بەڵام لە ئیسلامدا بەشی نێر و مێ دەدرێت و خاوەن سامان لە سنووری سێ یەکدا وەسیەت دەکات.

٣- **لای ڕۆمان:** لێکچوونێکی زۆر هەیە لەگەڵ ئیسلامدا، لەبەرئەوەی بنەمای میراتی خزمایەتی دەگرێتەوە بەڵام هاوسەریی لە هۆیەکانی میراتی نەبوو، میراتی کچ ڕووکەش بوو لەبەرئەوەی دوای مردنی بەشەکەی دەگەڕایەوە بۆ براکانی، لای ئەوان باوان لەگەڵ نەوەکان میراتیان نەدەبرد، بەڵام لە ئیسلامدا باوان و نەوەکان بەیەکەوە میراتی دەبەن و، ژن و مێردیش لە یەکتری میراتی وەردەگرن.

٤- **جولەکە:** تەنها میراتیان بە کوڕی گەورە دەدا، ئەگەر کوڕ نەبوایە بۆ کچ، پاشان باوك، پاشان باپیر، و پاشان برا، و پاشان بە خزمەکان و، ژن و مێرد میراتی لەیەك نابەن، بۆ ئەوەی سامان لە سنووری خێزان نەچێتە دەرەوە.

٥- **لای عەرەب لە سەردەمی نەفامیدا:** تەنها لەسەر بنەمای توانای هەڵگرتنی چەك و شەڕکردن دەدرا بە هاوپشتە پیاوەکان (کوڕ پاشان برا). ژن و مێرد میراتیان لە یەکتر نەدەبرد و، ژن هیچ کاتێك میراتی نەبوو. هەروەها هۆیەکی تری میراتی لەلایان سوێند خواردن بوو.

**دووەم: بەراوردکردنی میراتی لە ئیسلامدا بە سیستەمە ڕۆژئاواییە نوێکان:**

١- سیستەمی فەڕەنسی نزیکترین سیستەمی ڕۆژئاوایە بە ئیسلام بە تایبەتی لە ڕووی هۆیەکانی میراتی، بەڵام لە ئیسلامدا ژن و مێرد میراتگری یەکترن سەرەڕای بوونی مناڵ، لە کاتی بوونیاندا بەشی ژن و مێرد کەمترە لە کاتی نەبوونیان. بەڵام سیستەمی فەڕەنسی میراتی نادات بە ژن و، مێرد بەڵام دەتوانێ بەشێکی ئەو میراتیە وەبەربهێنێت بۆ پاراستنی ئاستی کۆمەڵایەتی خۆی.

٢- لە سیستەمی ئینگلیزیدا ژن و مێرد میراتی نادەن بە یەکتر، هەروەها نەوە و باوان پێکەوە میراتی نابەن، کوڕی گەورە پێش هەمووان دەخرێت بۆ وەرگرتنی میراتی.

٣- سیستەمی ئەڵمانی نزیکە لە سیستەمی فەڕەنسی و ئیسلامی بەڵام نێر و مێ یەکسانن لەلایان.

لەمانەی کە لە پێشەوە باسکران دەردەکەوێت کە سیستەمی ئیسلامی لەوانەیە لەگەڵ هەندێك سیستەمی کۆن یان نوێدا یەکبگرێتەوە لە هەندێك خاڵدا، بەڵام هاوشێوەی هیچ سیستەمێکی پێش خۆی و دوای خۆی نییە بەتایبەتی لەم خاڵانەدا:

١- کۆکردنەوەی میراتی لەگەڵ وەسیەتدا. وەسیەت بۆ میراتگر نابێت و پێویستە لە سنووری سێ یەك تێپەڕنەکات.

٢- میراتگری باوان لەگەڵ نەوەکان، باوك و باپیر لەگەڵ کوڕ و کچ.

٣- گرنگی بە ئافرەت داوە بەشێوەیەکی ئاشکرا و میراتی پێداوە و، میراتی بەوانەش داوە کە لە ڕێگەی ئەوەوە دەگەن بە مردوو وەك منداڵی دایك و دایکی دایك..

٤- ئەوانەی بەشی دیاریکراویان هەیە دوانزە کەسن هەشتیان ئافرەتن و چواریان پیاون.

٥- هاوپشتی بە سێ جۆر داناوە: هاوپشتی بەخودی خۆی (العصبة بالنفس) تەنها پیاون. هاوبەشی لەگەڵ کەسێکی تر (العصبة مع الغير) تەنها مێینەن. هاوبەشی بەهۆی کەسێکی تر (العصبة بالغير) پیاو و ژنن.

٦- بەشەکانی زۆر بە ئاسانی داناوە وەك نیوە، چواریەك، هەشتیەك، سێیەك، دوو لەسەر سێ، شەشیەك... بەشێوەیەك ئاسانکاری تێدایە، تەنانەت نەخوێندەواریش تێی دەگات.

٧- گونجاوی ئەم سیستەمە بۆ هەموو کات و شوێنێك بەهۆی ئەو یەکسانییەی لە نێوان ماف و ئەرکدا هێنایە دی.. ئەم سیستەمە پەیوەستە بە سیستەمی خەرجییەوە.

٨- ئەم سیستەمە جیهانی ئیسلامی ماوەی چواردە سەدە کاری پێ کردووە و هیچ کێشەیەکیان تووش نەهاتووە، لە کاتێکدا سیستەمەکانی تر بەردەوام پێویستیان بە گۆڕانکاری و هەموارکردن هەبووە. هەندێك لە نووسەرە ناموسڵمانەکان بە ویژدانەوە شایەتیان بۆ ئەم سیستەمە داوە، کە بێ وێنەیە، لەوانە (فۆن کریمەر) دەڵێت:»یاسای میراتگری ئیسلامی جۆرێکی نایاب و ڕەسەنە لە یاسای ئیسلامی، هەروەها هەریەکە لە (جانار) و (بری) باس لە سیستەمی میراتی ئیسلام دەکەن لە کتێبەکەیان (ئابوری هندی)دا، دەڵێن: سەرەڕای ئەوەی نالێین هاوبەشی لە نێوان موسڵماناندا هەیە، بەڵام ئیسلام دەستەڵاتی تەواو دەداتە خاوەن سامان و بەسەر موڵکەکانیدا هەتا لە ژیاندا بێت، لە دوای مردنیشی ئەو سامانە دەگوازرێتەوە بۆ چەند جۆرێك میراتگر زیاتر لەوەی کە یاسای هندۆکی دیاریکردووە».

سێیەم: کاریگەرییە ئابوورییەکانی میراتی:

ئامانجی ئیسلام لە دانانی یاسای میراتی بەدیهاتنی دوو مەبەستە:

١- پەرشوبڵاوکردنەوەی سامان.

٢- دادپەروەری لە دابەشکردنی ئەو سامانە.

سەبارەت بە پەرشوبڵاوکردنەوەی سامان کاتێك خوای گەورە خاوەنداریێتی بە شیاو داناو، دەرگای وەبەرهێنانی سامانی کردەوە بەپێی شەرع، بەڵام ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی کۆکردنەوەی سامان لە دەستی کەسانێکی کەم، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی دەست بەسەرداگرتنی کۆمەڵگا و، ڕانەگرتنی تەرازوی دادپەروەری لەلایەن ئەو کەسانەوە، هەر لەبەرئەوە ئیسلام کاری کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی سامان بە چەند ڕێگایەك، لەوانەش میراتی، ئەمەش لە چەند شتێکدا دەردەکەوێت:

١- دابەشکردنی میراتی بەشێوەی سێیەك و هەشتیەك و چواریەك. زۆر بە دەگمەن کەسێك بە تەنها هەموو میراتەکە دەبات.

٢- پێداگری لەسەر ئەوەی هەر میراتگرێك مافی خۆی پێدەدرێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ٧ ﴾ النساء. واتە: پیاوان بەشیان هەیە لەو شتانەدا کە باوك و دایك و خزمان بە میراتی لە دوایان بەجێ دەمێنێت، هەروەها ژنانیش بەشیان هەیە لەو شتانەدا کە بە میراتیی لە باوك و دایك و خزمان بەجێ دەمێنێت، لە کەم و زۆری بەشی هەرکەسێك دیاری کراوە و، دەبێت بیدرێتێ.

٣- گواستنەی چەند بەشێکی میراتی لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دی لە ڕێگای ژنەوە. لەوانەیە دەوڵەمەندێك ژنێکی هەژار بهێنێت، یان بە پێچەوانەوە، واتە هەژارێك ژنێکی دەوڵەمەند بهێنێت کە دەبێتە هۆی گواستنەیوەی سامان لە نێوانیاندا.

سەرچاوە:

کتێبی (الإعجاز التشريعي في الميراث).




## کتێبی ئاماژەکانی ئیعجاز:

تەفسیرێکی بەنرخی سوورەتی «فاتیحە» و سی ئایەتی سوورەتی «بەقەرە»یە، کە بە چەند پوختە دەستەواژەیەك ئیعجازی هۆنینی قورئانی پیرۆز ڕوون دەکاتەوە. واتە پەیوەندیی نێوان ئایەت و ڕستەکان و چۆنێتیی یەکانگیربوونی ڕوخساری ڕستە و پیتەکان لە دەوراندەوری واتای مەبەست دەخاتە ڕوو. لەمەشدا پشت بە وردترین یاسا و دەستوورەکانی زانستی ڕەوانبێژی و ڕێزمانی عەرەبی و یاساکانی مەنتیق و زانستی ئوسوڵی دین و زانستە پەیوەندیدارەکان دەبەستێ.

مامۆستا نوورسی لە گەرمەی جەنگی جیهانی یەکەم و لە بەرەی پێشەوەی جەنگ و لە دەمی بەرگریدا لە شارەکانی وان و بەدلیسی باکووری کوردستان ئەم تەفسیرەی داناوە، بێ ئەوەی هەڵوێستە ترسناکەکانی جەنگ بیری تیژی ئەو لە وردەکاریی لایەنەکانی ئیعجازی قورئان بترازێنێت.



# زیادەڕۆیی دەبێتە هۆی لێکجیابونەوە

**خوێنەری بەڕێز ئایا پێشبینی ئەوە دەکەی کە بێشومار تێچوونی داخوازی هاوسەرگیری دەبێتە هۆکارێک لە هۆکارەکانی جیابوونەوە.. با ئەم بابەتە زانستییە بخوێنینەوە و بزانین ئیسلام چی وتووە لەم بارەیەوە...**

ن: عبد الدائم الكحيل. و: ڕامان عبد الخالق هاودیانی. پ: بێخاڵ بەختیار.

لە سەردەمی نوێدا و لە دوای دانپێدانانی وڵاتەکانی ڕۆژئاوا بۆ بە یاساییکردنی جیابونەوە، ئەو کاتە ئەو دوو کەسە تواناى لێك جیابونەوەیان دەبێت ئەگەر ژیان لە نێوانیاندا ئەستەم بێت، لە کاتێکدا کە بۆ سەدان ساڵ ئەم مەسەلەیە قەدەغە بوو بە گوێرەی یاساکانی کڵێسا، لێرەوە حاڵەتی جیابوونەوە دەستی پێکرد و زیاد بوو بەشێوەیەکی وا زۆر کە سنوورێکی تۆقێنەری تێپەڕاند لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا ڕێژەی جیابونەوە گەیشتە ٥٠٪ لە نێوان هاوسەراندا!!

لەبەرئەوە توێژەران لە زانکۆی Emory University لە ئەمریکا هەستان بە لێکۆڵینەوەی ئەو دیاردەیە، بۆیان دەرکەوت کە زیادەڕۆیی لە تێچووی هاوسەرگیریدا بەشداردەبێت لە بەدبەختی هاوسەرەکان و ئەگەری جیابوونەوە زیاد دەکات! پرۆفیسۆر Andrew M Francis دەڵێت: تێچوونی زیاد لە هاوسەرگیری هۆکارێك دەبێت بۆ کەڵەکە بوونی قەرزاری و دروستبوونی کێشەی ئابووری بۆ ئەو دوو هاوسەرە.

لە بەریتانیا بە پێی گۆڤاری (Brides magazine) خەڵك بە تێکڕایی (٢٤،٧٠٠) پاوەند لە ئاهەنگی زەواجیاندا سەرف دەکەن. (ئیندیپێندێنت ٢٠١٤/١٠/١٣).

زیادەڕۆیی لە تێچووی هاوسەرگیریدا وا لە ژن دەکات کە پێش هاوسەرگیری و لە «ماوەی هاوسەرگیری و مانگی هانگوینیدا» لە ئاستێکی ماددی بەرزدا بژی، بەڵام دواتر دابەزینی ئەو ئاستەی کە تێیدا بووە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بۆ ژیانێکی ئاسایی و بوونی گیروگرفتە ئابووری و ئاستەنگیەکان، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ژیانی ئەو دوو جووتە دەبێت و بەشدار دەبێت لە دروست بوونی کێشە زۆرەکان کە بە جیابوونەوە تەواو دەبێت.

کە مرۆڤ خۆی ڕادەهێنێت لەسەر بە فیرۆدانی سامان بە بێ هۆ و بەبێ سوود، دواتر لە ئەنجامدا بە تێپەڕبوونی کات هەستی خۆشی نامێنێت لەوانەشە بیستبێتمان دەربارەی کەسە بەناوبانگەکان کە تووشی خەمۆکی توند بوون و کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە بە خۆکوشتن سەرەڕای دەوڵەمەندی و خۆش ڕابواردن و زیادەڕۆیی ماددی کە تیایدا دەژیان.

لەبەرئەوە شارەزایان ئامۆژگاری دەکەن بە کەمکردنەوەی زیادەڕۆیی هاوسەرگیری بۆ باشترکردنی ژیانی خۆشگوزەرانی هاوسەران...

لێرەشەوە پرسیارێك سەرهەڵدەدات: ئەی چی دەربارەی ڕێنماییەکانی دینە پاکەکەمان لەم بارەیەوە؟



ئیسلام زیادەڕۆیی قەدەغە کردووە و فەرمانی بە میانڕەوی کردووە لە هەموو شتێکدا، لەبەرئەوە ئەو خەرجیەی ئەمڕۆ لە زیادەڕۆیی ئاهەنگی هاوسەرگیریدا دەکرێت ئیسلام قەدەغەی کردووە. چونکە هاوسەران یەکەم بەم سامانە خەرجی منداڵەکانیان دابین دەکەن لە داهاتوودا و، دواتریش لەبەر ئەوەی ئیسلام زیادەڕۆیی قەدەغەکردووە کە ئەوەش دەبێتە پاراستن و تونودتۆڵکردنی پەیوەندی نێوان ئەو دوو هاوسەرە لە سەرەتایی ژیانیانەوە.

ئیسلام بنەمایەکی گرنگی داناوە کە ئەویش (مارەیی)ە و دەربڕینێکە دەربارەی بڕە پارەیەك یان زێڕ یان شمەکی تر کە لەسەری ڕێك بکەون و پێش هاوسەرگیری دەدرێتە ئافرەتەکە یان دوادەخرێت بۆ دوای گواستنەوە. بەو شێوەیە ئەو مارەییە دەبێتە هۆکارێکی پارێزراو بۆ ئەو دوو هاوسەرە، بەتایبەت کاتێ ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئابووری دەبنەوە کە دەتوانن شتێك لەو مارەییە بفرۆشن (بۆ نموونە وەکو زێڕ)، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەردەوامی ژیانیان بە شێوەیەکی باشتر و خۆ لادان لە ئەگەری جیابوونەوە.

هەروەها ئیسلام زیادەڕۆیی قەدەغە کردووە.. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿.. وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿١٤١﴾﴾ الأنعام.

واتە: (زیادەڕەوی مەکەن، چونکە خوا لە سنوور دەرچوان و زیادەڕەوانی خۆش ناوێت).

لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین پێغەمبەری نازدار ﷺ سەبارەت بە ڕاسپاردەی ئافرەتان فەرمویەتی: (استوصوا بالنساء خيراً...) رواه البخاري. واتە: (ڕاتاندەسپێرم لەگەڵ ئافرەتاندا باشبن).

خودای گەورە یاسایەکی ئاڵتوونی بۆ داناوین لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتاندا کە دەفەرموێت:﴿ وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴿١٩﴾﴾ النساء.

واتە: (هاوژینییان بە جوانی لەگەڵدا بەرنەسەر، خۆ ئەگەر خۆشتان نەویستن و لێیان بێزار بوون، ئەوە دوور نیە و دەشێت حەزتان لە شتێك نەبێت و خوا بیکات بە مایەی خێر و بێری زۆر و بێ سنوور).

ئەم ئایەتە پیرۆزە فەرمان بە موسڵمان دەکات کە مامەڵە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بکات بە باشترین مامەڵە، تەنانەت ئەگەر ڕقیشی لە هەندێ ڕەفتاری بوو، بۆی نییە ئازاری بدات بەڵکو دەبێت درك بەوە بکات کە خێرێك لە بوونی ئەو هاوسەرەیدا هەیە، لەوانەیە بە هۆی منداڵێکەوە کە پێیان بدرێت، یان بەهۆی ڕۆزییەکەوە کە بە بەرەکەتی ئەو ئافرەتەوە و بە هۆی باش بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵییەوە پێیان بدرێت.

لە کۆتاییدا: ئایا مامەڵەکانمان لەگەڵ دەوروبەر چاك دەکەینەوە و زیادەڕۆیی گوزەرانمان کەم دەکەینەوە بۆ چێژبینین لە ژیانێکی باشتر؟ کەواتە با شوێن بنەماکانی قورئان بکەوین.. لەبەرئەوەی مایەی ژیانێکی بەختیاری و باشە.

.................................................

**سەرچاوە:**

http://www.kaheel7.com/ar/index.php/2010-02-02-22-17-58/1709-2014-10-20-15-15-50

**سەرچاوەکانی نووسەر:**

http://dailyinfographic.com/divorce-in-america-infographic
http://www.independent.co.uk/life-style/health-and-families/spending-more-on-you-wedding-day-and-engagement-ring-could-make-you-more-likely-to-divorce-9789905.html
http://www.dailyinfographic.com/divorce-in-america-infographic



# خۆکوشتن و ئیلحاد

ن: عبد الدائم الكحيل.      و:هەیڤ

گۆڤاری American Journal of Psychiatry لێکۆڵینەوەیەکی بڵاو کردووە، کە مولحیدەکان زیاتر هەستی خۆکوشتنیان تێدایە بە بەراورد بە باوەڕداران، بە کرداریش ژمارەی ئەوانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن لە نێوان ئاتاییستەکاندا زۆر زیاترە، چونکە بێباوەڕی و ئیلحاد بیرۆکەی ڕق لێبونەوە لە خودی خۆی زیاد دەکات و دەیەوێت لێی ڕزگار بێت، لەبەرئەوە کۆمەڵگا ئاینیەکان ڕێژەی خۆکوشتن تێیاندا کەمترە، بەو جۆرە گرنگی باوەڕ لەسەر پاراستنی مرۆڤ دووپات دەبێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَـٰبِ ٱلَّذِى نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَـٰبِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِن قَبْلُ ۚ وَمَن يَكْفُرْ بِٱللَّهِ وَمَلَـٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَـٰلًۢا بَعِيدًا ﴿١٣٦﴾﴾ النساء.

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بەردەوام و دامەزراو بن لەسەر ئیمان بە خوا و پێغەمبەرەکەی و بەو قورئانەش کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا دایبەزاندووە بۆ پێغەمبەرەکەی و بەو کتێبانەش کە پێشتر ڕەوانەی کردوون، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە خوا و فریشتەکانی و بە کتێبەکانی و بە پێغەمبەرانی و بە ڕۆژی دوایی، ئەوە بە ڕاستی گومڕابووە بە ئەوپەڕی گومڕایی.

**سەرچاوە**

http://ajp.psychiatryonline.org/cgi/content/full/161/12/2303



THE AMERICAN JOURNAL OF
PSYCHIATRY

HOME | SEARCH | CURRENT ISSUE | PAST ISSUES | SUBSCRIBE |

Am J Psychiatry 161:2303-2308, December 2004
© 2004 American Psychiatric Association

Religious Affiliation and Suicide Attempt

Kanita Dervic, M.D., Maria A. Oquendo, M.D., Michael F. Grunebaum, M.D., Steve Ellis, Ph.D., Ainsley K. Burke, Ph.D., and J. John Mann, M.D.

OBJECTIVE: Few studies have investigated the association between religion and suicide either in terms of Durkheim's social integration hypothesis or the hypothesis of the regulative benefits of religion. The relationship between religion and suicide attempts has received even less attention. METHOD: Depressed inpatients (N=371) who reported belonging to one specific religion or described themselves as having no religious affiliation were compared in terms of their demographic and clinical characteristics. RESULTS: Religiously unaffiliated subjects had significantly more lifetime suicide attempts and

# کۆنگرەی زەهاوی ئەمساڵ بێ مامۆستا نەشئەت غەفور

ئا: هەیڤ

وەك نەریتی ساڵانەی، ئەمساڵیش (سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری) کۆنگرەی زانستیی خۆی بەست، ئەمساڵ بە هاوکاری (سکوڵی زانستە ئیسلامیەکان) لە ڕۆژانی ٤-٥/ ١١/ ٢٠١٥ لە هۆڵی سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی، لەژێر ناونیشانی (ئازادی و شەریعەت.. دژایەتی یان تەواوکاری). بەڵام بەبێ مامۆستای گەورە و بەئەمەك مامۆستا نەشئەت غەفور خوای گەورە لێی خۆش بێت.. شوێنی مامۆستا دیار بوو.. وتەکانی و پێشنیارەکانی پێش و کاتی کۆنگرە ئامادە نەبوون.. بەشداری و توێژینەوەکانی ئەمساڵ بوونیان نەبوو.



جوانیان کرد برایانی لیژنەی ئامادەکار بە هەڵواسینی وێنەیەکی گەورەی مامۆستا لە پێشەوەی هۆڵەکە، وەك ئەمەکێك بەرامبەر بە یەکێك لە دەستەی دامەزرێنەرانی (سەنتەری زەهاوی) مامۆستا نەشئەت غەفور، لەگەڵ وێنەیەکی گەورەی مامۆستای گەورە خوالێخۆشبوو (د. جەمال بەرزنجی) جێگری سەرۆکی (پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی) کە تەنها سێ ڕۆژ دوای مامۆستا ئەویش بەرەو خوای خۆی بەڕێکەوت. پێمان وایە هەردوو مامۆستا و زانای گەورەی کورد بە سەربەرزی ژیان و بەسەربەرزیش دونیایان بەجێهێشت.. داواکارین لە خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینیان بسپێرێت. شایانی باسە لە کۆنگرەکەدا بەڕێزان مامۆستا فاروق ڕەسوڵ، سەرۆکی (ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا) و، هەریەك لە برایان د. موحەممەد تاهیر بەرزنجی و د. دیاری ئەحمەد و د. کاوە فەرەج سەعدون، ئەندامانی دەستەی باڵای ناوەند بەشدار بوون.

لەم کۆنگرەیەدا ٢٥ توێژینەوە قبوڵ کرابوو. لەوانە ١٦ توێژینەوە پێشکەش کرا، لە ٤ دانیشتنی زانستیدا. کۆی ٢٥ توێژینەوەکەش —بە پشتیوانی خوا- لە ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی) دا بڵاودەکرێتەوە.

کۆنگرەکە بە سەرپەرشتیی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی بەڕێوەچوو. تیایدا وتەی (سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری) لەلایەن بەڕێز (د. صباح بەرزنجی)ەوە خوێنرایەوە و، تیایدا، دوای بەخێرهێنانی ئامادەبووان، ئاماژەی بە لەدەستدانی دوو زانای گەورەی کورد کرد پێش بەستنی کۆنگرە، ئەوانیش بەڕێزان (مامۆستا نەشئەت غەفور) و (د. جەمال بەرزنجی) بوون. پاشانیش بەڕێز (پ. د. سەلاحەدین سەعید) سەرۆکی زانکۆی سلێمانی وتەیەکی پێشکەش کرد، تیایدا سوپاسی (سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری) و (سکوڵی زانستە ئیسلامیەکان)ی کرد. هەروەها وتەی (سکوڵی زانستە ئیسلامیەکان) لە لایەن بەڕێز (د. شەماڵ عەبدول)ەوە پێشکەش کرا. پاشانیش وتەی لیژنەی ئامادەکار لەلایەن بەڕێز (د. دانا عەلی بەرزنجی) سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاریەوە خوێنرایەوە و، تیایدا ئاماژەی بە کارەکانی هەردوو لیژنەی زانستی و ئامادەکاری کرد و، سوپاسی هەموو ئەو لایەنانەی کرد کە بوونەتە هۆی سەرکەوتنی کۆنگرە. لە دانیشتنی دەستپێکدا وتەی میوانی کۆنگرە لەلایەن بەڕێز (د. موحەممەد تاهیر بەرزنجی)ەوە پێشکەش کرا، کە لەشاری دەوحەی قەتەرەوە هاتبوو، تیایدا جەختی کردە سەر چەند



تەوەرەیەك، لەوانە: ئازادیی بیروباوەڕ، کە هەر لە سەرەتاوە ئیسلام بانگەشەی بۆ کردووە، هەروەها ئازادی فیکری و زانستی و، زەرورەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکاندا بە شێوەیەکی زانستی، بۆ ئەو مەبەستەش چەند بنەمایەکی ئاماژە پێکرد، کە بەلای بەڕێزیانەوە گرنگن بۆ جوان تێگەیشتن لە دەقە ئایینیەکان، ئەوانیش:

- ڕاڤەکردنی دەقەکە لەژێر ڕووناکی ئایەتی موحکەمی قورئانەوە.
- کۆکردنەوەی لەفزە جیاوازەکانی دەقەکان.
- کۆکردنەوەی گشت ئەو دەقانەی کە لەو بابەتەدا هاتوون.
- زەرورەتی خوێندنەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان.
- گەڕانەوە بۆ زمانی عەرەبی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ، کە دەقەکانی تیا دامەزراوە.

هەروەها ئاماژەی بە ڕۆڵی ئافرەتان کرد لە مێژووی ئیسلامیدا، بە تایبەتی سەردەمی زێڕینی پێغەمبەر ﷺ، کە زانا و دانایان تیا هەڵکەوتووە.. چەند نموونەیەکی لە هەندێك دەقی فەرموودە هێنایەوە و، بە شێوەیەکی زانستیی قووڵ ڕەخنەی لێگرتن، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە دەبێت ڕەخنەگرتن لەلایەن کەسانی شارەزاوە بێت.

هەروەها ئاماژەی بە ئازادیی تاکەکەسیی کرد لە دەستوری کەنەدیدا و، بەراوردی کرد لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا و، ئاماژەی بەوە کرد کە نەك تەنها ئازادیی تاکەکەسیی هەیە، بەڵکو موسڵمان وەك عیبادەت دەروانێتە ئەو ئازادیە.

لە کۆنگرەکەدا ئەم توێژینەوانە پێشکەش کران:

١-الابعاد المفاهيمية المؤسسة للحرية في الرؤية المعرفية الكلية الإسلامية: أ.م.د. مصطفى جابر العلواني.

٢- پاراستنی ئازادی وەك مەبەستێکی گشتی مرۆڤ بوون.. لە نێوان

کەتوار و دەقدا: پ.ی.د. هێمن عەزیز برایم.

٣- تأصيل مقصد الحرية بالكتاب والسنة: د. حسن محمد إبراهيم.

٤- الحرية الفكرية في العصر النبوي وأثرها على الواقع الاجتماعي: أ.م.د. عبد الستار جاسم محمد.

٥- الحرية الدينية بين اشكالية التقييد والإطلاق: د. مهدي قادر أحمد.

٦- حرية المعتقد وإشكالية قتل المرتد.. دراسة أصولية مقاصدية: د. بختيار نجم الدين.

٧- حرية المعتقد من المنظور الإسلامي: د. كامل عزيز عبد الله.

٨- تێروانین بۆ چەمکی ئازادی لە ڕوانگەی مەبەستەکانی شەریعەتەوە ـ ئازادی ئایینی وەك نموونە: حەکیم ئەبوبەکر عەلی.

٩- أسباب الغلو في فهم الدين وعلاجه في الشريعة والقانون: أ.د. جواد فقي علي.

١٠- دراسة و تحليل للاسباب و العلاج: أ.م.د. ناهدة عبد الغني محمد

١١- حرية المعتقد بين الرحمة الإلهية والوحشية اللاإنسانية (تنظيمي القاعدة وداعش نموذجا)، أ.م.د. مريم خضر عبد العظيم.

١٢- إقليم كردستان وعوائق ممارسة تقرير المصير: د. فيصل صادق توفيق.

١٣- إجحاف المجتمع المرأة باسم الإسلام: أ.د. جمال محمد باجلان.

١٤- مافی ژنان لە بەگژاچوونەوەی هەوێ بەسەرهاتندا: د. عبد الفتاح حسين سليمان.

١٥- أسباب ضياع حقوق المرأة، د. ناصح فتاح نصر الله.

١٦- فیمینیزمی ئیسلامی: هەماهەنگە یان ڕێگرە بۆ یەکسانی جێندەری و پێدانی مافی ئازادی بۆ ژنان؟: ناسکە سعید خدر.

لە کۆنگرەکەدا توێژینەوەکان بە ئازادی پێشکەش کران و، بە ئازادیش گفتوگۆی لەسەر کران و، هەندێکیان ڕەخنەی قورسیشیان لێگیرا و، هەموو لایەك بە سنگفراوانی و زانستیی تاووتوێی بابەتەکانیان کرد.

شایانی باسە لە ئاهەنگی کۆتایی کۆنگرەدا، خەڵاتی ڕێزلێنان پێشکەش بە خانەوادەی مامۆستا نەشئەت کرا.

دوای تەواو بوونی کۆنگرە، بەشداربووان گەیشتنە چەند ئەنجام و ڕاسپاردەیەك:

• ئیسلام بە ڕاشکاوی ئازادیە ئایینیەکان دەچەسپێنێت و، ئایەتەکانی قورئان، کە بنەمادۆزیی بۆ ئەم ئازادیە دەکەن، ئایەتی موحکەمن و دەلالەتەکەیان دەمێنێتەوە تا ڕۆژی دووایی.

• سەرپشکیی مەرجە بۆ قبوولکردنی باوەڕ لە هەموو حاڵێکدا، قورئانیش بەراشکاوی سزای هەڵگەڕاوەی بە سزایەکی قیامەتی داناوە، نەك دونیایی. بێباوەڕیش لەبەر بێباوەڕییەکەی ناکوژرێت، بەڵکو لەبەر شەڕکردن و دژایەتیکردنی ئایین.

• مەبەستی ئازادی یەکێکە لە مەبەستە زەرورییەکانی شەریعەت، لەو ڕووەوە کە بنچینەیە بۆ هەر پێنجیان و، مەرجێکە لە مەرجەکانی هاتنەکایەیانەوە.

• ئازادیی هەڵبژاردنی ئەو ئایینەی کە مرۆڤەکان حەزی پێدەکەن و، دەربڕینی و پیادەکردنی یەکێکە لە بڕیاردراوەکان لە ئیسلامدا.

• ئازادیی ئایینی پلەیەکی بەرزی هەیە لە ئیسلامدا و، بە چەند دەقێکی ڕوون لە قورئان و فەرموودەدا چەسپاوە بۆ هەمووان، لەگەڵ ڕێزگرتن بۆ شوێنی پەرستشی هەموو ئایینەکان.

• هەموو لایەنە فیکرییەکان لە کۆمەڵگای ئیسلامدا دەتوانن سوود وەرگرن لە چاخی زێڕینی پێغەمبەر ﷺ، کە بەتەواوی ئازادیی فیکری بەرجەستە بووە بە هەموو شێوەکانی.

• هەموو تاکێك مافی بیرکردنەوە و ڕادەربڕینی هەیە و، مافی خۆیەتی بە ئاشکرا دژایەتی ستەم و زۆرداریی بکات.

• دووورکەوتنەوە لە یاسا و دەقەکانی ئیسلامی ڕاستەقینە ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ هاتنە ناوەوەی ڕەفتار و عادەتی نامۆ و نادروست، بە تایبەت لە پرسی ئافرەتدا، ناکرێ ئەمانە تێکەڵ بکرێن لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا.

• ژن و پیاو لە ڕووی بەهای مرۆڤایەتیەوە لە ئیسلامدا هاوتان و، ئەرك و مافەکانیشیان لەسەر ئەو بنەمایە بۆ دانراوە.

### ڕاسپاردەکان:

• بەستنی کۆنگرە و دیداری زانستیی دەربارەی فیکری ئیسلامیی میانڕەو، بە شێوەیەکی دەوری، لە دەزگا زانستیی و فەرمانگە میرییەکاندا.

• کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ پێشنوێژ و وتارخوێنان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە (وەزارەتی ئەوقاف – یەکێتی زانایانی ئیسلامی).

• پشتگیری ئەو ناوەندە توێژینەوانەی کە گرنگی دەدەن ڕوماڵکردن و وەڵامدانەوەی بیر و بۆچوونە تێکدەرەکان لەلایەنی فیکریی و ئەخلاقیەوە، بۆناساندنی خەڵکی بەهەڵسوکەوتە درندەکانیان کە بۆتە هۆی ناشرینکردنی ئیسلام. هەروەها ڕوونکردنەوەی وێنە ڕاستەقینەکەی ئیسلام، لە ڕێگەی بەشدارکردنی مامۆستایانی ئایینی و زانایان و دانایان.

• چاوخشاندنەوە بە پەیامی ڕاگەیاندن و، زەرورەتی بەکارهێنانی لە ڕوماڵکردنی توندڕەوی و، بەدیارخستنی مەنهەجی میانڕەوی.

• چاوخشاندنەوە بە کلتوری نووسراو و، ڕاڤەی هەندێك شەرعزانی ئیسلامیی پێشین کە بۆچوونی کەسیی و واقیعی خۆیانی تێدا بە هەند گیراوە. ڕاڤەکردنی دەقە ڕەسەنەکانی ئیسلام بەپێی پێشکەوتەکانی سەردەم سەرەتایەکی باشە بۆ تێگەیشتن لە چەمکە ئیسلامیەکان.

• زەرورەتی ڕێزگرتن لە پیرۆزیەکانی موسڵمانان و غەیری موسڵمان و، پارێزگاری کردن لە شوێنی پەرستنیان.

• دامەزراندنی لیژنەی تایبەت کە شارەزایانی بواری شەریعەت و یاسا و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ئابووریناسی لەخۆ گرتبێت، بە بەشداری کردنی پسپۆڕانی بواری ئاسایش و ڕاگەیاندن، بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی زێدەڕەویی و توندڕەوی لە کۆمەڵگادا، لەڕێی لێکۆڵینەوەی زانستیی و مەیدانی.

• زەرورەتی گرنگیدان بە مێژووی ئەو میللەتانەی هاتوونەتە ناو ئیسلامەوە، بە تایبەتی مێژووی میللەتی کورد، بۆ زانینی ڕووی ڕاستی زۆر لەو پرسانەی کە دوژمنانی ئیسلام هەوڵدەدەن تێکی بدەن و، ژەهرەکانیان لەڕێگەیەوە بڵاو بکەنەوە. میللەتی کورد میللەتێکی موسڵمانە و بە ویستی خۆی هاتۆتە ناو ئیسلامەوە بێ هیچ زۆرلێکردنێك.
هەروەها دانانی ئەو ڕاستیانە لەناو ئەو وانانەی پەیوەندیان بە مێژووی کوردەوە هەیە لە قۆناغەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا.

• پێویستە دامەزراوە پەروەردەییەکان گرنگیەکی زۆر بدەنە ئازادیی ڕادەربڕین لە پرۆگرامەکانیاندا و، لە هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ خوێندکاراندا.
پێویستیشە چەمکی ئازادی بە جوانی ڕوون بکرێتەوە، کە ئازادی مانای بەرەڵایی و ئازاردانی هەستی بەرامبەر ناگەیەنێت.

• حکومەت پێویستە هانی ئازادیی ڕادەربڕین بدات لەهەموو بوارەکاندا و، ئازادییەکان تەسك نەکاتەوە.

• گرنگیدان بە ژیاننامەی زانایانی کورد و هەڵوێستیان و فەتواکانیان و چوێنێتی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە لەسەردەمی خۆیاندا هەبووە.

# لە دەسەڵاتەکانی خوای پەروەردگار: میهرەبانی و پەروەردەکردن لە نێو گیاندارانا



## فیل:

گەر بێت و چاوێك بە هەڵسوکەوتی گیانداران بگێڕین دەبینین کە گیانداران زۆر لە هەندێك مرۆڤ میهرەبان و بەسۆزترن و، تەنانەت گرنگی دەدەن بە گیاندارانی نوقستان و پەککەوتە.

